سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوارشەممە ٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦ ژمارە ٣٤٨ ●

● الاربعاء ٢٩ كانون الاول ١٩٧٦ العدد ٣٤٨ ●

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

ئێمە بەهەموو هێزتکمانەوە دژی هەموو جۆرە دەس‌تێوەردانێکین کە لە دەرەوەی لوبنانەوە بکرێتە سەر کاروباری ، ئیتر سا لەژێر هەر ناوێکو هەر بیانوەیەکەوە بێ .

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

هاوڕێ صدام حسین :

لە کۆمەڵی سۆشیالیستی ئێمەدا جەوسانەوە نییە

هاوڕێ العیسمی و سەرۆکی فەرماندە لە لیکولینەوەکانی دیاری کردنی ئەنجامی مەشقی هێزە چەکدارەکانماندا بەشدار بوون

هاوڕێ شبلی العیسمی یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی‌ی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و بەرز سەرۆک کۆمارو فەرماندەی گشتی‌ی هێزی چەکدار موهیب احمد حسن البکر لە دوێنێو پێنجشەمە دیاری‌کردنی ئەنجامەکانی ئەو مەشقە سەربازیە زیندوەی هێزی چەکداری نەبەزمان لە ناوچەی بیابانی رۆژ ئاوادا لە بەینی پێنج تا نۆی مانگی تشرینی دووەمی رابوردو کردویەتی .. هەروەها لەو تێتوگۆیەدا فەریقی یەکەمی روان صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و بەرزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی فوتری حزب و بەرزان وەزیرەکان و سەروکی ئەرکانی گشتی و ئەفسەرە ئەوەرەکانی هێزی چەکدار تیا بەشداربون لە تێتوگۆکەدا سەبارەت ئەو مەشقە سەربازیە زیندوەی ناڤمە جەنگاوەرەکانی دروع و هێزی ئاسمان و ئۆب و ساروخ تیا بەشداری کردو ، ئەیشتونە ئەو ئەنجامەی کە هێزی چەکداری نەبەزمان وزەو توانای جەنگاوەریەکی بەهێزی هەیە و جەنگاوەرانمان گیانی لەخۆبوردن و فوربانیدانێکی ئەوەرەیان تیا ئەبینرێت ، هەروەک بەو مەشق کردنەدا دەرکەوتوە هێزی چەکدارمان بەمرۆ لەهەمو کاتێ زیاتر سورە

بروانە ل ٦

سەرۆکی فەرماندە : ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستیمان بە زۆرمان بەیەکگرتن و بەگژا چوونی پیلانەکان هەیە

سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر ووتی : ئەتەوەی ئێمە بەردەوام رەسەنی و زیندویی خوی دەوپات کردۆتەوە ، کاتی کە سەرجەمی مرۆڤایەتی خستە سەر ، راستە شەقامی خێرو ئاشتی‌یەوە هەر لە کۆنەوە خاکەکەی خۆیشی کردوە بە خاکی خۆشەویستی و برایەتی هەروا باس ئەکرێ کە کاروباری پێشکەوتنخوازی‌یە ، ئەویش بە پێوانەی نیسبی چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابوری‌یەکانی ئەو ڕێبازە هەموو ئاین و ڕێبازەکان ، لەسەر بنچینەی جوانترین شێوەی راستو دروستی ئەتەوایەتی .

سەرۆکی بەرێز ئەوەیشی لە پیرۆزبایکا ساغ کردۆتەوە کە بە بۆنەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی تازەی هیجری و کریسمس و زایینەوە ، بڵاو کرایەوە ، ئەمەیش دەقی نامەکەی سەرۆکی بەرێزە :

هاوولاتیە ئازیزەکان :

حەز ئەکەم بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ساڵی تازەی هیجری و کریسمس و زایینەوە پیرۆزبایی‌یەکانی خۆشترین بیرۆزباییەتان بدەم ناوانە خوازم هەمو ڕێکتان هەر کامەرانی و خۆشەویستی بێت .

ئەتەوەی عەرەبمان ، بەردەوام رەسەنایەتی و ئارەمەیی خۆی ساغ کردۆتەوە ، ئانی کە سەرجەمی مرۆڤایەتی کردەوە : ئێمە ئەوەندەکی زۆرمان بەوە هەیە کە شوێن پێی هەلوێستە چاکەکانی ئەتەوەکەمان و پەیامە پیرۆزەکەی بکەوین .

ئەمەیش دەقی نامەکەی سەرۆکی بەرێزە :

هاوولاتیە ئازیزەکان :

حەز ئەکەم بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ساڵی تازەی هیجری و کریسمس و زایینەوە ، ئەوە خۆشترین پیرۆزباییەتان بدەم ناوانە خوازم هەمو ڕێکتان هەر کامەرانی و خۆشەویستی بێت .

ئەتەوەی عەرەبمان ، بەردەوام رەسەنایەتی و ئارەمەیی خۆی ساغ کردۆتەوە ، ئانی کە سەرجەمی مرۆڤایەتی خستۆتە سەر ، راستە شەقامی خێرو ئاشتی ، ئەم خاکەی خۆشی کردوە بە مەلەندی خۆشەویستی و هاوسانی‌ی ئاین و ڕیبازەکان لە جوانترین شێوەی راستو دروستی بەجای ئەتەوایەتی‌دا .

ڕۆئەکانم : ئێمە کاتێ یادی ئەو بەهابەرزانە ئەکەینەوە ، لە هەمان کاتا یادی دەرسەکانی لە خۆ بوردن و حەق پەروەری خەباتی بزوتنەوەو بروای مان بە توانای مرۆڤی عەرەب و کۆششە پر لە بەخششەکانی ئەکەینەوە ، لە پێناوی بروادا وە بو وەستان دژی هەمو جۆرە هەوڵێکی نا لە بارەی وا کە مەبەستی پێکانی یەکگرتنی

بروانە ل ٦

سەروتار :

ساڵێکی نوێو باوەڕێکی پتەو بەپاشەروز

بە بۆنەی ساڵی نوێی کۆچی و جەژنەکانی لەدایک بوون و ساڵی نوێوە ، باوکی فەرماندە سەرۆک احمد حسن البکر نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی رەوتەکانی گەل کرد کە تییدا ئاواتو هیوای ئەوەی دەربڕی بو خوشی و بەختیاریان و پتەوترو بەهێزتر بونیان لەسەر ریبازی ئەو برایەتیە راستەو ئەو یەکیەتیە چەسپاوەی کە ڕەتەکەمانی تیدا ئەژی لەژێر سیبەری شورشە مەزنەکەی، شورشی حەفدەی تەموزدا .

داهاتنی ساڵی نوێی کۆچی و جەژنەکانی لەدایک بوون و ساڵی تازە مایەی خوشی و بەختەوەریە لەدڵی هەموماندا چونکە ئەم جەژنانە مژدەهینەری ساڵێکی نوێن کە تییدا کومەڵانی خەڵکمان بەردەوام دەبن لەتێکوشان و خوراگرتن‌دا بەرەو پتەوکردنی جێ‌پێیەکانی شورش و پوختەتر کردنی دەستکەوتە پیشکەوتەکانی و ئاوەڵە کردنەوەی ئاسۆی تازە لەبەر ڕیبازی ئەرکە نیشتمانی و سۆشیالیستیەکاندا بەرەوبنیاتنانی عیراقیکی بەختەوەری گەشەکردو .

لەم بۆنەیەدا کە وروژینەری خاوێنترین هەست و جوانترین ویژەی خوشەویستی مرۆڤانەو ئیمانی یەکیەتی و هاریکاریە لە دڵی ئادەمیزاددا ، زۆر جێی خویەتی ئەو مانا پرترخانەی کە لە نامەکەی باوکی فەرماندە بۆ هاوولاتیەکانی رۆڵەی دان‌پێ‌دانو ئاوانە مەزنانەی کە دەری بڕیوە تیدا کە ئەم ساڵی نوێیە ببێتە ساڵیکی پر لە کردارو سەرکەوتن ، بۆمان ببێتە ئیلهام بەخش .

شۆڕشی حەفدەی تەموز کە عیراقی کردە پێشرەوی ئەو دەولەتە پیشکەوتنخوازانەی کە ئێستە کوشن بۆ پشتگیری کردنی گەلان ، توانیویەتی بنافەیەکی پتەوو چەسپاو بۆیەکیەتی ڕۆڵەکانی گەل بێنێتەدی و کیانی برایەتی و تیکوشانیان لە نێواندا جێگیر بکات بەدەستکەوتی ئابووری و سیاسی گەورەو ژمارەیەکی زۆر یاسای دیموکراتیانە کە لە پیش هەمویانەوە یاسای ئۆتۆنۆمی دێتە بەرچاو ، ئەو یاسایەی کە تواناکانی جەماوەری بەربەرەڵا کردوو پاڵی پێوەنا بەرەو بنیاتنانی نیشتمانەکەی .

شورشی حەفدەی تەموز چونکە شورشێکی رەسەن و راستەقینەیە ، بوەتە خەتەرێکی راستەقینە لەسەر بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و زایونیزم و ئەو رژیمە کۆنە پەرستانەی کە دەستیان لەگەڵیاندا تیکەڵاوە دژی ئامانج و تیکۆشانی جەماوەر ، ئەم راستیەش بوەتە هاندەری ئیمپریالیزم و هاوبەیمانەکانی کە هێزی خویان لە یەک بدەن و بکەونە شێوەی جوراوجوری تین خستنە سەرو پیلان گێڕان دژی شورشەکەمان ، تا گوایە بەم

ـ هاوکاری ـ

بروانە ل : ١١

بانگ هێشتنی ئەمریکا بۆ باسی سازکردنێکی خۆبە دەستەوە دەرانی سەرەک وەزیرانی بەردەن پاش وتوویژەکانی لە دمشق گەڕایەوە ولاتی خۆی

بیروت ـ ٢٧ ـ ئاژانسەکان : ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ڕەمارەیەک لە لێپرساوە عەرەبەکانی بانگ کردوە کە لە سەرەتای ئازاری داهاتوەوە سەر لە واشنتۆن بدەن بۆ باسی شتێک کە وێدەچێ پێوەندی بە مەسەلەی سات و سەودای نێوان زایۆنی دوژمن و هێندێک ڕژێمی عەرەبیەوە هەبێ .

ڕۆژنامەی « الانوار »ی بیروت لە زمانی دیپلوماسیەکی عەرەبەوە لە قاهیرە نوسیویەتی ئەم بانگکردنە بۆ ئەمیر فهد بن عبدالعزیز وەلی عەهدی سعودی و جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری دەرەوەی میسرو ڕژێمی سوریا ئیردراوە لەوانەیە لوبنانیش بانگ کراین .

هەروەها گوتویەتی حکومەتی واشنتۆن دوای ئەوەی وتوویژەکانی لەگەڵ ولاتە عەرەبیەکانی لایەنگری سازکردن تەواو کرد ، وەزیری دەرەوەی دوژمنی زایونیست داوا دەکا بۆ دەست پێکردنی ئەوەی ناوی چارەسەری تەنگ و چەلەمەی ناوچەی عەرەبی .

مەروەها دەلی کە ئەم قوناخی راوێژکاریە لەوانەیە هەتا تەموزی داهاتو بخایەنێ .

ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا هاوکاتی هەوڵو تەقەلایەکی زۆرە کە ڕژێمەکانی سازکردن دەیدەن پێچکە لە هەوڵو تەقەلای هێندێک لایەنی ناودەولەتان بۆ بەستنی کۆنفرانسی جنیف بە مەبەستی ڕامالینی مەسەلەی فەلەستین .

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی « السیاسة » چاپی کویت ئەمڕۆ نوسیویەتی دوکتور کورت فالد هایم سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان خستۆتە سەر ، راستە شەقامی خێرو ئاشتی ، ئەم خاکەی خۆشی کردوە بە مەلەندی خۆشەویستی و هاوسانی‌ی ئاین و ڕیبازەکان لە جوانترین شێوەی راستو دروستی بەجای ئەتەوایەتی‌دا .

ڕۆئەکانم : ئێمە کاتێ یادی ئەو بەهابەرزانە ئەکەینەوە ، لە هەمان کاتا یادی دەرسەکانی لە خۆ بوردن و حەق پەروەری خەباتی بزوتنەوەو بروای مان بە توانای مرۆڤی عەرەب و کۆششە پر لە بەخششەکانی ئەکەینەوە ، لە پێناوی بروادا وە بو وەستان دژی هەمو جۆرە هەوڵێکی نا لە بارەی وا کە مەبەستی پێکانی یەکگرتنی

بروانە ل ٦

عرفات ئامادەیی بەشدار بونی کۆنگرەی جنیف ئاشکرا ئەکا

قاهیرە : ٢٧ ـ ئا.د.ف : یاسر عرفاتی سەرۆکی لیژنەی ڕاپەراندنی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین وتویە: کە ئەو بە دامەزراندنی دەولەتێکی فەلەستینی قایلەو ئامادەیە ئەگەر بانگکرا بۆ بۆ کونگرەی جنیف .

عرفات لە دوانێکدا کە ڕۆژنامەی (الجمهوریە)ی قاهیرەیی بڵاوی کردۆتەوە وتویە : بریاری ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستین بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی لەسەر هەر بەشێکی رزگارکراوی خاکی فەلەستین هەمو دنیا ئەیزانێ، ئیتر چۆن سوود لە مافی خۆمان نەبینین بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی فەلەستینی لە کاتێکدا هەموو دنیا دان بەم مافەماندا ئەنێ .

مەلیکی ئەردەن چاوی بە جعبری گەوتوە

عەمان ـ ٢٧ ـ ی.ب ، ئا.د.ع ئەمڕۆ لە عمان مەلیک حسین پادشای ئەردەن پێشوازی لە جعبری سەرۆکی شارەوانی پێشوی خەلیل کردوە .

جعبری ماوەیەک لەمەوبەر گەیشتووتە عمان و ئەوە یەکەم سەردانیەتی لە دوای دەستدرێژیەکەی حوزەیرانی ١٩٦٧ .

وەک دەزانین جعبری یەکێکە لەوکەسانەی کە پاش دەستدرێژیەکەی حوزەیران هاوکاری کاربەدەستانی زایۆنی دوژمنیان دەکرد .

وەزیری ڕاگەیاندن چاوی بە دکتور محمد الفرە گەوتوە

دوێنی نیوەڕۆ مامۆستا طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن چاوی گەوتوە بە محمد الفرە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی جامعەی ولاتە عەرەبەکان بۆ کاروباری فەلەستین ، لەم چاوپێکەوتنەدا باسی ئەو کاروبارانە کرا کە پەیوەندیان بە پەروەردەی فەلەستینیەوەو مەسەلەی پشتگیری کردنی کاروباری پەروەردەیی لە خاکی زەوت کراوی عەرەبدا هەیە ، لەم چاوپێکەوتنەدا بەرێز طە یاسین حسن جێگری وەزارەت ئامادە بوو .

ئەوەی شایانی باسە سەردانەکەی دوکتور الفرە لە چوار چێوەی گەشتەکەیایەتی لە چەند ولاتێکی عەرەبدا بۆ تێگەیشتنی بیروڕای کاربەدەستانی ئەو ولاتانە سەبارەت بالپشت گرتنی کاروباری پەروەردە کردن لە خاکی زەوت کراودا .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەرێز صدام حسین دا : دەستکانی کۆڕی بزوتنەوەی هەروەزکاری وەستانیان دژی نەخشەکانی ئیمپریالیزم ئەسەلمێنن ..

لەوانەی لە کۆڕی لیکولینەوەی واقیعی بزوتنەوەی هەروەزکاری ولاندا بەشداریان کردوە ، یەک دەست وەستانی خۆیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستان لە ناوچەی عەرەبی‌دا سەلماندوە .

ئەمەش ئەو بروسکەدایە کە دوێنێ بەشدارەکانی ئەو کۆڕە ئاراستەی سەروکی فەرماندە بەرێز احمد حسن البکرو بەرێز صدام حسین یان کردوە :

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

بەرێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر

بەرێز صدام حسینی تکۆشەر

ئەوانەی لەو کۆڕەدا بەشداریان کردوە کە لە سایەی دروشمی (بەرەو پەرەپێدانی تێکڕایی بزوتنەوەی هەروەزکاری لە عیراقدا) بەستراوە ، پەیمانتان ئەدەنێ کە بەپێی ئاراستەو ئامۆژگاریتان بەرەو پێشەوە بڕۆن و ئەیسەلمێنن ئەم وتوویژکردنە دیموکراتیانە ئەبێتە هوی گەیاندنی دەزگاکان بە ڕێگای راستی خوی تا لە پلەی لێپرسینەوەو لە پلەی ئاوات و خواستەکانی حزب و شۆڕشدا بن لە پێناوی سوود وەرگرتن لە هەموو وەختو توانایەک بەرەو قازانجی خێرایی کردن لە کاروباری ئۆڕانە سۆشیالیزمەکاندا .

بۆ بەرێزتانی ئەسەلمێنین کە ئێمە یەک دەست ڕانەوەستین ، بۆ لێدانی ئەوانەی یاری بە چارەنووسی ئەتەوەکەمان ئەکەن ، لە هەستوڕتنەرانی ئەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزم کە ئەیانەوێ کیانی شۆڕش لە سینەی تێکوشەرەکانی ئیمە بەهەموو هێزتکمانەوە دژی هەموو جۆرە دەس‌تێوەردانێکین کە لە دەرەوەی لوبنانەوە بکرێتە سەر کاروباری ، ئیتر سا لەژێر هەر ناوێکو هەر بیانوەیەکەوە بێ .

Institut kurde de Paris

راپۆرتی سیاسی :

شۆڕش .. پەردەکان .. زۆرانبازی

نوسەری سیاسی هاوکاری ئەنێ :

ئەو رژیمانەی بە دوای ساز کردن « تعمیر » لە هەلپەدان ، بو تامادەکردنی هەووستی • ڕێخۆشکردن بو گرتنی کونفرانسی جنیف کە بریارە لە ماوەی سێ مانگدا بەبەسەرێ بو باس و خواس کردن لەبارەی ناوچەکەوە لە بەر روشنایی بریاری ژمارە (٢٤٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە دوابەدوای جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ دەرکراو بریاری ژمارە ٣٣٨ کە دوابەدوای جەنگی تشرینی ٩٧٣ دەرکرا ، تا ئەو کونفرانسە ، لەبەر تیشکی ئەو دوو بریارە ، پاشەڕۆژی ناوچەکە دیاری بکات بە جورێك کە « سەورێکی هیمن » بو دوژمنی زایونی هەبێ لەبەر بکات و لەمیش دەورێکی کاریگەرتر لە بەجێهێنانی ئەخشەی پیلانگێرانەی ئیمپریالیستی دا دژی جەماوەرو ئەلەکەمان ببینێ •

بەهەرلایەکا بە وردی سەیری جەمسەری ئەو بارو بوارە بکەین کە دوابەدوای جەنگەکانی تشرینی ١٩٧٣ هاتە کایەوە ، بەباشی دەستی ئەو رژیمانەمان بو دێتەروو کە هەر لە باس و خواسی سازکردنداو هەمیشە دەستیان روەو ئاسمان کردوەتەوە کە هەرچی زووترە کونفرانسی جنیف ، واتە کونفرانسی خۆ بەدەستەوەدان و شانخەواندن ، بەبەسترێ • ئەم رژیمانە لە هەمو کارو کردارێکیاندا ئەوەیان نیشانداوە کە چەند بە تەنگەوەن ڕێو شوێنی زەمینەیەکی ساز بو بەستنی ئەم کونفرانسە بهێننەدی ، ئەوەبو لە سەرەتادا دەستیان کرد بە موناوەرەو وەرەاکردن و چەواشەکردنی خەلك لەژێر پەردەی دروشمی مافەکانی گەلی فەلەستینداو بۆ ئەوەی مانایەکی وردی ئەوتۆ بو ئەم دروشمە دابنێن کە مسۆگەرکەری تەواوی مافەکانی ئەو گەلەبێ لە خاکی داگیرکراویداو مافی گەڕانەوەی بو ڕێوجێی خوی تیدا دەربخرێ ، ئەو جگەرسۆزیە جیهانیەی کە لە گەل مەسەلەی ئەم گەلەدا نیشاندرا لەلایەن ئەم رژیمانەوە بە ئەنقەست وا بەناو هێنرا ئەنها کە بیتە بارسەنگێکی قورسی ئامانجە خۆبەدەستەوەدەرانە تەسکەکانی خۆیان کە دوورن لە بەرژەوەندی گەلی فەلەستینو گەرانەوەی بو خاك و ولاتی خوی و تێکوشانی دوورەمەودای جەماوەراتی خەلك بو لەناوبردنی بنکەی دەستدرێژی و پیلانگێرانو لەرەگ دەرکردنی تۆوی خرابەو پیسی کە ئیمپریالیزمی جیهان لە خاکەکەماندا چاندویەتی بەوەی کە بو زایونیزمی جیهانی ، لەسەر خاکی فەلەستین ، بناغەی دەولەتێکی دامەزراندوە • ئەو رژیمانەی بەدوای چارەسازکردن و نقتوتوکردنی ژیر دەواری جنیف لە گەل دوژمنی زایونیدا تەوتوژەتە لۆقە ، لەم ماوەیەدا سیاسەتی جوراوجۆریان گرتوەتەبەر ، هەندێجار وایان دەرخستوە کە ئاکوکیان لەنێواندا هەیەو کەوتونەتە مشتو ، هەندی جاریش ئوایە لەگەل یەکدا زیزن و لەیەك لالوون ، ئەم هەمو چاووراوەش تەنها بۆ ئەوەی بەردنگاری سیاسەتەکانیان نەختی خاوەوبکەن و خەلکیش رابهێنن بوشانخەواندن بو کونفرانسی جنیف ، وەکو ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی تر ، جگە لەمە ، نەبێت کە لەمل ملانێو زورانبازی لەگەل دوژمنی زایونیدا بیانهێنێتەدەر ، بەلام ئەم بەندوباوە هیچ سەری نەگرت ، وە ئەم رژیمانە دەبو هەر لە گەل ئیرادەو خواستی جەماوەردا بەگشتیو ، خواست و ئیرادەی پیشرەوە جەنگاوەرەکانیدا بەتایبەتی ، بدەن بەیەکدا • کام خواست و ئیرادە ؟ ئەو خواست و ئیرادەیەی کە تەنها لوولەی تفەنگی هەلیژاردوە بو رزگارکردنی خاکی داگیرکراو (فەلەستین) • ئەم رژیمانە پاش ئەوەی نەیانتوانی ئەو ئیرادەو خواستە خیرخوایانەیە بەفیڵو هەڕەشەو گورەشە هەلتەکێنن ، هاتنە سەر فیتدان و شەرنانەوەو بە گژی یەکدا کردنی هێزە جەنگاوەرەکان تا بەو جۆرە ئالای یەکگرتویان لە شەکانەوە بخات و شرووڕی بکات ، دوا بەدوای ئەمەش ، هاتنە سەر شێوەی سەرکوتکردن و لەناوبردن وەکو ئەوەی لە هیرشی سوریا بو سەر فەلەستینیەکان لە لوبنانداا دەرکەوت تا دەرچونیان بەرەو خاکی فەلەستین پاش ئەوەی لە بنکە دەرچونیان بەرەو خاکی فەلەستینی پاش ئەوەی لە بنکە سروشتیەکان لە سوریاو ئەردەنداا ئابلوقەدران و لەناوبران •

ئەو کارەساتە خونناویەی کە هێزە جەنگاوەرەکانی گەلی فەلەستین لە ئەردەن و سوریاو لەپاشان لە لوبنانداا بەرەنگاری بوون ، ئیتر هیچ پەردەو پیچەیەکی بەسەردا نەماوەو بەباشی ئاشکرا بوە ، چونکە ئیستاو ئەوساش لە چوارچێوەی پیلانە ئەوەرەگەی دژ بە مەسەلەی فەلەستین بەدەر نەبوەو نیە ، و بەهەمان دەستی کوشندە لە ئەردەن و سوریاو لوبنان بەجێهێنراوەو بەجێ نەهێنرێ ، و ئیستاو ئەوجاش هەردەستی ئەو رژیمانەی بە پشتەوەیەو بە پشتەوەبوە کە تا ئەوقی سەر لە هەلپەکردنداا بۆ بەدی هێنانی چارەسازکردنی خۆبەدەستەوە دەرانە ئوقم بوون و بەمالو بە پشتگیری کردنی سیاسی هەر ئەو رژیمانە خویان کراوە کە بەسترانو بە پێچکەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە کە هەر لە ئەخشەکیشاندایە بۆ سەپاندنی خۆبەدەستەوەدان بەسەر جەماوەراندا •

ئەو وێنە تاریکە تەجروبەو کێشانی نالو نفت کە گەلی فەلەستینمانی لە چوارچێوەدا ژیاوە هەرگیز

بروانە ل ٧

لە کۆبونەوەکەی ئوپیکدا :

هەلویستی هەندیك لە پیلانەکانی ئیمپریالیزم

ڕوزی هەینی رابردو کونفرانسی چل و هەشتەمی وەزیرانی ڕێکخراوی ولاتانی (ئۆپێك) لە دوحە کاروباری خۆی کۆتایی پێهێنا کە لەوێدا نرخی نەوتی ئوپێك دەسکاری کراو لە ١٩٧٧/١/١ ەوە ١٠٪ و لە ١٩٧٧/٦/١ ەوە ٥٪ ی تری بۆزیاد کرا واتە تێکرای زیادکردنی سالانەی بو ساڵی ١٩٧٧ بو بە ١٢/٥ ٪ •

هەرچەند ئەو زیادەبە جگای ئەو زەرەرو زیانە پر ناگاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو ئاوسانەی دەولەتە سەرمایەداریە پیشەسازیەکان ناردویانەتە ئەم ولاتانە ، توشی داهاتی نەوتی ئوپێك بوە چونکە نرخی ئەو ئاوسانە لە ٢٦٪ زیاترە .. بەلام لەگەل ئەوەشدا بە بەراورد لەگەل زەختو مناورەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و دەزگای جیهانی وزەو بە بەراورد لەگەل مناورەکانی ناوەوەی ئوپێك کە وەفدی سعودی سەرکردایەتی دەکرد بو وەستاندنی نرخەکان سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێ •

لیدوانی دەولەتە سەرمایەداریە پیشەسازیەکان بابەتی ئەو دەورە بەرجاوە دەکا کە وەفدی سعودی کردی بو وەستاندنی نرخەکانو هێشتنەوەی سیاسەتی زیان گەیاندن بە ولاتانی ئوپێك لە لایەن دەولەتە ئیمپریالیستیەکانەوە . روژنامەکانی بەریتانیا هەلویستی سعودی یان بە هەلویستێکی « بارو هاندەر » ناو بردو روژنامەی (دەیلی ئیکسپریس) ی بەریتانیا نوسی سعودی « دیاری کۆتایی ساڵی پێشکەش بە دەولەتانی روژئاوا کرد » !! هەروەها روژنامەی (دەیلی میرۆر)ی بەریتانیا نوسی « دەبێ خاوەن ترومبیل و کارخانەداره‌کانی بریتانیا بەوهەلویستەی سعودی خۆشحال بن » •

لەلایەکی ترەوە روژنامەی فاینانشل تایمز نوسیویەتی « هەلویستی سعودی و ئەمارەتەعەرەبیە یەکگرتوەکان بو دامو دەزگا تایبەتیەکانی بەریتانیا شتێکی لەنەکاو بو » • ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسەش روونی کردەوە کە دەولەتە پیشەسازیەکان و بەتایبەتی ولاتە یەکگرتوەکان زۆر بە خۆشحالیەوە بریاری سعودی یان لەبارەوە وەرگرتو هەردوك سەرکۆماری ئیستاو هەلبژێردراوی ئەمریکا خۆشحالی خۆیان لەوبارەیە دەربری .. !!

ئەو مناورەیەی سعودی لەناو ڕێکخراوی ئوپێك داو پاشان دەرچونی لە بریاری گورەی ولاتانی ئوپێك بەشێکە لە ئەخشەی پیمپریالیزمو زایۆنیزم بۆ لەبەریەکهەلوەشاندنی ئوپێك کە توانیویەتی بەرەنگاری موتوبۆلە بێگانەکان و دەولەتە ئیمپریالیستەکانیان ببێتەوە . وا دەردەکەوێ کە سعودی بە هەمو جۆر هەوڵ دەدا کەلك لە دەرفەتی ناکۆکی لەگەل زوربەی ئەندامانی ئوپێك وەرگرێ و ئەوەندی بۆی بکرێ زیاتر ئەوتی خاو بەرهەم بێنێ بۆ ئەوەی نەوتێکی زیادی بخاتە بازاری جیهانیەوەو نرخەکانی بێ بێنێتە خوار .

وەك ئاشکرایە هەلویستی سعودی بە تەواوی لە گەل هەلویستی ئاژانسی جیهانی وزەدا ڕێك دەگەوێ ، ئەوەهەلویستە ئومانیکراوە کە ئەمریکا سەرکردەیەتی دەکات• لەکاتیکدا ئەم ئاژانسە هەوڵ دەدا بۆ تەکنیکی کردنی بەکارهێنانی نەوت بۆ ئەوەی زیان بە ولاتانی ئوپێك بگەیەنێ سعودیش لەبەرامبەردا هەوڵ دەدا بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوتی خۆی •

هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم هەلویستەی زیانێکی گەورە لە ولاتانو قازانجی گەلانی ئوپێك دەدا بۆ نەوتی عەرەب وەك جەکێك لە شەڕی نەتەوەی عەرەب دژی دوژمنەکانیداا بەکار نەهێنرێ ، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە هەمو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی نیشتمانی عەرەب نەخشەو وپیلانەکانی ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی لەناو بدەن کە دەیانەوێ هەمو سامانەکانی عەرەب بخزێنە ژێر دەسەلات و تالانیەتی ئیمپریالیستەکانو بەتایبەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا •

یونسکو :

لە نیوان لوژیکی ئەم جەرخەو شێوەی بەربەستیدا

ڕێکخراوی یەروەردەو زانستیو رۆشنبیری ، کەوتوتە بەرهێرشێکی خەستی دەزگاکانی راگەیاندنی روژئاوای ئیمپریالیزمانە ، ئەمەیش ، هەروەك ڕێکخراوەکانی تری سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان ، بەو بیانوەوە ، گوایە زوربەی زۆری ولاتە تازە پێگەیشتوەکانو تازە سەربەخۆکانی دەستیان بەسەر ئەم ڕێکخراوانەدا ئاڕتوە ، هیرشە راگەیاندنە بروبانگەندیەکانی بەرەو هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارو راسپاردانە ئەرێن کە ئەم ڕێکخراوە جیهانیە داونی تا لەو ناودرۆکە ئیجابیەی خۆی بەتانی کەنەوە ، کە دژبە هەموو شێوەو دیاردەیەکی فاسستیو ئیمپریالیزمو چەوساندنەوەو زۆرداری و رەگەزپەرستی یە •

ئەو دەورەیەکاری لە عەسکەری یەکانی وەك بارەیەك لە بێناوی چەسپاندنی بەرنامەی رۆشنبیری و فێرکردنو پەروەردەی دەسکردو لەدەرەوە هینراو لە جیاتی رۆشنبیری کەلانو شارستانیەتیان ، کە ئەم کارە روخاندنی راستەوخۆی دەسکەوتەکانی ولاتانی تازە پی گەیشتوو ئاشتیخوازەو سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئەو بنەڕەتەیە کە ولاتە ئیمپریالیزمەکان خۆیان نەبەستەوە بەرێکەوتنە جیهانیەکانەوە لەم ڕووەوە لەسەر ئەم بنەڕەتەش ئەم ڕێکخراوە هاتەکایەوە •

ئێگەشتنی گەورەی مرۆڤایەتی لە ڕێکخراوی ڕۆنسکودا کە لە دامەزراندنیەوە خستویەتیە بەستۆی خۆی مانای بەردەوامی کاروباری یەتی کە بەتێکوشان دری زورداری ئیمپریالیزمەوە بەرامبەر بە ئەلان بەسترا وە کە باوەر ئەخاتە سەر چەسپاندنی بەرنامەی رۆشنبیری و فێر کردنی خۆی تا جێگای رۆشنبیری و بەرنامەی فێرکردنی ئەوان بگرێتەوە •

دیسان مانای بەردەوامی خەباتو تێکوشانە دژی داگیرکاری رەگەزپەرستانەی ئیمپریالیزم ، کە ئەمە وای کردوە ئەم ڕێکخراوە هەمیشە لە لایەن داگیرکەرەکانەوە هێرشی بکرێتەسەر تا بتوانن ئەو روونا کی یە وریا کەرەوەی بکوژێنەوە کە ئەتوانێ تاریکی پیلانو دەسیسەکانی ئەوان بڕەوێنێتەوە ، لەمەش مەبەستیان بی شیل کردنی ئامانجی گەلانە لە شۆڕش و رایەڕینە کانیانا •

داگیرکەران ، لە ماوەی تاقی کردنەوەی دوورو درێژیانا کە گەلانیان چەوساندۆتەوە ، ئەوە گەیشتون کە ترسناك ترین چەك ئاراستەی سەرستنیان بکرێ ، شەخسیەتی نیشتمانی و رۆشنبیری نیشتمانیە ، مانەوەی باوەری دەست بەسەراگرتن و دەستڕۆیشتن ، بەسترا وە بە توانای ئیمپریالیزمەوە لە ڕووی شاردنەوەی گەلەپۆری گەلانو گالتە کردن بە تواناو لێهاتوی زانستیانو وێژانکاری بەئەنقەستو نەخشە بۆ کێشراوی سامانی ئەو گەلانە ، لەبەر ئەوە هەمو هێزە دوزمنایەکانی کارەکانی بریارە کانی ئەم ڕێکخراوەیان پشت گوی خستوەو تەقەللای ئەوەیان داوە لەناوچە ژیردەستەکانا ژیان وەك خۆی بۆو گۆڕانی تیا ڕوونەدات و بەربەستی چەسپاندنی مافەکانی ئادەمیزادیشیان وە باوەرێکی سەلماو لەباوەرەکانی ئەتەوەیە گرتوەکان کردوە •

لیردوە ، ڕێبخراوی پەروەردەو زانستیو رۆشنبیری ڕووبەڕووی بەربەستی یەکی گەورەی دەسەلاتی دەولی ئەبێ کە رەگەزپەرستە سپی یەکانی لە خواروی ئەفەریقاو زایونیزمە رەگەزپەرستەکان لەوەلەستین کردویانەتە ڕێرەو ، کە لەسەر ئەخشەی ئیمپریالیزمی کۆن و نوی ئەرۆن ، ئەو شەپەی چەپەلە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئیرای دەری خست چ زەرەرو زیانی بەر دەزگاو دامەزراوە زانستی یەکانی خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیا کەوت ، رۆژانیش سەلماندیان کە گوی نەدانی ئەمەریکا بە هەموو بانگەوازیکی جیهانیو هاواری مرۆڤایەتی بۆ ئاودان کردنەوەی شوێنە ویرانەکان ، مەبەستی ئەوەبو هەر بە دواکەوتوی بهێنێتەوە ، ئەوەش زایونیزمە رەگەزپەرستەکان ، خەریکی کاروباری وێران کاریو گوی بە ویژدانی جیهان نادەنو سەرپێچی بریارەکانی یونسکۆ ئەکەن کە دووسال لەمەوبەر پێویستی ڕێزگرتنی مافەکانی گەلی فەلەستینی سەلاند کە بتوانی کە لە پوروروشنبیری خۆی بپارێزی •

تەمەنی بیست ساڵەی ڕێکخراوە کە ئەو گوی پی نەدان و گالتە جاریی یەی ساغ کردەوە بەلام شاردنەوەی فورستەر بۆ مەسەلەی هاوکاری عەسکەری نێوان زایۆنی دوژمن و حکومەتە رەگەزپەرستەکەی نەیتوانی سودی هەبێو روژنامەو ئاژانسەکان پەردەیان لەسەر ئەو ڕێك کەوتنە عەسکەریە هەلدایەوە کە لەنێوان رابین و فورستەردا مۆر کراوەو ئەمشتانەی خوارەوەی تێدان •

● زایۆنی دوژمن دو کەشتی تۆپخانەی دورهاژێزو چەکدار بە ساروخی دەریا بۆ دەریا بۆ خواروی ئەفریقا دروست بکا ، هیندێکیش ژمارەی کەشتیەکانیان بە شەش کەشتی داناوە •

● زایۆنی دوژمن ٢٤ فڕۆکەی دروستکراوی زایۆنیستەکان لە چەشنی « کافیر » بدا بە حکومەتی خواروی ئەفریقا •

● تەوارەی زایۆنی کەرەستەی ئەلەکترۆنیو پێشکەوتوی عەسکەری بدا بە حکومەتی خواروی ئەفریقاو لە بەرامبەرداخواروی ئەفریقا کەرەستەی خاوی بداتێ کە لەوانە ساڵی نیزیکەی یەکملیون تەن خەلوزی بەردە بۆ پشتگیری پیشەسازی بۆلای زایونیەکان •

● مەشق پێ کردنی نیزیکەی ٥٠ کەس لە هێزی دەریایی خواروی ئەفریقا لەسەر بەکار هێنانی گەمیە ساروخهەلگرەکان لە بەندەرکانی فەلەستینی داگیرکراودا •

لەلایەکی ترەوە روژنامەکان باسیان کرد کە فەوارەی زایۆنیو رژیمی رەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا رێك کەوتنامەیەکی ئابوری تازەیان مۆر کردوە کە

بروانە ل : ٧

زایۆنیستەکان و حکومەتی فورستەر هەردوو رووی رەگەزپەرستن

لەم دوایانەدا ئاژانسەکان باسیان کرد کە یەکێك لە کومپانیاکانی فەوارەی زایۆنی کارخانەیەکی چەکدروستکردنی لە ناوچەی « روسلین » نیزیك پرێتوریا بەهاوکاری کومپانیایەکی خواروی ئەفریقا دامەرزاندوەو ئەو کارخانە دەزگای ئەلەکترونی دروست دەگاو بۆ دەرەوەی دەنێرێ •

دامەرزاندنی ئەو کارخانەیەلە چوار چێوەی ئەو رێك کەوتنە ئابوریو عەسکەریانە دایە کە ئەم دوایانە لە نێوان زایۆنی دوژمنو حکومەتی رەگەزپەرستی خواروی ئەفریقادا مۆر کراون بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی ئەو دوو رژێمە رەگەزپەرستە لە فەلەستینی داگیرکراوو خواروی ئەفریقادا •

سەرەرای هەوڵو تەقەلای سەرکردە زایۆنیستەکان بۆ شاردنەوەی ئەو پەرەسەندنەی لە پێوەندی نێوان فەوارەکەیانو ڕژێمی خواروی ئەفریقادا پێك هاتوە ، لەبەر ئەو هێرشە جیهانیەی روی کردۆتە رژێمی پرێتوریا لەلایەکو بۆ ئەوەی ئەو پێوەندیانە نەبنە هۆی رەنجانی دەولەتو گەلانی ئەفریقایی دۆژمن بە رژێمی رەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا بە هیوای دامەزرانەوەی پێوەندی لە نێوان زایۆنیو دوژمنو ئەوەدەو لەئەفریقاییانەدا کە بۆ بشتگیری خەباتی جەماوەری عەرەب لە خەباتی دژی فەوارەی رەگەزپەرستی زایۆنی لە فەلەستینی داگیرکراودا پێوەندی خۆیان لەگەل رەگەزپەرستەی کردبێ •

بەلام شاردنەوەی فورستەر بۆ مەسەلەی هاوکاری عەسکەری نێوان زایۆنی دوژمن و حکومەتە رەگەزپەرستەکەی نەیتوانی سودی هەبێو روژنامەو ئاژانسەکان پەردەیان لەسەر ئەو ڕێك کەوتنە عەسکەریە هەلدایەوە کە لەنێوان رابینو فورستەردا مۆر کراوەو ئەمشتانەی خوارەوەی تێدان •

● زایۆنی دوژمن دو کەشتی تۆپخانەی دورهاژێزو چەکدار بە ساروخی دەریا بۆ دەریا بۆ خواروی ئەفریقا دروست بکا ، هیندێکیش ژمارەی کەشتیەکانیان بە شەش کەشتی داناوە •

● زایۆنی دوژمن ٢٤ فڕۆکەی دروستکراوی زایۆنیستەکان لە چەشنی « کافیر » بدا بە حکومەتی خواروی ئەفریقا •

● تەوارەی زایۆنی کەرەستەی ئەلەکترۆنیو پێشکەوتوی عەسکەری بدا بە حکومەتی خواروی ئەفریقاو لە بەرامبەرداخواروی ئەفریقا کەرەستەی خاوی بداتێ کە لەوانە ساڵی نیزیکەی یەکملیون تەن خەلوزی بەردە بۆ پشتگیری پیشەسازی بۆلای زایونیەکان •

● مەشق پێ کردنی نیزیکەی ٥٠ کەس لە هێزی دەریایی خواروی ئەفریقا لەسەر بەکار هێنانی گەمیە ساروخهەلگرەکان لە بەندەرکانی فەلەستینی داگیرکراودا •

لەلایەکی ترەوە روژنامەکان باسیان کرد کە فەوارەی زایۆنیو رژیمی رەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا رێك کەوتنامەیەکی ئابوری تازەیان مۆر کردوە کە

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

بەرهەم هێنانی زۆر بچینەیەکی گرنگی پێشکەوتن و خوێندن گوزارە دەکات

د. وجیه العلی ●

« تێکەڵبوونی تەواوی ئەو یاسا بنەڕەتیانەی لە پێشکەوتنی ئابووری‌ی هاوچەرخدا لە کایەدان ، وردە وردە هەریەکەمان دەخاتە سەر ڕەو و بنەڕەی کە بەرهەم هێنانی کار (انتاجیه العمل) بنچینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌یە » •
(جان فوراستی)

بەرهەم هێنان یا بەرهەمهێنانی کار یەکێکە لەوباسانەی کە دوای شەڕی جیهانی‌ی دووەم بەشێوەیەکی ئایینی هاتە پێش و لە کۆڕی بایەخ پێدان و خۆ پێوە خەریك کردنی کەڵن لە شارەزایانی ئابووری و بەندازیاران و هی تریشدا ، ڕیزی پێشەوەی لەو باسانەدا داگیر کرد • هەروەکوو ئەم باسە لەوەبەرونا نیستش لە لایەن دەسکاو ڕێکخراوە دەوڵەتی‌یەکان و هەرچی‌یەکانەوە هەمان بایەخی پێدراوە • ئەنگی ئەم باسەش لەوەدایە کە زیادبوونی بەرهەم هێنان ، دەوری سەرەکی دەبینێ لە پشەڕەسی کۆمەڵ و زیاتر بەدی هێنانی خوش کۆزەرانی بۆ خەڵکەکەی • چونکە چەندە بەرهەم هێنانی نار لە زیادبوندا بێ هێندە کۆمەڵ بەگشتی میقدارێکی گەورەتر لە بەرهەمی جۆراوجۆر بەرهەمدێنێ و هێندەش توانای وزەی پێشکەوتنی لە هەمووروویەکەوە بەرینتر دەبێ •

مانای بەرهەم هێنان

مانای وشەی بەرهەم هێنان لە زماندا « توانای » هێنانە بەرهەم • دەگرێتە وە • بەڵام بەرهەم هێنان لە لیکۆڵینەوەی ئابوورییدا بە مانای پەیوەندی‌ی چەندەکی (العلاقه الکمیه)ی نێوان بەرهەم هێنراوو ئەو ئەرکەی سەرف کراوە بۆ دروست کردنی ، بەکاردە هێنرێ • کەوابێ دەتوانرێ بووترێ کە بەرهەم هێنان پێوانەیەکە کە توانای کارگەران دەتوێنی لە کار کردندا بۆ دروست کردنی بەرهەمی (سلعه) •

پێوانەی بەرهەم هێنان :

بەرهەم هێنانی کار بە حساب کردنی میقداری ئەو بەرهەمە دەبێرێ کە کرێکار لە وەختێکی سنووردار دا بەرهەمی دێنێ • ئەمەش دەتوانرێ بەم جۆرەی لای خوارەوە نیشان بدرێ :

بەرهەم هێنانی کار =
قەبارەی فیزیاوی‌ی بەرهەم
(١)
ماوەی کاتی سەرف کراو

هەروەکوو دەتوانرێ ڕێگایەکی تر بۆ پێوانەی بەرهەم هێنان بەکار بهێنرێ ، کە بریتی‌یە لە سەرف کردنی ئەو وزەی کە کاریگەری‌ی جۆری بەکارهێنانی ئەو وەختێکی بازووەی مرۆڤ و میقدارێك لە بەرهەمێکی زانراو سەرف کراوە • واتە بەپێچەوانەی ئەوەی پێشوەوە :

بەرهەم هێنانی کار =
قەبارەی فیزیاوی‌ی بەرهەم
(٢)
ماوەی کاتی سەرف کراو

دەڵێین : ئەو ژمارەیەی کە دەکەوێتە بەر چاوەڕوانی کە ڕادەی بەرهەم هێنان دەدەن ، خۆبە خۆی خۆی هێنانی نیشانەیەك نابەخشێ ، ئەگەر بەدرێژایی چەند ماوەیەکی کاتی سەرف کراوی یەك لەدوای یەك لەگەڵ بەرهەم هێنانی (وحدە) کە خۆیدا بەراوورد نەکرێ (بەراوورد بکات) • یا لەگەڵ بەرهەم هێنانی (وحدە)ی چون خۆیدا (بەراوورد بەجۆر) • گومانی تیانی‌یە ئەم جۆرە بەراووردانە بایەختێکی تایبەتی‌یان هەیە ، چونکە بەراوورد کردنی (وحدە) ئابووری‌یە جۆراوجۆرەکان لە چەند ماوەیەکی یەك بەدوای یەکی ژیانی بەرهەم هێنانیدا ، ڕێگا بۆ کاربە دەستانی بەڕێوەبردنی ئەم (وحدات)ە خۆش دەکا کە بتوانن ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی دەسکاو کارگەکانیان پێبزانن لە وزەو توانایاندا و لە بەکار هێنانی ئەو وزەو توانایەیاندا بەباشی و ڕیك و پێکی ، کە بەمەش ئەوەیان بۆ ئاسان دەکا کە بەسەریك باشترین ڕێ و شوێن بۆ قوول کردنەوەی ڕووە (ایجابی)یەکان دابنێن و کاریگەر ترینیشیان بۆ زال بوون بەسەر ڕووە (سلبی) یەکاندا بەسەرنکی تر • بەڵام بەراووردکردن نەکەرچی هەتاوێکی (گرنك)ە بۆ دەستنیشان کردنی ڕادەی پێشکەوتنی (وحدە) ئابووری‌یەکان لەوزەو توانایاندا بەڵام پێ‌یان ناکرێ ڕادەی نەو وزەو توانایانە تەواو دەستنیشان بکەن • لەبەر ئەوە ناچاری‌یە کە دەبێ بەرهەم هێنانی (وحدە) ئابووری‌یەکان بە (وحدە)ی ئابووری چون جۆریان بەراوورد بکرێن ، چ لە سنووری ناوخۆداو چ جیهان ، کە ئەوسا ئەسەر ڕۆشنایی ئەو بەراووردکردنانە دەتوانرێ ڕووی لاوازی و بەهێزی‌ی توانا و وزەی (وحدە) ئابووری‌یەکان بزانرێن و ئینجا هەوڵ بدرێ شێوەو جۆری کارکردنی ئەو (وحدە) ئابووری‌یانەی بەتواناترن ، ئەو (وحدە) ئابووری‌یانەشدا پەیڕەو بکرێن کە توانایان کەمترە •

بەرەخی بەردەوام بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەم هێنان :

بێشەکی بێویستە ئیشارەت بەوە بدەین کە زیادکردنی بەرهەم هێنان خۆی لەخۆیدا ئامانج نی‌یە ، بەڵکوو ڕێگایەکە بۆ کەیشتن بە گەلێ ئامانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بریتی‌یە لە زیاتر زۆرکردنی خێر و بێری (مادی) بۆ کۆمەڵ و بەرزکردنەوەی ڕادەی خۆش ئوزەرانی‌ی خەڵکەکەی • چونکە بە زیادکردنی بەرهەم هێنان دەتوانرێ ئەمانەی لای خوارەوە بەدی بهێنرێن :

● زیادکردنی قەبارەی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ڕادەی چاکی و پوختەیی ، لە کاتێکدا کاتی سەرف کراو لە کاردا وەك خۆی دەمێنێتەوە •

● زیادکردنی قەبارەی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ڕادەی چاکی و پوختەیی ، لەگەڵ کەم کردنەوەی کاتی سەرف کراو لە کاردا •

● زیادکردنی قەبارەی بەرهەم بە نیسبەتێکی گەورەتر لە نیسبەتی زیادکردنی کاتی سەرف کراو لە کاردا ، لەگەڵ مانەوەی چاکی و پوختەیی بەرهەمەکە وەك خۆی •

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە بەبێ بەردەوام بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەم هێنان ، ناتوانرێ بەرهەم زیادبکرێ و جۆری پێش بخرێ(١) • هەروەکوو بە زیادکردنی بەرهەم هێنان نەك تەنها میقداری بەرهەم زیاد دەبێ ، بەڵکوو ئەوەشی بۆ بەرهەم هێنانی سەرف دەکرێ کەم دەبێتەوە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی نرخی و دواجار زیاتر پێویستی‌یە (مادی)و ڕۆشنبیری‌یەکانی خەڵك جێ بەجێ دەکرێ • هەروەکوو زیادکردنی بەرهەم هێنان دەبێتە هۆی زیادبوونی (معدل)ی قازانج ، ئەنجامی کەم بوونەوەی ئەوەی لێی سەرف دەکرێ • ئەوسا (وحدە) ئابووری‌یەکان زۆرتر هەلیان بۆ هەلدەکەوێ کە بەردەدام بەرهەمەکانیان و شێوەی بەرهەم هێنانیان پێش بخەن و کەشەی پێ بکەن • جگە لەوەی ئەو قازانجە گەلێ تیان و توانای جۆراوجۆر دێنێتە کایەوە کە دەتوانرێ لە کۆڕی نوێ کردنەوەی ڕێ و شوێنی بەرهەم هێناندا سوودیان لێ ببینرێ و ڕادەی پیشەیی و ڕۆشنبیری‌ی کارکەرانیشی پێ بەرز بکرێتەوە • هەروەها بە کەشەسەندنی بەرهەم هێنانی کار (انتاجیه العمل) زیاتر ماوە خۆش دەبێ بۆ زیادکردنی مووچەو پتر خۆشکردنی باری ئیشکردن بەتایبەتی لە کەم کردنەوەی سەعاتی ئیشکردندا کە بەمەش کارگەران لە پێویستی‌یەکانی ژیانیاندا نێزوتەسەلتر دەبن و باشتر دەحەوێنەوەو چاکتر باری ڕۆشنبیری خۆیان گەشە پێدەدەن و حەزو ئارەزوویان بەدی دێنن • دواجار زیادبوونی بەردەوامی بەرهەم هێنانی کار دەبێتە هۆی ئەوەی لە بازاڕی دەرەوەدا زیاتر توانای (منافسه) هەبێت و زۆرتر بارەی گران بەها (العملة الصعبه) دەسگیر بێ کە لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا بۆ کەڵێ پرۆژەی نەش و نما کردن هێجگار پێویستە •

---

(١) ڕاستە کە بەرەسەندنی (الفقی)ی ژمارەی کارگەرانیش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم هێنان ، بەڵام ئەم بەرەسەندنە دەبێ شان بەشانی زیادکردنی بەرهەم هێنانەکە بێ ، چونکە ئەگەر زیادکردنی ژمارەی کارگەران بەبێ بایەخدان بە بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەم هێنانیان ، ئەوەیە کە کۆمەڵ نەرکێکی (مادی)ی زۆری دەکەوێتەسەر لە زیادکردنی (تکالیف)ی بەرهەمەکان و نزم بوونەوەی ڕادەی چاکی و پوختەیی‌یان •

ئەمریکا چەکی نوفاندن لە ڕووی وڵاتانی خاوەن نەوت هەڵدەکیشێ

لەم دواییەدا ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، دەستی داوەتە جەو جوڵێکی گەرمو گوڕ ، بە مەبەستی دروست کردنی بەرەیەکی یەکگرتو لەو دەوڵەتەی کە وزە بەکار ئەهێنن بۆ پاڵەپەستۆ کردنەسەر ڕێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت (نوبێك)تا لە کریونەوەی وەزاری ڕێکخراوەکەدا کە لە ١٢ی ئەمەمانگەدا لە (قطر) ئەبەسترێ نرخی نەوتی خاو زیادنەکەن • ئەوە بوو ، دەسوباس وابڵاو بووەوە کە ڕێکخراوی ئوبێك نرخی نەوتە خاوەکەی لە ١٠٪ وەتا ١٥٪ زیاد بەکات بۆ ڕووبەڕوو بوونی نەو ناوساوندنە جیهانیەی توشی نرخی شتومەکی بەرهەمی ڕۆژئاوا بوە •

ڕۆژنامەی (لاکروا)ی فەرەنسایی وتویە ئیستا ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپاو ژاپۆنی‌دا وتوویژی خێرایی سەبارەت بەزیادکردنی نرخی نەونی خاو ئەکاو دیسان وتویە : ئیستا ڕاوێژو کۆبوونەوەی فراوان لە نێوان شارەزا کانیدا دەستی پی کردوە بۆ لێکۆڵینەوەی دەستپێشکەریی‌یەکەی ئەمریکا ، ڕۆژنامە فەرەنسا‌ییەکە ئەڵێ : ئەمەریکا ئیستادەتکی بەرزکردۆتەوە ، بە مەبەستی جۆلاندنی ئەووڵاتانەی نەوت بەکارئەهێنن بۆ بەرپەچدانەوەی زیاد کردنی نرخی نەوتو قسەکەریك بە زمانی وەزارەتی دەرەوە وتویەهیچ هۆیەك نیە وا بکا نرخی نەوت بەنیسبەتێکی زۆرکەمیش زیاد بکرێو ئەم زیاد کردنەئە نە سوودی وڵاتانی‌نەوت بەرهەم هێنەو نە لە سوودی ئەو وڵاتانەشە کە کاری دەکەن •

واشنتون وای بۆچوەکە ئەم زیادکردنە ئەنجامی ئابوری ترسناکی ئەبێو لەبەر ئەوەداوای ڕاویژی خێرا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ئەکا کە نەوت کاردەکەن •

وە ڕۆژنامەی (لاکروا)چەند پرسیاریك ئەخاتە بەرچاو کە لەم کاتەدا جێگای سەرنجڕاکێشانە وەك : واشنتون مەبەستی لەمەوریاکردنەوەیە چی‌یە ؟ تۆ بڵێی دوابەشی ئەو سیاسەتەی‌ڕوو بە ڕووبوونەوەبێ کە حزبی جمهوری لە سەری ئەروا ؟! ئایا ئەم کارە لە سیاسەتی سەروکی هەڵبژێردراوە کارتەر دا » ڕەنگ ئەداتەوە ؟ ئایا فەرەنسا بە دوای سیاسەتی ئەمەریکادا ئەروات هەروەك لەوە پێش ڕووی‌داوەودای کارتێکردنی سیاسەتی ئەمەریکامان بۆ سەر سیاسەتی فەرەنسا لە مەسەلەی فروشتنی وزەی نەتۆمی‌دادی ؟!

لە ڕاستی‌دا جیهانی سەرمایەداری بۆی ناکرێ هەروا بە ساکاری‌و ئاسانی سەیری مەسەلەی زیادکردنی نرخی نەوت بکا ، چونکە ئابوری سەرمایەداری ، لەو ئالۆزی‌و گرفتە توندەکانی‌ڕزکاری نەبوە کە بە دوایا زیاد کردنی نرخی نەوتیش هات لەساڵی ١٩٧٣دا لە لایەن وڵاتانی ئوبیکەوە کە زیادکردنە کە بۆ ڕووو بەڕوو بوونی نەو هانەخوارەوە زلەی نرخی نەوت بو • ماوەی دەسالی ڕابوردودا •

وڵاتانی ئۆبیك لە ماوەی ١٥مانگی ڕابوردوا نرخی نەوتیان وەك خۆی وەستان ، بەڵام دوای نەو ئاوساوندنە جیهانیەو نزم بوونەوەی نرخی پارەوای کرد چاوێ بە نرخی ئیستادا بخشێنرێتەوەو ئەمەشە کە وڵاتانی ئوبێك لە کۆبونەوەی ناوەڕاستی ئەم مانگەداجێ بەجێ‌ی‌نەکەن ، چاودێری کەران وای بۆ ئەچن کە زیادکردنەکە لەوانەیە بگاتە لە ١٠٪ی نرخی ئیستا ، بەڵام ئەمەریکا بەربەستی ئەم زیاد کردنە چاوەڕێ‌کراوە ئەکات وهەولی کەم کردنەوەی ئەدا چونکە لە (٤٠٪) ئەو نەوتەی کاری‌دەکا لە دەروەوەی ئەکرێ و لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٣ لە ٣٠٪ی ئەکری ئەویش بە پێی ئەو دەورە دیارەی لە ئابوری‌دنیادا ئەیگێڕێ •

بەڵام ئەو چەکی ترساندنەی‌واشنتون دژی وڵاتانی ئوبێك بەکاری ئەهێنێ تائیستا هیچ ئەنجامیکی بەدەستەوە ئەداوە •

ڕۆژنامە فەرەنساییەکە وای‌ئەبینێ کە : ئەو بەرنامە کەورەیەی حکومەتەکەی فۆردبۆ سەربەخۆیی وزەی ئەمەریکا دایناوو ئامانجە دیاری‌کراوەکانی بەدی نە هیناوە • جا ئەمەریکا کەوتوتە هاندانی‌وڵاتە ئەوتی کڕەکان کە وڵاتانی ڕۆژ ئاوای ئەوروپاو ژاپۆن‌ئەگرێتەوە « کە فەرەنسا ئەچۆتە ناویان » بۆ ئەوەی‌ئەنگ بە وڵاتانی خاوەن نەوت هەڵچنن • فەرەنساوای بەباشتر ئەزانی گفتوگوی بەسوود لەگەڵ وڵاتانی ئۆبیك‌بکرێ ئەك پەنابەرێتە بەر ئەو هەرەشەو کوڕەشەیەی ئەمەریکا ئەیکا •

ڕۆژنامەکەی فەرەنسا لەکوتایدا ئەڵێ : ئیستا ڕاویژ ئەکرێ بۆ ئەوەی لە بەهاری‌داهاتودا کونگرەیەکی بەرزی ئابوری بەبەسترێ ئەو وڵاتە ڕۆژئاوایی‌یەکەورانە بەشداری تیا بکەن کە ئەوت کار ئەکەن‌بۆ لێکولینەوەی ئەئسیری زیاد کردنی نرخی ئەوت بۆ سەر ئابوریان‌و بەربەستی ئەو بێ کاری‌و گرژبونەوەی‌ئابوری چاوەڕێ کراوە بکرێ کە لەو زیادکردنەدا پەیدا ئەبێ ئەمەش یەکەم جار نیە کە ئەمەریکا چەکی ترساندن‌لەڕووی مافی ئەو وڵاتانە هەڵدەکێشێ کە دەیانەوێ‌دەست بەسەرسامان‌و توانای خۆیانا بگرن • ئەمەش سیاسەتی ئیستعمارانەیەتی بەڵام وڵاتانی خاوەن نەوت لە پێناوی چەسپاندنی دەسەڵات‌و مافی خۆیان‌دا تاسەر لەجەنگ‌گێڕانی ئابوری ناکەوێتەدواوە •

چاودێری گەلی‌و ••

دەوری لە چەسپاندنی نرخی شتومەك لە وڵاتدا

ئەنجومەنی ڕێکخستنی‌بازرگانی نرخی تازەی بۆ شوشتن‌و چەورکردنی‌ئوتوموبیل لە کارگەکانی کەرتی تایبەتی‌دا داناوەو بەتوێژەی‌ئەم‌بڕیارە داوای لە خاوەن کارەکان کردوە کە دەفتەرێکی‌ئایبەتی بکەنەوەو ناوی هەموو ئەوئوتومبیلانەی تیدا تۆماربکەن کە بۆ شوشتن‌و چەورکردن دێتە لایان‌و لیستەی‌نرخەکانیش لە جێگایەکی بەرچاو دابنێن • هەروەهاداوای لە ئەفابەی کرێکارانی مەکانیك کردوە کە بەتوندی‌چاودێری ئەوشوێنانە بکەن سەردەرای چاودێری گەلی‌وچاودێری دەزگا تایبەتیەکانیش ، ئەمەش بۆئەوەی‌ئەوانەی بەپێچەوانەی بڕیارەکە دەجوڵێنەوە بیاندەن بەمەحکەمە تا بەتوندی‌ئەحکامی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی‌موحاکەمە بکرێن •

شورشی ١٧ی ئەموز بە بزێو غەدریان لێ‌نەکرێ ، سەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە هەمو توانای تەرخان دەکات‌و ئەوزەترین خزمەتی مادی‌و ئەرکی هێندێك شتومەکی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکا بۆ ئەوەی کۆمەڵانی گەل بە خۆشی وەك لە دانانی نرخی (هێلکەو شەکرو دانەویلە)و هی‌تردا دەردەکەوێ کە بەنرخێکی کەم بەسەر ڕۆلەکانی گەلدا دابەش دەکرین ، باش دەزانێ کە سەرمایەیەکی بەنرختر لە بەهای ئەو ئەرکانەو بەقیمەتتر لەومەبلەغانەی بۆخۆی پاراستوە کە بریتیە لە کۆمەڵانی ڕەنجدەری گەل کە چارەنوسیان بە شورش‌و ئامانجەکانیەوە بەستراوە • ئەمە (پارەیەکی قورسە) کە تەنیا شورشە گەلیەکان پشتی پێ دەبەستن‌و شۆڕشگێرانی ڕاستەقینە مامەلەی پێدەکەن •

کەوابو شتێکی ئاساییە کە شۆڕش پێداویستیەکانی گوزەران‌و خزمەتگوزاری کۆمەڵ تێبکات‌و هەست بە ڕازی دەرونیان بکا • شۆڕشێك کە لەناخی کۆمەڵانی ڕەنجدەرو ویست‌و داخوازی ئەوان هەڵقوڵیوەو لەگەڵ ئەوان‌دا تاڵ‌وسوێری‌و بێ‌بەشی سەردەمەکانی پێشو دەچێژێ‌و ئاواتەکانی ئەم‌کۆمەڵانەی لەپێشەوەی نامانجەکانی داناوە، هەمیشە بەونەرك‌و بیروباوەڕانە وەفادار دەمێنێتەوە کە بۆیان بەرپا بوە •

بەڵام لە ڕێڕەوە میژوییەکەی شورشی ١٧ی ئەموزداو لەگەڵ تاڵ‌وکۆزە گەورەو بنەڕەتیەکانی وڵاتدا بۆ ئەواوکردنی هەڵ‌ومەرجی تێبەرین بەرەو سۆشیالیزم کە یەکێك لە نمونە بەرچاوەکانی سیستەمی نرخ‌دانانە کە سەرکردایەتی شورش داینناوەو جێ‌بەجێی کردوە ، لەگەڵ ئەم تاڵ‌وکۆڕانە دا وەرچەرخانەوەیەك لە ڕێزی چینە چەوسێنەرەکان‌دا بەرز بۆوە کە فێری کەسب‌وکاری حەرام بون • ئەوانە هەوڵیان داوەو هەوڵ ئەدەن بە هەرجۆر بوە گوێ نەدەنە نرخە دانراوەکان‌و شتومەك بە زیاتر بفرۆشن • لێردا پێویستی چاودێری کاریگەری کۆمەڵانی گەلی بەسەر ئەوتاقمەوەو لەقاودانی ئاکارەکانیان دەردەکەوێ بۆ ئەوەی بەسزای ڕەوای خۆیان بگەیەنرێن • چونکە دەزگاکانی چاوەدێری حکومەت هەرچی لێوەشاوەیی‌و تواناشیان زۆر بێ ناتوانن هەمو شارو پارێزگاکان‌و هەمو دوکان‌و بازارەکان لەهەمو سەعاتەکانی ڕۆژدا بخەنە ژێر چاوەدێری • کەوابو پێویستە کۆمەڵانی گەل (کە هەر ئەوانیش سود لە سیستەمی نرخ‌دانان وەردەگرن) ، هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی هەمو گرانفرۆشی‌و شتومەك‌شاردنەوەیەك‌و دەسبەجێ خەبەریان لێ‌بدەن بۆ ئەوەی دەزگا تایبەتیەکان سزایان بدەن‌و دەستی ئەوکەسانە کورت بکەنەوە کە دەیانەوێ کوسپ بخەنە بەردەم ئەوشتانە کە شۆڕش بۆ بەرزکردنەوەی پایەی ژیان‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی ئەم‌گەلە بە پێویستیان دەزانێ •

ئەمریکا چەکی ترساندن لە وڵاتانی نرخی نەوت هەڵدەکێشێ

لە ڕاستی‌دا جیهانی سەرمایەداری بۆی ناکرێ هەروا بە ساکاری‌و ئاسانی سەیری مەسەلەی زیادکردنی نرخی نەوت بکا ، چونکە ئابوری سەرمایەداری ، لەو ئالۆزی‌و گرفتە توندەکانی‌ڕزکاری نەبوە کە بە دوایا زیاد کردنی نرخی نەوتیش هات لەساڵی ١٩٧٣دا لە لایەن وڵاتانی ئوبیکەوە کە زیادکردنە کە بۆ ڕووو بەڕوو بوونی نەو هانەخوارەوە زلەی نرخی نەوت بو • ماوەی دەسالی ڕابوردودا •

وڵاتانی ئۆبیك لە ماوەی ١٥مانگی ڕابوردوا نرخی نەوتیان وەك خۆی وەستان ، بەڵام‌دوای نەو ئاوساوندنە جیهانیەو نزم بوونەوەی نرخی پارەوای کرد چاوێ بە نرخی ئیستادا بخشێنرێتەوەو ئەمەشە کە وڵاتانی ئوبیك لە کۆبونەوەی ناوەڕاستی ئەم مانگەداجێ‌بەجێ‌ی‌نەکەن ، چاودێری کەران وای بۆ ئەچن کە زیادکردنەکە لەوانەیە بگاتە لە ١٠٪ی نرخی ئیستا ، بەڵام‌ئەمەریکا بەربەستی ئەم زیاد کردنە چاوەڕێ‌کراوە ئەکات‌وهەولی کەم‌کردنەوەی ئەدا چونکە لە (٤٠٪) ئەو نەوتەی‌کاری‌دەکا لە دەروەوەی ئەکرێ و لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٣ لە ٣٠٪ی ئەکری ئەویش بە پێی ئەو دەورە دیارەی لە ئابوری‌دنیادا ئەیگێڕێ •

بەڵام ئەو چەکی ترساندنەی‌واشنتون دژی وڵاتانی ئوبێك بەکاری ئەهێنێ تائیستا هیچ‌ئەنجامیکی بەدەستەوە ئەداوە •

ڕۆژنامە فەرەنساییەکە وای‌ئەبینێ کە : ئەو بەرنامە کەورەیەی حکومەتەکەی فۆردبۆ سەربەخۆیی وزەی ئەمەریکا دایناوو ئامانجە دیاری‌کراوەکانی بەدی نە هیناوە • جا ئەمەریکا کەوتوتە هاندانی‌وڵاتە ئەوتی کڕەکان کە وڵاتانی ڕۆژ ئاوای ئەوروپاو ژاپۆن‌ئەگرێتەوە « کە فەرەنسا ئەچۆتە ناویان » بۆ ئەوەی‌ئەنگ بە وڵاتانی خاوەن نەوت هەڵچنن • فەرەنساوای بەباشتر ئەزانی گفتوگوی بەسوود لەگەڵ وڵاتانی ئۆبیك‌بکرێ ئەك پەنابەرێتە بەر ئەو هەرەشەو کوڕەشەیەی ئەمەریکا ئەیکا •

ڕۆژنامەکەی فەرەنسا لەکوتایدا ئەڵێ : ئیستا ڕاویژ ئەکرێ بۆ ئەوەی لە بەهاری‌داهاتودا کونگرەیەکی بەرزی ئابوری بەبەسترێ ئەو وڵاتە ڕۆژئاوایی‌یەکەورانە بەشداری تیا بکەن کە ئەوت کار ئەکەن‌بۆ لێکولینەوەی ئەئسیری زیاد کردنی نرخی ئەوت بۆ سەر ئابوری‌یان‌و بەربەستی ئەو بێ کاری‌و گرژبونەوەی‌ئابوری چاوەڕێ کراوە بکرێ کە لەو زیادکردنەدا پەیدا ئەبێ ئەمەش یەکەم جار نیە کە ئەمەریکا چەکی ترساندن‌لەڕووی مافی ئەو وڵاتانە هەڵدەکێشێ کە دەیانەوێ‌دەست بەسەرسامان‌و توانای خۆیانا بگرن • ئەمەش سیاسەتی ئیستعمارانەیەتی بەڵام وڵاتانی خاوەن نەوت لە پێناوی چەسپاندنی دەسەڵات‌و مافی خۆیان‌دا تاسەر لەجەنگ‌گێڕانی ئابوری ناکەوێتەدواوە •

Institut Kurde de Paris

لەبابەت دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی یەوە

فؤاد انور عمر

سەرکوتاندنەوەی نووسینەرەخنەیی یەکان لە کایەی ئەدەبدا ، دیاردەیەکی ئاشکرایەو پێویستە ئامانجەکانی شی بکرێتەوەو مەبەستەشاراوەکانی تیا بخرێتەروو . بۆ ئەمەش پێویستە لە بەرامبەر هەر یەکێك لەوسوژنانەی ئەکرێت بە ئیمانی رەخنەی ئەدەبی دا ئەم پرسیارانە بکرێت : ئایا ئامانجی تایبەتی نووسەرەکە چی یە لەم سەرکوتاندنەوەیەدا ؟ ئایا ئەم سەرکوتاندنەوەیە رێگە خۆشەکات بۆ هاتنە ژیانی رەخنەیەکی زانستی و هەوزوعی؟ ئایا بەربەستی رەخنەگرتن هەر بە پسپۆرەکانی ئەدەب رەوابینین یان ئەو مافە هەموو ئەدەب دۆستێك و هەموو تاکێك لە جەماهیر هەیێت ؟

لە وەلام دانەوەی ئەم پرسیارانەدا دوو هێلی جیاواز سەرهەل ئەدا کە سەر بەدوو ریگەی جیاجیاو دوو سەرچاوەی نایدیۆلۆجی و فەلسەفەیی جیاجیان .

بڕوا بوون بەوەی کە رەخنەی راستی و سەروعی یە تیروری ئەدەبی و سەرکوتاندنەوەی رەخنە نریەدەی ، وە بۆ گەشەکردنی رەخنەی ئەدەبی پێویستە بۆرەبۆرین لە کایەدا بێت و بەری رەخنەگرتن بەرەڵلا بکرێت ، وەرەخنەگرتن ئەبێت مافی هەموو ئەدەب دۆستێك و هەموو تاکێکی جەماهیر بێت ئەك هەر پسپۆرەکانی ئەدەب ، ئەمانە ئەو بڕوایانەیە کە لەبەر تیشکیاندا نووسەری ئەم ووتارە شەن وکەوی لایەنێکی ئەو « کلەپی »یەی بڕئەکات کە هەندێك ئەدیب و نووسەر هەیانە لەسەر ئاستی رەخنەی ئەدەبی کورد .

بیروڕای هەندێك ئەدیب و نووسەر وایە کە ئەدەبی کورد لە ئەنگۆچەلەمەدا ئەژی بەهۆی ئاستی ئەو نووسینانەوە کە بەناوی رەخنەی ئەدەبی یەوە ئەنوسرێن تا ئەو رادەیەی وانەزانن کەماڵوێرانی ئەدەبی کورد ئەئەڕێتەوە بۆ ئەو رەخنانە وە هەر لەم باری سەرنجەوەیە کە راستو چەپێك ئەهێنن بەسەر هەموو رەخنەیەکدا .

ئەم جۆرە بیرکردنەوە نیشانەیەکی تری ئەو ئەمەوەزە ئایدیۆلۆژیەیە کە هەناسەی زوربەی ئەدیب و نووسەرەکانی سوار کردووە .

ڕوانینی میتافیزیکی لەم بیرکردنەوەیەدا یەئاشکرا هاوار ئەکات بەوەی بەشەکانی ئەدەب لەیەك ئەبڕێت و بەیوەندی بە یەکاچووی نێوان ئەدەب و رەخنەی نابینێت . هەروەها سەرنجدانی رەخنەی ئەدەبی وەك لایەنێکی راوەستاو، یان باوەڕنەبوون بە بزواندنی بەرەوپێشەوە ، لایەنێکی تری پێش کاروانی ئەدەب ئەکەوێت

لەئاوێ ئەدەبدا

ئەمانە کێن ؟!

ـ صلاح احمد ـ

« عبدالوهاب البیاتی » لەدوایەدا لە چاوپێکەوتنێکدا دەربارەی شیعری نوێ وتی :ئەو دابارینە بێسەروبێیەی شیعری تازەی کەوتۆتە ژێرەوە ، بووە بەهۆی تێکەلاوبوونی چاڵو خراپ و ،جۆرە باری سەرنجێکی شێواوی لەلای خوێنەرەناساییەکاندا دروستکردووە .

ئەم وتەیە رێك بڕ بەبەری شیعری نوێی کوردیشەو دەشێت بەبێ سێودوو ، بۆ خۆیشمانی بلێین .. بەلام من لێرەدا هیچم بە قەدەر کۆتایی رستەکە بە لاوەمە بەست نییە کە دەڵێت : « لە لای خوێنەرەناساییەکان » ، ئەمەش وا دەکەیەنێت دەبێت خوێنەری زیرو وریا ، چاك و خرابی لە لا تێکەڵ بەیەکتر نەبووبێتو ،توانای لێك جیاکردنەوەی هەر دوو لایەنەکەی هەبێتو ، لەوراستییە بگات کە هیچ شتێك لەم کەردونەدا نییە تەنها یەك لای هەبێتو ، لەو کەسەش دەبەنکترنییە کە حوکمێکی کشتی و یەك لایی بەسەر شتێکی وەکو شیعری نوێدابدات ، بەبێ جیاکردنەوەی لایەنە جیا جیاکانی .

ئینجا بابزانین لەلای ئێمەئەم « خوێنەرە ناساییانە » کی دەگرێتەوە ؟!

لە راستیدا خوێنەری ناسایی تەنها ئەو کەسە نییە کە هەر بۆ هەوەس ، یان بۆکات بە سەربردن ، یان بۆ هەر مەبەستێکی تری وەهالاوەکی بێترخ شیعر دەخوێنێتەوە . بەلکو بە بێچەوانەوە ، ئەوانەی « بەناوی » کاری تایبەتیان ، یان هەرهیچ ئەبێت ئیمچە تایبەتییان ، کۆڕی ئەدەب و رۆشنبیریشە ،ئەوانیش لە زوربەی زۆری جارەکاندا لەلای ئێمە دەچنەپال خوێنەرە ناساییەکانو وەك ئەوان ، باش و خرابیان لە لاتێکەل دەبێتو ، ئیتر کۆتایی هێلێکی رەش بە دەوری شیعری نوێدا دەهێنرێتو ، فتیدەکەن ، هەم کارەش وەئەبێت بە خوێنەرە ناساییانە بکرێت کە یەکی لە ئەدەب و رۆشنبیریدابەشداری دەکەن ، بەلکو زیاتر لەو کەسانەویە کە دەستیان درێژەو قسەیان لە وەها کارێکدا دەروات !؟ جائەمانە هەر چەندە بسەبزرو ، ناودارو ، بەشانو شەوکەتیش بن لە لای خەلکی ناسایی و خوێندەوارو ، نیمچە رۆشنبیر .بەلام لای خوێنەری ژیرو ، ئەدەبیی داهێنەرا هەر لەریزی ئەو رەشە خوێنەرە ناساییانەدان کە ئەبەر ئەزانی ولەبەر تەسکی رۆشنبیری و دەرکا داخراویی تێکەیشتنو ، بیریان ، بە یەك سووکە سەرنجێکی حازر بەدەستانەدەڕوانە شیعری نوێو ، بەبێ ئەوەی هەڕی لە بڕی بکەنەوە ،لێیان دەشێوێتو ، سووك ئاسان دژی هەووی رادەوەستن .

ئەم رەشە رۆشنبیرانە ،لە دوو لای گرنگەوە زیان بە شیعری نوێو ، بەگشتی داهێنانێکی نوێ دەگەیەنن . . بەکەمیان ئەوەیە : راستەوخۆدژی رادەوەستنو ، بەو توانایەی هەیانە سەرکوتی دەکەن ، دووەمیشیان ئەوەیە : بەکاکیش ئەحەئە پەسالخراپ ،کانو ، وەکو ئەوان بێنرخی دەکەنو ، راستییەکەی دشێوێنن .

شیعری نوێی کوردیش .بەشێوەیەکی ئێجگار ستەمو ئارەوا ، دو چاری ئەم بەلاتا هەمواره بووەو ، ئەرکی ئەدیبە داهێنەرە نوێخوازەکانی کوردیش ، ئێجگار گرانو سەختەو ، سەربارەی هەمووگرفتو کۆسپەکانی تریش ،ئەم دەردە درێژ خایەنەشیان بووەبە تووشەوەو ، چەند ساڵێکە لە ئەلیدا دەجەنگن ، هەر لەبەرئەمەشە ئەو کۆڕانە مەزنەی بزووتنەوەی نوێخوازانەی« روانگە » لە شیعری نوێدا بەدیهێنا ، ئیستا سستەو ،زوربەی لایەنەکانی ئەو ساکە هێشتا هەر بانوو ،دەجوێترینەوەو ، لە چەند کەسێکی کەم بەو لاوە ، چ هەوڵێکی جێکە دیارو ، چ گۆڕینێکی ئەورە ئە لە شێوەو ،نە لە ناوەڕۆکدا نییە ، چونکە هێشتا ئەو رەشە رۆشنبیرانەئەگەیشتوونەتە ئەو رادەیەی ئەو ساکەی شیعری نوێو ،زۆرکەس لە شاعیرانیش ـ بە ناچاری ـ دەیانەوێت ، بەهەرحاڵێکو ، بەهەر ئرخێك بێت رازیبان بکەن ، کە ئەوانیش ـ بەدەستی ئەنقەست ـ رازی نابن ..!

جا لەم جۆرە کەسانەدەپرسین ـ بە رەشە رۆشنبیرو بە بەرتیلدەرەکانیشەوە ـ ،ئەگەر تاقە تۆزێك دڵسۆزی یەیان تیایە ، باشتر وانییە زیاتر خۆیان ماندوو بکەنو ، لە قاقلە جنۆکەی بیرو ، را وشك هەڵماوەکانیان دەرباز بێنو ، هەر هیچ نەبێت تۆزێك چوارچێوە ئاسنینەکانیان فراوانتر بکەن ، بۆ ئەوەی ئەخۆیشیانو ، ئەخەڵکی تریش بتاسێنن و ، بۆ ئەوەی بەرئەعلەشۆی ئەوە چاوگراوەکانی دوا ڕۆژ نەکەون ، چونکەئەگەر ئەمڕۆکەش هەندێ هۆی ئاناسایی پاڵپشتیشیان بێت ،سبەینێ وا نامێنێت .. ئەگەر باوەڕیان بە سبەینێ هەیە .

لە کاتێکدا ئێمە ئەم ووتارە دەربارەی دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا بلاودەی کەینەوە ، بە هەتی دەزانین و بێخۆشحاڵ دەبین بانگ لە هەموو رەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا بلاودە کەینەوە ، باس و خواز انەدا کە ووتارەکە لێیدواوە ، بەشداری لە شی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم لایەنەی ئەدەبەکەماندا بکەنو بیروڕای خۆیانی لە سەر دەربڕن . ئێمە تەنها هێندە دەخوازین کە نووسینەکان هەوزووعی و زانستی یانە بێو بە دوور بن لە سەرنجی تەنگە بەرو تەرز . هیوادارین ئەم ووتارە دەرگای لێدوانێکی سوودبەخش بخاتە سەر پشت .

ـ هاوکاری ـ

ئەم بیرکردنەوە میتافیزیکی یەیە .

پەیوەندی نێوان ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی بریتی یە لە پەیوەندی یەکی تێکەڵو بەرانبەر واتە کارتێکردنو کارتێکراوی یەکی بەرانبەری هەیە لە نێوانیاندا بۆیە ئاستی نزمی هەر لایەکیان کارنەکاتە سەر ئەوی تریان . ئەو هۆیانەی ئەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەدەب، ئەبێتە هۆی دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبیش ، هەروەك ئاستی نزمی رەخنەی ئەدەبیش ئەبێتە هۆی بەردەوامبوونی نەچووونی ئەدەب ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە دوو ڕووی یەك بابەتن ، مەسەلەی ناوکۆیی واقیعو یەك ڤۆناغو یەك کۆمەڵگاو ئاستێکی سوور بۆ کتشراوی رۆشنبیری یە .

بەرهەمێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی واقیعێکو ڤۆناغێك و کۆمەڵگایەکو ئاستێکی رۆشنبیری دیتە ڕیانەوە ، هەروەها رەخنەی ئەدەبیش کە بابەتەکەی لێدوانی ئەو بەرهەمە ئەدەبی یەیە ، لە هەمان چوارچێوەدا دێتو دەچێو لە شوێنێکی ناوکۆیی دا یەك ئەکرن کە مۆنکی هەردوو لایانە بۆیە چاکی و خراپی و بەرزی و نزمی هەر یەکێکیان لەوی تردا ڕەنگ ئەداتەوە .

لەبەر تیشکی ئەم راستی یەدا پێویستە ئەوە ڕەت کرێتەوە کە رەخنەی ئەدەبی ئیمرۆ هۆی ماڵوێرانی ئەدەبەکەمان بێت ، ئەوە ڕەت کرێتەوە کە راستی رەخنەی ئەدەبی هۆ بێت بۆ ئەنجامی ماڵوێرانی ئەدەب .

بوونی رەخنەی ئەدەبی بەستراوە بە بوونی ئەدەبەوە چونکە لە منالدانی ئەدەبەوە دێتە دەرێ ، ئەرکی خزمەت کردنی ئەدەب ئەبڕێتو لەژێر سایەی دا کەشە ئەکاتو لە باوەشیا کەورە ئەبێت تا لەخەم ئەڕەخسێ ئەوجا یان لە باشکۆی ئەدەبەوە نکەنکی ئەبێت یان کوڕ ئەبەستێتەوەو بەرەوپێشەوە ، لایەنێکی تری پێش کاروانی ئەدەب ئەکەوێت بەم پێیە رەخنەگر یان ئەبێتە کاوێژکەری ئەدەبی باوو لاسایی یان ئەبێتە دیدەوانی کاروانی ئەدەب .

کورتی یەکەی ، پەیوەندی یەکی توندو تۆڵو قایم ئەدەبو رەخنەی ئەدەبی بە یەکەوە ئەبەستێتەوە بۆیە لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی دواکەوتنی رەخنەی ئەدەبی نابێت جوێ بکرێتەوە لە هۆیەکانی دواکەوتنی ئەدەب بەگشتی ، هەروەك پێشکەوتنی ئەدەبو رەخنەی ئەدەبی نابێت لەیەك جیابکرێتەوە .

ماڵوێرانی ئەو بیرو رایەی کە رەخنەی ئەدەبی بە ماڵوێرانکەر ئەزانێت لەوەدایە ئەو راستی یە نازانێت ، کە رەخنەی ئەدەبی هۆیەکە لەدەرەوەو بۆ ناوەوەی ئەدەب کارئەکات . ئەگەر هۆی ناوەوەی ئەدەبێك لەبار نەبێت بۆ لەناو چوونی ، ئەوا بەهەزاران نووسینو رەخنەگرتن لەناو ناچێت چونکە بابەتی رەخنەو هونەری سەرکەوتوو ئەك هەر خۆی ئەگرێت لەبەر رەخنەدا بەڵکو رەخنە چەند ئامەوزوعی بێت ناتوانێت لە جوانی یەکەی کەم بکاتەوە .

ماڵوێرانی ئەدەبی کورد بەگشتی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی نووسینە رەخنەیی یەکانی سالەکانی حەفتا . بۆ راستی ئەمەش با چاوێك بە ساماڵی ئەدەبیمانداا بگێرین ئەبینین شاکارە ئەدەبی یەکانمان لە ژمارەی پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن .

ئەوانی تر لە ئیمرۆدا بەناو ئەژێو ووزەی ئەمەری یان تیانی یە . ئەبەر ئەوە ئاستی رەخنەی ئەدەبی ئەنجامە بۆ هۆی ماڵوێرانی ئەدەبی بە رەخنەی ئەدەبیش ـ بە رەخنەی ئەدەبیشەوە ـ ئەنجامە بۆ گەلێك هۆی تر کە ئێجگار توند بێوەی شەتەك دراوە .

● **دواکەوتنی ئەدەبی کورد جیا ناکرێتەوە لە دواکەوتنی رۆشنبیری کورد ، کە تارەخنەیەکی زانستیو مەوزوعی و ئیستاش رۆشنبیری ی** بەرچاو ڕوون بێتەکایەوە .

دەرەبەگایەتی تیادا باوەو خونچەی رۆشنبیری ی دیموکراتیو سۆشیالیستی تیا نەگەشاوەتەوە .

● دواکەوتنی ئەدەبی کورد جیاناکرێتەوە لە بەری نەخوێندەواری کۆمەڵگای کورد کە ڕێژەیەکی گەورەی خەڵك بێبەشن لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانو بێبەشن لە دەربڕینی هەستو بیرو ڕایان لەمەڕ ئەو بەرهەمانە .

● **دواکەوتنی ئەدەبی کورد جیاناکرێتەوە لەوەی ئەدیبەکان ناتوانن تێکەڵ بە جەماهیر بنو لەئەڵ ئاواتو ئامانجو گیروگرفتو ئارەزووە کانیاندا بژین تا راستگۆیانە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ بدانەوە .**

● **ماڵوێرانی ئەدەبی کورد جیاناکرێتەوە لەوەی ئەدیبەکان بواریان نەبوە کە بە راستگۆیی جەوهەری واقیع بخەنەڕوو و نە ووشەو رستەی هونەرەکەیان دایبڕێژن .**

● **ماڵوێرانی ودواکەوتوویی ئەدەبی کورد جیا ناکرێتەوە** لە نەبوونو کزی چاپەمەنی بەهەموو ئەو ئیروگرفتانەوە کە دێتە ڕێی چاپکردنی بەرهەمێك

● **دواکەوتنی ئەدەبی کورد جیاناکرێتەوە** لە ڕێبازی کۆن پاراستنو ماندوو بوون بەدوای دێرکودانی میراتی ئەدەبی دەرەبەگیو هەتنە هێنجانی زێرو یاقووتەکانی کە لە پووری ئەدەبیمان .

● **هەروەها دواکەوتنی ئەدەبی کورد جیاناکرێتە وە** لە کزی وەرتیرانی بەرهەمە ئەدەبەکانی ئەدەبی ،ەلان ئەمانە بەگشتی هۆیەکانی دواکەوتنو « ماڵوێرانی » ئەدەبی کوردن کە هەریەکەشیان لای خۆیەوە ئەنجامە بۆ چەند هۆیەکی ترو بەوانەوە بەندە .

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەم هۆیانە کاریشیان کردووەتە سەر رەخنەی ئەدەبی رۆشنبیری ی دەرەبەگایەتی و ئەخوێندەواری و کزی چاپەمەنیو وەرگێران .. هتد، ئەو هۆیانەن کە کارئەکەنە سەر لاوازی و نزمی ئەم لقەی ئەدەب سەرباری هەندێ هۆی تایبەتیش ، کە سەرکوتاندنەوە یەکێکیانە .

هەڵوێستی راست لە بەرامبەر هەڵوێستی سەرکوتاندنەوەی رەخنەدا ئەوەیە کە هۆیەکانی دواکەوتنی ئەدەبی کوردو رەخنەی ئەدەبی جاك بناسرێت تا چاك کاربکرێت لەپێناوی ئەهێشتنی ئەو هۆیانەدا هەروەك پێویستە ڕەخنەی ئەدەبی رەخنەگرتن بدرێت سا ئەو رەخنەیە هەرچۆنێك بێتو هەرکەسێك بیگرێت . با لە مەیدانی رەخنەی ئەدەبی چەند ڕێبازی جیاجیا بۆڕبۆڕێن بکات ، تا لە ڕەوتی پڕ مل ملانێی ئەدەبی دا ڕێبازی راست خۆی بسەپێنێتو ئەنجامی کوردو ئیستاش رۆشنبیری ی بەرچاو ڕوون بێتەکایەوە .

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی لەنێوان « رۆشنبیری » یەوە

حسین عارف

هەوو کارو پیشەیەك ، ئەر مرۆڤ بە سۆزو عەشقەوە خەریکی بوو ، خونقاندنوداهێنانی تێدەکەوێ . هەموو کارو پیشەیەکیش ، ئەر مرۆڤ هەروا ڕوتینیو میکانیکی جێبەجێی کرد ، ئەوا هەیسەردەبێ ، بەلام بەبێ خولقاندنو داهێنان .

● بۆ نموونە دوو داتاش، هەریەکەیان کتێبخانەیەك بەیەك بابەتی چونیەکی کەرەسەو ئەدەواتی داتاشی درووست دەکا . یەکەمیان عاشقی پیشەکەی خۆیەتی . ئەك تەنها هەرچی وەستایی و شارەزایی یەکی خۆی هەیە بۆی بەکاردێنێ ، بەلکو بە عەشقیشەوە مێشکی لێدەخاتە کارو بیری لێدەکاتەوە . کونوقوژبنی بەهرەو توانای خۆی بۆ دەپشکنێ . لە ناخەوەحەزدەکا کتێبخانەیەك درووست بکا کە جوانترو تۆکمەترین لە هەر یەکێکی تری هەموو داتاشەکانی تر . بەرهەمی ئەمداتاشە عاشقە کومانی تێدانی یە خولقاندنو داهێنانی تێدەکەوێ . بەلام دووەم کە ڕۆتینیو میکانیکی یانە دەستی دەداتێو تەنها ئەو وەستایی و شارەزایی یەی هەیەتی بێ زیادوکەم بۆی بەکاردێنێ . ئاشکرایە بەرهەمەکەی وێنەیەکی کوتومتی ئەوانەی لەوەبەری دەبێ کە ڕەنگە لە ساڵەهاوەدەقی لەسەر گرتبێو تۆزقاڵێ گوڕینی بەسەردا نەهێنابێ ، یانەکەر بە سەریشیدا هێنابێ، هی خۆی نەبووەو لە کەسانی وەك یەکەمی یەوە وەرگرتووەو ئەم لاسایی کردوونەوە .

● هەسەلە لە ئەدەبیشداوەهایە . ئەو ئەدیبەی عاشقی ئەدەب دەبێو بە عەشقەوە خۆی پێوە خەریك دەکا (پێوەوان وەك سنعەت ئەك ئایدۆلۆژیاوڕتبازو ئامانج) ئەو ئەدیبە لە کۆڕی ئەدەبدا دەخولقێنێوداددەهێنێ .ئەوەشی لای دەبێتە تەنها کارێکی ڕۆتینیو میکانیکی ئەدەب دێتێتە بەرهەم ، بەلام ناخولقێنێو داناهێنێ .

● دوو شاعری پێشکەوتنخواز ، هەریەکەیان بە شیعرێك ڕەگەزپەرستی ئاوانبار دەکا . فیکرەکە ئاشکرایە . ڕەگەزپەرستی لەمچەرخەدا تاوانە .. دڕندەیەتی یەو دەکرێ بەرامبەرمرۆڤ . یەکەمیان بەعەشقەوە سنعەتەکەی لێدەخاتەکار . ئەئەلیدا خۆی دەخواتەوە . کە بەقووڵایی فیکرەکەدا دەچێتە خوارەوە سنعەتەکە لەگەڵ خۆیدا دەباتەچێی ئاهێڵێ . کە بەنجەش دەنێتە سەر ڕەگ و ریشەکانی،ئانو سات لێدەکاتە کار . ئەوسا قووڵ بوونەوە بە بیروهۆش و بەکار هێنانی سنعەتەکە بەعەشقەوە هەردووك پێکەوەخولقاندنو داهێنانی دەسکیردەخەن کە بەم پێیەبەهرەو توانای خولقاندنو داهێنانی هەردەم کەشەدارەدەبێ . بەلام دووەمیان کە ئەویش هەم بە بیرو هۆش قووڵ دەبێتەوەو هەم سنعەتەکەشی بە دەستەوەیە ، چونکەبە عەشقەوە بەکاری ناهێنێو تەنها وەك کارێکی ڕۆتینیو میکانیکی دەستی دەداتێ ، شیعرەکەی لە خولقاندنوداهێنان بێبەش دەبێو ڕەك هەر پارچە شیعرێکی ئاسایی دەکەوێتە بەرچاوو دەخوێنرێتەوەو ڕادە بوورێ ، بێئەوەی بتوانێ لە قووڵایی بیرو هۆش و دەروونداا جێی خۆی بکاتەوەو بچەسپێ .

● هەموو ئەدیبە ناودارەکانی جیهان ، مێژووی ژیانیان دەریدەخا کە یەو عەشقەوەخەریکی ئەدەب بوون . هەروەها ئەدیبە ناودارەکانی خۆشمان . بۆ نموونەی نزیك لە ئەدەبی هاوچاخماندا ئەوەبیرەمێردو گۆران کە ئەگەرچی بەوردی لە ژیانی ئەدەبیان نەکۆڵراوەتەوە ،بەلام هێندەیان دەربارە دەزانین کەچ عاشقێکی بە پەرۆشی ئەدەب بوون .

● سانەوەی ئیستای ئەدیبانی کورد ،مەبەسم هەموو ئەوانەیە کە لە ژیاندا ماوون ،با لە خۆیان بپرسن کە ئاخۆ تا چ رادەیەك عاشقی ئەوەو ئەدەبن کە خۆیان پێوە خەریك کردووە ، تا هەر هیچ نەبێ هەریەکە لەگەڵ خۆیدا .. لە دڵی خۆیدا لە وەزعی خۆی حاڵی بێتو لێی ئاگادار بێ .

● من دەزانم ئەو عەشقەکارێك نییە بە بڕیاردان بەجێ بهێنرێ ، وەك یەکێ بڵێ : من بۆ لەمەودوا عاشقی ئەدەب دەبمو بەعەشقەوە خەریکی دەبم . بەلکوو شتێکە کە گەلێ هۆی زاتیو مەوزووعی پێکەوە لە ناخی ئەو مرۆڤە ئەدیبەدا درووستی دەکەن . هەروەکوو گەلێ هۆی زاتیو مەوزووعی ، زۆر مرۆڤی ئەدیبی تری لێ بێبەش دەکەنو بەری ئەوەی لێدەگرن بە هیواو ئاواتی خولقاندنو داهێنان شادبێ .

● کەوابێ خولقاندنوداهێنان بەری عەشقێکن کە لە کەللەی هەندێ ئەدیب دەداولە میحرابیدا دەسووتێنو لەم سووتانە تیشکو ڕووناکی هەمیشەیی وەردەگرن . وتیشم هەندێ ، چونکە ئاشکرایەسەدەها ئەدیب لە هەر سەردەمێکدا حۆ بە ئەدەبەوەخەریك دەکەنو ئەدەب دەنووسنو بەرهەمێکی زۆریش دەدەن بەدەستەوە ، بەلام تەنها ئەو هەندە دەخولقێننو دادەهێنن .

خوێناوی شوفیرەکەی لەشێوەی تابلۆیەکی سوریالی دەنواند . بەرە بەرە لێل بوو ، تەمێکی خەست بەرچاوی گرت .. ئاگای لە خۆی نەما .

لەناو تەمەکەدا چەند تارمایی یەکی بیینی ، لە تەنیشتی یەوە راوەستاون . ئەو وزەیەی لە مێشکیدا مابوو، نەیتوانی کاتو جێگاکەی بۆ بەرەبەرە ئاڵای هاتەوەبەر، بەلام پێلوی چاوی بۆ هەتنە ئەبڕرا .. هەرچۆنێك بووەدرزێکی تی کەوت .. تەمەکە یەشتا نەرەوا بووەوە ..

هەندێکیان باڵە پەستۆکەیان بە هەل زانی ، خۆیان نوسانە سمتی ئافرەتەکانی تەنیشتیانەوە ، شوفیرەکەش لەگەڵ مەردمەکانی ریزی پێشەوەدا لەسەر کرێی ریگە مشتومڕی بوو ، ئاگایان لە :

ووشیاربەو لە سەرخۆبەی ئەوانەی دواوە نەبوو .. هەژانێك . لە ترێك ، دووان .. بەرەو کۆرە شیوێکی قەراغ ریگاکە گلا .. ئەفەرەکان لەشیان لە شوێنێ زیاترەوە هێڵی سووری هەلخست .. چاوی بڕیە ئاوێنە بچکۆلەکەی بەردەم شوفیرەکە،دەیان وردەدرزی تێکەو تبوو ، رووی

ئابلۆیەکی سوریالی

• احمد محمد اسماعیل •

Institut Kurde de Paris

بەرهەمێکی نوێ و

کۆڕی زانیاری کوردیەکێکە لەو دامو دەزگا کوردیانەی کە شۆڕشی ١٧ی تەلاوێژ بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئادار بە کوردی بەخشیونو دەسەلاتێکی زۆری پێداوە •

هەرچەند تەمەنی کۆڕ تا ئێستا ئەوەندە درێژ نەبووە، بەڵام بە تەمەنە کورتەکەی خۆی توانیویەتی هەنگاوی فراوان بەرەو ڕاژەکردنی زمانو ڕۆشنبیریو ئەدەبی کوردی بهاوێژێت بەتایبەتی ئەم ماوەی دواییەدا ، کە چەندەها کتێبو دیوانی چاپکردوەو یاریدەی چاپکردنی هەندێکی تری داوە• جگە لە ئەلفەبائی « زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد » دوا بەرهەمەکەیەتی کە (دیوانی نالی)یە لە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی م • (ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم)ەو م • (محمدی ملا کریم) ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد پیاچوونەوە ئەم بەرهەمە بەنرخە لە (٧٥٢) لاپەڕە پێکهاتووەو (٧٤) لاپەڕە تەنیا پێشەکیەکەیەتی و لەم پێشەکیەدا م • فاتح عبدالکریم ئەو مانداوو بوون و بەدوا ئەڕانو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو بەڵگەی میژوویی و نامانجانە پس دەکات کە بە هۆیانەوە ئەم بەرهەمە هاتۆتە بەردەست •

ئەو خوێندەرەی کە دیوانەکە دەخوێنێتەوە دەزانێت کە چۆن و چەند ڕەنج کێشراوە ناوەکو هێنراوەتە بەرهەم •• بەڕاستی جێی شانازیە •

جوانی دیوانەکەش لەوەوە دەردەکەوێت کە شیعرەکانی ووشە بە ووشەو دێڕ بەدێڕ ڕافەکراوەو تەنانەت درێژەش بەڕافەو ڕوونکردنەوەی وانای دێڕەکان دراوەو هۆزو میژووی هەندێکیشیان دیاری کراوە •

جگە لەو ڕێکخستنە جوانەی کە ، بە گوێرەی بیتەکانی هیجاو سەروای دێڕەکان کراوە ، وانە سەرواکانی پارچە شیعرەکان بەگوێرەی بیتەکانی هیجا ڕێکخراون •

(١١٤) پارچە شیعر لە دیوانەکەدا هاتوونو ڕافەکراون جگە لە (٦) دێڕی پرژو بلاو ••

ئەو جوانیانەی بەیوەندییان بە واتاو ئەوانی بە ووشەوە هەیە لە « موجەسسیناتی بەدیعی » کە لە شیعرەکانی نالیدا بەکار هاتوون بە شێوەیەکی زۆر پوختو جوانو بە نموونەوە باسکراون •

ئەمەو ئەو بەڵگەی کە دانەر هێناویەتی و ئەو بیروڕایەی کە دەری بڕیوە دەربارەی نازناوی ڕاستەقینەی (نالی) ئەرکێکی پیرۆزی بەجێ هێناوە بۆ بڕینەوەی ئەو بکرەو بکێشەی کە لەنێوان ووشەکانی (نالی)و (نالی)دا دەکرا •

لەکۆتایی دیوانەکەشدا تێکستی چەند بابەتێک بلاوکراوەتەوە کە ڕۆشنبیرانی کورد لە بارەی نالییەوە نووسیویانەو خستنە ڕوویەکی جوانی ئەو نوسخە بەردەستو هاوەڵەکانیان کراوە کە لە دانانی تێبینیەکانیدا پشت بە بەستراوەو پشەکیەکیشی بۆ نووسراوەو هەندێک کەمو کورتی دیوانەکەی تێدا ڕوونکراونەتەوە •

ئەمە هەموو جگە لەوەی کە ڕێبازو شێوازە نووسینەکەی ئاسانو جوانو ئاشکرایەو ووشەکانی کوردیەکی ڕەوانەو خۆشو پەتینو چڕیەکەی پاکو پوختەو ئرخەکەشی زۆرلەبارە•

بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەم کتێبە لە هەر دیوانی نالییەو بەس ، بەڵکو نیمچە فەرهەنگێکیشە ، هەروەها کتێبێکی ئەدەبیو بۆن مێژووشەو کۆڕێکی باشی فێربوونی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەشە

سەرەڕای ئەم هەموو لایەنە چاکانەی کە من دیومنو چەندەهای تر کە خوێنەری بەڕێز دەیان بینێت ، هەندێك تێبینی بچووکم هەن وا لە خوارەوە باسیان دەکەم هیوادارم بەش بە حالی خۆم بتوانم ڕەخنەیەکی سوودبەخش پێشکەش بکەم لە پێناو حزمەنکردنی زمانو ئەدەبدا •

١ ڕێنووس (املاء) :

ـ هەرچەندە م • دانەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئەو هۆیانەی دەستیانە باس دەکات کە ڕێکایان بۆ هەڵەی ڕێنووس کردۆتەوەو م • بیچووەوەش لە پاشەکیەکەدا حالەکان دووبات دەکاتەوە • بەڵام دەبوایە بەلای کەمەوە ڕێنووسەکە یەك بخرێتو لە هەموو شوێنێکدا ڕینووسی کۆڕ بەکار بهێنرێت•

أ ـ فرمانی بێهێز (بوو) لە هەندێك شوێندا هاتووە • (بو) هەروەکو ـ بۆنمونە ـ ل ٥/د٣و ، هەندێکیتر (بوو) ل ٥/د٤ ، ٦ (نەبووو)و ، هەندێکی لە (بو) ل ٦/د٢٢ (بون) •

هەروەها لە ل ٩٢ لە دێڕی یەکەمدا هاتووە : (••• چابو فەرموی) وانە (بو) بە (و)ی دوای نووسراوە ـ کە ئەمە ڕینووسی کۆڕە ـ ، کەچی لە دێڕی چوارەمی ڕافەکەدا هاتووە : (باشبو یار لە وەڵامدا فەرموی •••) واتە (بو) بەیەك (و) هاتووە •

ب ـ ل ٧/د١٤ (بێجگە) ، ل ١٥/د١٣ (بێجگە لە) •

جـ ـ لەسەر بەرگی لە زۆر شوێنی تردا (نالی) هاتووەو لە هەندێك شوێندا ـ بۆنمونە ـ ل ٧/د ٢٠ (نالیی) ، «ی» دووەم ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە (نالی)ش بەکار هاتووە •

دـل ٧/ د ٢٠ (چروستانی) لە بەراوێزەکەی دا : د ١ (چروستانییەوە)و د ٤ (چروستانی)یە •

هـ ـ ل ٥/١٧ ـ (حوسنی تەعلیل) دێڕە شیعرەکەی نالی د ١٤ (دەگاتە) ـ (دە) نیشانەی فرمانی ڕانەبردووە هەروەکو دەستووری نالی لە هەموو شیعرەکانیدا ، د ١٥ (ئەگا) ـ (ئە) نیشانەی فرمانی ڕانەبردووە • ئەمە دەبێت هەڵەی چاپ بێت یاخود هی نالی ؟

و ـ لە هەندێك شوێندا تەواوکەری (لەگەڵ) (دا)یەو لەهەندێکی تردا (١)یە بەهەمان واتا ـ بۆ نموونە :

لە ل ٨٣ / دێڕی دوایی بەراوێزو ل ٨٤/ دێڕی یەکەمی بەراوێزدا •

هاتووە :(لە ئەل خۆرکەوتندا •• لەگەڵ ئاوابوونیا ••) •

ز ـ ل ١٠٠/دا (طوطیی)و د ٢ (بولبول) ، د (٢)ی بەراوێز (طووطیی)و د (٥)ی بەراوێز (بلبل) •

ح ـ ل ١٤٠/ د ٢ ، ٣ ، ٤ (بن بابیییی) ، ل ١٤١/ د ١ (بن بابیییی) ، ل ١٤١/ د ١ (وبابی) •

ڕام دەربارەی ڕێنووسی هەندێك ووشەو پیت (تیپ) :

آـل١٠ د١٣ (سەر ییییاره)و ل ١٨٨/د ٢ (صوفییی)و ل ١٩١/د ٢ (صوفییی)و ل ١٤٠ (بابییی) هاتوون •

لامەوایە نووسینی ئەوەندە (یـ)یە بەدوای یەکەوە کرانیەك دەدانە نووسینیو خوێندنو سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێتو کۆڕ خۆی لە بەهل ئالۆزیی زمەندا نیە •

ب ـ ل ١٠/ د ١٦ (فیقە) هاتووە کە ووشەیەکی عەرەبییەو گوایە بە ڕێنووسی کوردی نووسراوەتەوە • لامەوایە ئەگەر بەکوردی ئەم ووشەیە بەمئیسکە بخوێنرێتەوە (فیقیهەکەی) عەرەبی ئاگرێتەوە بۆیە ڕێنووسی دەبوایە بەم جۆرە بێت (فیقە) •

جـ ـ ل ١٦/ د ٨ (تەضادد) هاتووە کە ئەمیش عەرەبییەو بە کوردی نووسراوەتەوە •• دەبوایە یان بنووسرێت (تضادد) یانیش (تەضادود)

د ـ ل ٩٨ / د (٨)ی ڕافەی دێڕە شیعری (٣) ، (ئیسپات) کە ووشەیەکی عەرەبییە ، لە عەرەبیدا (اثبات) بە (ب)یە کەچی لێرەدا بووە بە (پ) هیوادارم هەڵەی چاپ بێت •

هـ ـ ل ١٣٨/ د ٣ (دورەی) دێڕی یەکەمی ڕافەکەی (دورەی: جەممی (دوڕڕ)ی عەرەبییە) ، کەوابێت : دەبوایە (ر)ەکانی ووشەکە لەناو دێڕی شیعریشدا بە (ڕ) بنووسرێنو دروجار نووسینی (ڕ) لە ڕافەدا بێویست نیە چونکە دانانی نیشانەی (٧) لەسەر (ر) شەددەی عەرەبی دەگرێتەوە • دانانی دوو (ڕ) لە دوایەك لە هەندێك شوێنی تریشدا دووبارە بووەتەوە وەکو (جەڕڕاڕی) ل ٣٢٤/ د (١)و (طوڕڕەیی) ل ٣٢٩/د(١) •

و ـ ل ٩٢ /د (٥ـ٦)ی ڕافەکە :

(یاخود : هیچیان نەبو ، چایی بو بە دەمی ••) ئەمە ڕافەی (چابو فەرموی)ی دێڕی یەکەمی لاپەڕەکەیە • جا ئەگەر (چا)ی شیعرەکە بەرامبەر بە (چایی) ڕافەکەش بێت ! بۆچی (بو)ی (نەبو) وەکو (بو)ی دوای (چایی)و ئەمیان وەکو (بو)ی دوای (باش) نەبێت ؟

ئەمەو جگە لە : ١ ـ لە داوینی لاپەڕە (٢٤)دا هاتووە: مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا علاءالدین چاپی دووەم ساڵی ١٩٧٠ چاپ بووەو لە داوینی لاپەڕە (٢٥)و لە شوێنی تردا هاتووە (١٩٧١) کە ئەمە ڕاستە •

٢ ـ ل ٧٤٩ / د ١٧ (پیی) بۆ گۆمەڵەی (١) ڕاستگراوەتەوە بۆ (پیتی) • کەچی سەرناوی هەموو گۆمەڵەکان هەر (تیپی)یە •

٢ ـ وانا : (ووشەو زاراوە) :

آ ـ ل ٨/د (١٠)ی پەراوێز هاتووە : (نالی زانێکی) لامەوایە (نالی ئاسێکی) ڕاستترە ، مرۆڤ زانین بۆ شتو ئاسین بو کەسان بەکاردێنێتو لێرەش مەبەستی خودی نالییە ئەوەك زانستەکەی •

ب ـ ل ٩ / د (٥)ی پەراوێز هاتووە : (لە فارسی زانیدا) لامەوایە (لە فارسی زانیندا) ڕاستترە •

جـ ـ ل ٩ / د ١٢ •هاتووە: (پڕیانە) • من (پـڕن)م بێ‌ڕاستترە •

د ـ ل ٩ / د ١٦ • هاتووە: (بە فارسی نوسییەکی) من (بە فارسی نوسینێکی)م بێ‌ڕاستترە •

هـ ـ ل ٧٧ / پەراوێز (٤)/ د (٧) • هاتووە : (داوای ماچ‌کەر) •

لامەوایە ئەم زاراوە ئەگەر ببوایە بە (داواکەری ماچ) یاخود (ماچ داواکەر) ڕاستتر دەبوو •

و ـ ل ٣٩١ / د ١ •هاتووە: (تیپی هێ) • لامەوایە ئەو پیتەی کە مەبەستە (هێ)نیە بەڵکو (٥)یەو ئەگەر لە سەروای هەندێك پارچەدا ووشەی عەرەبی هاتبێتو کۆتاییان بە (ـە) کە (هـ)یە هاتبێت ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پیتە لەگەڵ (٥)ی کوردیدا یەکە • لامەوایە ئەو جۆزە ووشانەش هەر بە (تەلەفوظی) کوردی هاتوونو (هـ) کە بووە بە (٥) • جگە لەوەی کە ئەگەر بگوترا با یە (تیپی ـ٥) ـ کە ڕاستی‌یەکەیەتی ـ لە ووشە کوردی‌یەکاندا بە (سەری کورت)و لەعەرەبی‌یەکاندا بە (هـ) دەناسرا • یاخود دەبوایە پارچە شیعرەکان لێك جیابکرانایەوە •• وەکو پارچە شیعرەکەی (٤) ل (٤٠١ ـ٤٠٦) ، سەروا‌کەی لە ڕاستی‌دا وەکو سەروای پارچەکانی تری کۆمەڵەکە نیە •

ز ـ ل ٥٩٧ د ١ • هاتووە : (تیپی یێ) ئەمەش دەبوایە بنووسرێت (تیپی ـێ)و ، هەموو پارچەکانی کۆمەڵەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو تاوەکو دێڕە شیعری یەکەمی ل ٦٣٧ و پارچەکانی ٨/ل(٦٥٠ ـ ٦٥٤)و ٦/ل (٦٩٧ ـ ٧٠٠) و ١٧ /ل (٧٠١ ـ٧٠٧)دەگرێتەوەو پارچەکانی ل (٦٣٧ ـ ٦٤٩)و ٩/ ل (٦٥٥ ـ ٦٩٧)و ١٩/ل (٧٠٧ ـ ٧١٣) بەبەر سەروای (تیپی ـی) دەکەون کە لە ڕاستی‌دا ئەم دوو پیتە (ی ،ی) لە ئیسك‌و دەنگدا لێك‌جودان• هەرچەندە نە ڕاستی‌دا (ی) بزوینو (ی) نابزوینو (ی)ش لێك جودان ، بەڵام چونکە نالی خۆی لە سەروای یەك پارچە شیعردا هەرسێکیانی بەکار هێناوەو جیاکردنەوەیان ئاشییێت •

ح ـ لە (پێرستی پارچە شیعرەکانی دیوانی نالی)دا هاتووە : ل ٧٤١ (تیپی ئەلف) لامەوایە (تیپی ـ١) ڕاستترە• نیتر ٧٤٣ (بێ تێ ، ئێ ، جیم، طێ ، قاف ، کاف ، میم ، نون، ث ، چ ، ح ، د)و پیتەکانی تریش (ڕێ ، زێ ، ژێ ، سین، لێ ، قاف ، کاف ، میم ، نون، واو ، هێ ، یێ) دەبن بە (ر ، ز ، ژ ، س ، ط ، ق ،ك، م ، ن ، و ، ه ،ی)وله دووەکەی دواییدا خالی (و ، ز) ڕەچاو دەکرێن •

٣ ـ بیروڕا :

آ ـ ل ١٥ /د (٢٣ـ٢٧) • هاتووە :

« زاراوەکانی ئەو موحەسسیناتەشمان هەر بە عەرەبی هێشتەوە ، چونکە هێشتا وشەی پڕ بە پێستیان لە کوردیدا بۆ دانەنراوەو هەرچییش تا ئێستا لێرەو لەوێ بەرچاو ئەکەوێ کاڵو کرچە » •

من لەگەڵ ئەم بیروڕایەدا نیم چونکە :

١ ـ ووشە مەبەست نیەو نابێت ، تەنانەت لای شاعیریش بەڵکو پردێکە بۆ گەیشتنی مەبەست کە ئەویش واتایە چونکە ئەوەی ڕاستی بێت هیچ ووشەیەك لە هیچ زمانێکدا واتای پڕ بە پێستی ووشەیەکی تر لە هەمان زماندا نادات‌و چونکە چەمك‌و واتا شتێکی نیسبی‌یە •

٢ ـ بەرامبەر بە لێکۆڵەرەوە ڕافەکردنو ڕوونکردنەوەی واتای ووشەو زاراوەکان بەهەر شێوەیەك بێت گرنگترە لەوەی لە پاراستنی جوانییەکەیان بگەڕێت •

٣ ـ گفتی (لێرەو لەوێ) واتایەکی فراوانو ناوچە یەکی بەرین دەگرێتەوەو من لەو باوەڕەدام هیچ مەبەستو واتایەك لە هیچ دەروونێکدا نیە کە ووشەی بۆخۆی لە کوردی‌دا نەبێت •• جا ئەگەر (لێرە) نەبێت (لەوێ) هەیە ! لەوانەیە یەکێکی وەکو ئالی هەروەکو خۆی لە دێڕی (١١)ی هەمان لاپەڕەدایە •

٤ ـ گریمان (لێرەو لەوێ) نەبوو ، نیە • نابێت دروست بکرێن تاوەکو هیچ نەبێت لە (نابێت) ڕزگاربین ؟

٥ ـ (کاڵو کرچ) بەیوەندی بە بیروڕاو چەمك‌و ڕادەی گونجاندنەوە هەیە ، بەڵام شتێکی چەسپاو نیە ! پیت‌و وشەش لە هیچ شوێنێك‌و لە هیچ کاتێك‌دا ناتوانن کاڵو کرچی بکەن بە مۆری زمان •

ب ـ ل ٢١ لقی (د ، هـ) •

لە (د)دا هاتووە ـ بە واتای: (د)ی (دێبا)و (ژ)ی (ژیبا) هەرچەندە جیاوازن لە یەکەوە بەڵام نزیکیشن •

لە (هـ)دا هاتووە ـ بە واتای : (ئـ)ی (ئاسك)و (ن)ی (ناسك)و (ب)ی (باسك) بە تەواوی لێك جیاوازن •

مەبەست چیە ؟

جـ ـ ل ٤١ / د ١٨ هاتووە: (بەڵام (نال)ی بەڵامی بچوکم لە کوردی‌دا دەست نەکەوت) مەبەستیش لەوانەیە کە بە نالی وڵاخو وڵاخی بەرزی بەکار هەبایەو کوور بوومایە •

و ـ لە بەراوێزی لە (٩٠) لە لێکدانەوەی دووەمی واتای دێڕی (٢)دا هاتووە : (ئەشکونجێ مەعنای بەم جۆرە بێ : ڕو وەرچەخاندنی یار لەمن نالو تاریکە وەك ڕەشی زولفەکانی کە وەك شەوە وان • بەڵام تازە من گوێ بەم جۆرە دەردو ئازارانە نادەم ، چونکە سەرو مالم لە ڕێگای عەشقدا داناوەو هیچم بە دەستەوە نەماوەو کەوتومەتە سەر ساجی عەلی) •

من دەڵێم : ئەم واتایە ئەگەر بشکونجێ ئێمە لێی بدەینەوە ، نالی ئەمەی مەبەست نەبووە چونکە ـ بەڵای‌منەوە ـ نالی‌یەك کچێکی ئەوەندە خۆش بوێت ناشێت بینێتە ڕیزی پارەو سەرو سامانی خۆشتر بوێت لەو • بەڵکو لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت کەوا ئەو هەموو سەرو سامانەی کە ئەو لە ڕێگای عەشقدا داینناوە هەمووی بە قوربانی عەشقی یارەکەی کردووەو کوێشی لێ‌نەبووە •

ز ـ ل ٩٥ / پارچە شیعری (٧) نیوەی دووەم :

(قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە ، بازا !)

لە ڕافەکەی‌دا هاتووە :

(قەد : بالا • قەد (ی دووەم) مەعنای (چەماندنەوە)ش لە یەك‌نێ • کەمانین : وەك کەوان لێ‌هاتوو •

واتە ••• بالای وەك سەرو بەرزی جارانیشم بەهۆی بالای جوانی تۆوە وەك کەوان چەمیوەتەوە ، یان بەهۆی چەماندنەوە جوانەکەی نۆوە بووە بە کەوان •••) •

لێکدانەوەی یەکەم لەجێ‌ترە لە هی دووەمو ، (قەد)ی یەکەم واتای چەماندنەوەو (قەد)ی دووەم واتای (بەژن‌و بالا)یە • چونکە (بەژوبالا) شیرین دەبێت بەڵام (چەماندنەوە) شیرین نابێت‌و ، ڕافەکە بەم شێوەیە جوانە :

هۆی چەماندنەوەی سەروم وەکو کەوان بەژن‌و بالا شیرینەکەتە •

ح ـ ل ١٠٠ /د(١)ی ڕافەی دێڕە شیعری (٧) • هاتووە :

(ئیلف‌و ئەلیف : هاوسان)

لامەوایە لە (الفە)وە وەرگیراوە ، کەواتە : کەوی‌و بن دەست • (حەریف)ی پێش ئەویش کە بە (هاودەم) لێکدراوەتەوە لامەوایە لە (تحریف)وە وەرگیراوە ، کەواتە : شێواندن‌و گۆڕین • (ڕەدیف)ی پاش ئەمانەش کە بە (هاوسەر) هاتووە • لەوانەیە مەبەستەکەی ئەوەبێت کە : موقتەبەس‌و لێ‌وەرگیراو بە شێوەی دزین • جا ئەگەر ئەمە هەموو بەم شێوەیەبێ ، ئەوکاتە واتای دێڕە شیعرەکە دەبێت بە :

(نالی کە ڕەخنە لە ژیان دەگرێت لە هەمان کاتدا خۆی لە ڕیزی کەسانی دنیا دانانێت بەڵکو پایە بەرزترو داوێن پاکتر تەماشای خۆی‌و ڕەوشتی خۆی دەکات‌و دەڵێت : نالی گوێی لە دەست خەڵکدا نیەو بن‌دەستی کەس نیەو شیعرەکانی لە کەس وەرنەگیراون‌و مینەتی کەسی لەسەر نیە تاوەکو شتی پڕوپووچ بنووسێت‌و گالتە بکات هەروەکو ئەم خەڵکە دەی‌کات !)

لامەوایە ئەم شێوە لێکدانەوەیە نزیکترە لەواتای دێڕەکانی پێشتری پارچە شیعرەکە بە تایبەتی دێڕی یەکەم وشەشەم ، جگە لەوەش، ناشێت شاعیر کەپ‌و گالتە بە بەرهەمی خۆی بکات‌و نووسینەکەی خۆی بشکێنێتەوەو بە جاوێکی سووك تەماشای بکات •

ط ـ پارچە شیعرەکەی (١٧)

بڕوانە ل : ١١

چەندەسەرنجێکی زمانەوانی

فیصل مصطفی حاجی

بەس ، بەڵکو نیمچە فەرهەنگێکیشە ، هەروەها کتێبێکی ئەدەبیو بۆن مێژووشەو کۆڕێکی باشی فێربوونی‌ڕەخنەو لێکۆڵینەوەشە

سەرەڕای ئەم هەموو لایەنە چاکانەی کە من دیومنو چەندەهای‌تر کە خوێنەری بەڕێز دەیان بینێت ، هەندێك تێبینی بچووکم هەن وا لە خوارەوە باسیان دەکەم هیوادارم بەش بە حالی خۆم بتوانم ڕەخنەیەکی سوودبەخش پێشکەش بکەم لە پێناو حزمەنکردنی زمانو ئەدەبدا •

١ ڕێنووس (املاء) :

ـ هەرچەندە م • دانەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئەو هۆیانەی دەستیانە باس دەکات کە ڕێکایان بۆ هەڵەی ڕێنووس کردۆتەوەو م • بیچووەوەش لە پاشەکیەکەدا حالەکان دووبات دەکاتەوە • بەڵام دەبوایە بەلای کەمەوە ڕێنووسەکە یەك بخرێتو لە هەموو شوێنێکدا ڕینووسی کۆڕ بەکار بهێنرێت•

أ ـ فرمانی بێهێز (بوو) لە هەندێك شوێندا هاتووە • (بو) هەروەکو ـ بۆنمونە ـ ل ٥/د٣و ، هەندێکیتر (بوو) ل ٥/د٤ ، ٦ (نەبووو)و ، هەندێکی لە (بو) ل ٦/د٢٢ (بون) •

هەروەها لە ل ٩٢ لە دێڕی یەکەمدا هاتووە : (••• چابو فەرموی) وانە (بو) بە (و)ی دوای نووسراوە ـ کە ئەمە ڕینووسی کۆڕە ـ ، کەچی لە دێڕی چوارەمی ڕافەکەدا هاتووە : (باشبو یار لە وەڵامدا فەرموی •••) واتە (بو) بەیەك (و) هاتووە •

ب ـ ل ٧/د١٤ (بێجگە) ، ل ١٥/د١٣ (بێجگە لە) •

جـ ـ لەسەر بەرگی لە زۆر شوێنی تردا (نالی) هاتووەو لە هەندێك شوێندا ـ بۆنمونە ـ ل ٧/د ٢٠ (نالیی) ، «ی» دووەم ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە (نالی)ش بەکار هاتووە •

دـل ٧/ د ٢٠ (چروستانی) لە بەراوێزەکەی دا : د ١ (چروستانییەوە)و د ٤ (چروستانی)یە •

هـ ـ ل ٥/١٧ ـ (حوسنی تەعلیل) دێڕە شیعرەکەی نالی د ١٤ (دەگاتە) ـ (دە) نیشانەی فرمانی ڕانەبردووە هەروەکو دەستووری نالی لە هەموو شیعرەکانیدا ، د ١٥ (ئەگا) ـ (ئە) نیشانەی فرمانی ڕانەبردووە • ئەمە دەبێت هەڵەی چاپ بێت یاخود هی نالی ؟

و ـ لە هەندێك شوێندا تەواوکەری (لەگەڵ) (دا)یەو لەهەندێکی تردا (١)یە بەهەمان واتا ـ بۆ نموونە :

لە ل ٨٣ / دێڕی دوایی بەراوێزو ل ٨٤/ دێڕی یەکەمی بەراوێزدا •

هاتووە :(لە ئەل خۆرکەوتندا •• لەگەڵ ئاوابوونیا ••) •

ز ـ ل ١٠٠/دا (طوطیی)و د ٢ (بولبول) ، د (٢)ی بەراوێز (طووطیی)و د (٥)ی بەراوێز (بلبل) •

ح ـ ل ١٤٠/ د ٢ ، ٣ ، ٤ (بن بابیییی) ، ل ١٤١/ د ١ (بن بابیییی) ، ل ١٤١/ د ١ (وبابی) •

ڕام دەربارەی ڕێنووسی هەندێك ووشەو پیت (تیپ) :

آـل١٠ د١٣ (سەر ییییاره)و ل ١٨٨/د ٢ (صوفییی)و ل ١٩١/د ٢ (صوفییی)و ل ١٤٠ (بابییی) هاتوون •

لامەوایە نووسینی ئەوەندە (یـ)یە بەدوای یەکەوە کرانیەك دەدانە نووسینیو خوێندنو سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێتو کۆڕ خۆی لە بەهل ئالۆزیی زمەندا نیە •

ب ـ ل ١٠/ د ١٦ (فیقە) هاتووە کە ووشەیەکی عەرەبی‌یەو گوایە بە ڕێنووسی کوردی نووسراوەتەوە • لامەوایە ئەگەر بەکوردی ئەم ووشەیە بەمئیسکە بخوێنرێتەوە (فیقیهەکەی) عەرەبی ئاگرێتەوە بۆیە ڕێنووسی دەبوایە بەم جۆرە بێت (فیقە) •

جـ ـ ل ١٦/ د ٨ (تەضادد) هاتووە کە ئەمیش عەرەبی‌یەو بە کوردی نووسراوەتەوە •• دەبوایە یان بنووسرێت (تضادد) یانیش (تەضادود)

د ـ ل ٩٨ / د (٨)ی ڕافەی دێڕە شیعری (٣) ، (ئیسپات) کە ووشەیەکی عەرەبی‌یە ، لە عەرەبیدا (اثبات) بە (ب)یە کەچی لێرەدا بووە بە (پ) هیوادارم هەڵەی چاپ بێت •

هـ ـ ل ١٣٨/ د ٣ (دورەی) دێڕی یەکەمی ڕافەکەی (دورەی: جەممی (دوڕڕ)ی عەرەبییە) ، کەوابێت : دەبوایە (ر)ەکانی ووشەکە لەناو دێڕی شیعریشدا بە (ڕ) بنووسرێنو دروجار نووسینی (ڕ) لە ڕافەدا بێویست نیە چونکە دانانی نیشانەی (٧) لەسەر (ر) شەددەی عەرەبی دەگرێتەوە • دانانی دوو (ڕ) لە دوایەك لە هەندێك شوێنی تریشدا دووبارە بووەتەوە وەکو (جەڕڕاڕی) ل ٣٢٤/ د (١)و (طوڕڕەیی) ل ٣٢٩/د(١) •

و ـ ل ٩٢ /د (٥ـ٦)ی ڕافەکە :

(یاخود : هیچیان نەبو ، چایی بو بە دەمی ••) ئەمە ڕافەی (چابو فەرموی)ی دێڕی یەکەمی لاپەڕەکەیە • جا ئەگەر (چا)ی شیعرەکە بەرامبەر بە (چایی) ڕافەکەش بێت ! بۆچی (بو)ی (نەبو) وەکو (بو)ی دوای (چایی)و ئەمیان وەکو (بو)ی دوای (باش) نەبێت ؟

ئەمەو جگە لە : ١ ـ لە داوینی لاپەڕە (٢٤)دا هاتووە: مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا علاءالدین چاپی دووەم ساڵی ١٩٧٠ چاپ بووەو لە داوینی لاپەڕە (٢٥)و لە شوێنی تردا هاتووە (١٩٧١) کە ئەمە ڕاستە •

٢ ـ ل ٧٤٩ / د ١٧ (پیی) بۆ گۆمەڵەی (١) ڕاستگراوەتەوە بۆ (پیتی) • کەچی سەرناوی هەموو گۆمەڵەکان هەر (تیپی)یە •

٢ ـ واتا : (ووشەو زاراوە) :

آ ـ ل ٨/د (١٠)ی پەراوێز هاتووە : (نالی زانێکی) لامەوایە (نالی ئاسێکی) ڕاستترە ، مرۆڤ زانین بۆ شتو ئاسین بو کەسان بەکاردێنێتو لێرەش مەبەستی خودی نالییە ئەوەك زانستەکەی •

ب ـ ل ٩ / د (٥)ی پەراوێز هاتووە : (لە فارسی زانیدا) لامەوایە (لە فارسی زانیندا) ڕاستترە •

جـ ـ ل ٩ / د ١٢ •هاتووە: (پڕیانە) • من (پـڕن)م بێ‌ڕاستترە •

د ـ ل ٩ / د ١٦ • هاتووە: (بە فارسی نوسییەکی) من (بە فارسی نوسینێکی)م بێ‌ڕاستترە •

هـ ـ ل ٧٧ / پەراوێز (٤)/ د (٧) • هاتووە : (داوای ماچ‌کەر) •

لامەوایە ئەم زاراوە ئەگەر ببوایە بە (داواکەری ماچ) یاخود (ماچ داواکەر) ڕاستتر دەبوو •

و ـ ل ٣٩١ / د ١ •هاتووە: (تیپی هێ) • لامەوایە ئەو پیتەی کە مەبەستە (هێ)نیە بەڵکو (٥)یەو ئەگەر لە سەروای هەندێك پارچەدا ووشەی عەرەبی هاتبێتو کۆتاییان بە (ـە) کە (هـ)یە هاتبێت ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پیتە لەگەڵ (٥)ی کوردیدا یەکە • لامەوایە ئەو جۆزە ووشانەش هەر بە (تەلەفوظی) کوردی هاتوونو (هـ) کە بووە بە (٥) • جگە لەوەی کە ئەگەر بگوترا با یە (تیپی ـ٥) ـ کە ڕاستی‌یەکەیەتی ـ لە ووشە کوردی‌یەکاندا بە (سەری کورت)و لەعەرەبی‌یەکاندا بە (هـ) دەناسرا • یاخود دەبوایە پارچە شیعرەکان لێك جیابکرانایەوە •• وەکو پارچە شیعرەکەی (٤) ل (٤٠١ ـ٤٠٦) ، سەروا‌کەی لە ڕاستی‌دا وەکو سەروای پارچەکانی تری کۆمەڵەکە نیە •

ز ـ ل ٥٩٧ د ١ • هاتووە : (تیپی یێ) ئەمەش دەبوایە بنووسرێت (تیپی ـێ)و ، هەموو پارچەکانی کۆمەڵەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو تاوەکو دێڕە شیعری یەکەمی ل ٦٣٧ و پارچەکانی ٨/ل(٦٥٠ ـ ٦٥٤)و ٦/ل (٦٩٧ ـ ٧٠٠) و ١٧ /ل (٧٠١ ـ٧٠٧)دەگرێتەوەو پارچەکانی ل (٦٣٧ ـ ٦٤٩)و ٩/ ل (٦٥٥ ـ ٦٩٧)و ١٩/ل (٧٠٧ ـ ٧١٣) بەبەر سەروای (تیپی ـی) دەکەون کە لە ڕاستی‌دا ئەم دوو پیتە (ی ،ی) لە ئیسك‌و دەنگدا لێك‌جودان• هەرچەندە نە ڕاستی‌دا (ی) بزوینو (ی) نابزوینو (ی)ش لێك جودان ، بەڵام چونکە نالی خۆی لە سەروای یەك پارچە شیعردا هەرسێکیانی بەکار هێناوەو جیاکردنەوەیان ئاشییێت •

ح ـ لە (پێرستی پارچە شیعرەکانی دیوانی نالی)دا هاتووە : ل ٧٤١ (تیپی ئەلف) لامەوایە (تیپی ـ١) ڕاستترە• نیتر ٧٤٣ (بێ تێ ، ئێ ، جیم، طێ ، قاف ، کاف ، میم ، نون، ث ، چ ، ح ، د)و پیتەکانی تریش (ڕێ ، زێ ، ژێ ، سین، لێ ، قاف ، کاف ، میم ، نون، واو ، هێ ، یێ) دەبن بە (ر ، ز ، ژ ، س ، ط ، ق ،ك، م ، ن ، و ، ه ،ی)وله دووەکەی دواییدا خالی (و ، ز) ڕەچاو دەکرێن •

٣ ـ بیروڕا :

آ ـ ل ١٥ /د (٢٣ـ٢٧) • هاتووە :

« زاراوەکانی ئەو موحەسسیناتەشمان هەر بە عەرەبی هێشتەوە ، چونکە هێشتا وشەی پڕ بە پێستیان لە کوردیدا بۆ دانەنراوەو هەرچییش تا ئێستا لێرەو لەوێ بەرچاو ئەکەوێ کاڵو کرچە » •

من لەگەڵ ئەم بیروڕایەدا نیم چونکە :

١ ـ ووشە مەبەست نیەو نابێت ، تەنانەت لای شاعیریش بەڵکو پردێکە بۆ گەیشتنی مەبەستە کە ئەویش واتایە چونکە ئەوەی ڕاستی بێت هیچ ووشەیەك لە هیچ زمانێکدا واتای پڕ بە پێستی ووشەیەکی تر لە هەمان زماندا نادات‌و چونکە چەمك‌و واتا شتێکی نیسبی‌یە •

٢ ـ بەرامبەر بە لێکۆڵەرەوە ڕافەکردنو ڕوونکردنەوەی واتای ووشەو زاراوەکان بەهەر شێوەیەك بێت گرنگترە لەوەی لە پاراستنی جوانییەکەیان بگەڕێت •

٣ ـ گفتی (لێرەو لەوێ) واتایەکی فراوانو ناوچە یەکی بەرین دەگرێتەوەو من لەو باوەڕەدام هیچ مەبەستو واتایەك لە هیچ دەروونێکدا نیە کە ووشەی بۆخۆی لە

سەرۆکی فەرماندە پیرۆزبایی لە مەلیکی نیپال ئەکات

بەریز سەرۆک احمد حسن البکر بروسکەیەکی پیرۆزبایی ناردوە بۆ مەلیك ((ئابیرا ندراشاه دیف)) مەلیکی نیپال ، بەبۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی نیپالەوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە .

خاوەن شکو ((ئابیرا ندراشاه دیف)) مەلیکی نیپالگانماندۆ .

بە بۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی نیپالەوە خوشحالم بەناوی گەلو حکومەتی عیراقەوەو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایی لە خاوەن شکوتان بکەم لەگەل ئاواتە خوازیم بە تەندروستی باشی و بەختیارنیان و پێشکەوتن بۆ گەلی نیپال .

احمد حسن البکر
سەرۆك کۆماری عیراق

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی بەیانی : وەشە مارادی دووەم سەرۆکی کەنیسەی پەیامبەری کاثولیکی کۆنو امین رعید رحیم بەرێوەبەری گشتی کومپانیای ئیستیرادو دابەش کردنی کشتەردستەی بیناکاری هاتنە کۆشکی کۆماری و ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریا نووسی بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بەبۆنەی دانانیانەوە لە شوێنە تازەکانیان ، هەروەها صلاح عمر العلی بالوێزی کۆماری عیراق لە ئیسپانیا لەکۆشکی کۆماری ئامادە بوو وە ناوی خۆی بەبۆنەی هاتنیەوە بۆ بەغدا لە دەفتەری میوانداریدا نووسی • دیسان دوکتور محمد الفرا یاریدەدەری ئەمینداری جامعەی ولاتەعەرەبەکانو ئەو وەفدەی لەگەلیایەتی بەبۆنەی سەردانەکەیانەوە بۆ بەغدا چونە کۆشکی کۆماری و ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا نووسی ، هەروەها خالد عبدالحمید مهدی بەریوەبەری گشتی هەرەوەزکاری کشتوکالو داود رمل جاسم بەریوەبەری گشتی رابەری کشتوکال چونە کۆشکی کۆماری بۆ ئیزن وەرگەتنی سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وڵات •

لە بروسکەیەتدا بۆسەرۆکی فەرماندەو
هاوری صدام حسین :

لەپۆلونیا قوتابیانمان ستایشی ئەو چاودێریە ئەکەن کە حزبو شۆرش بەرامبەر بزوتنەوەی قوتابیان ئەیخوێنێ

بەریز سەرۆك احمد حسن البکر بە ڕێز صدام حسین لە ئەندامانی کۆنگری شەشەمی یەکێتی نیشتمانی عیراق لقی پۆلۆنیاوە بروسکەیەکیان پێ گەیشتوە ، لە بروسکەکەدا ستایش و سوپاس و ڕێزیان نیشان داوە بە رامبەر ئەو چاودێریەی حیزبو شۆرش لە دەرەوەو ناوەوەی وڵاتدا پشکەشی بزوتنەوەی قوتابیانی کردوە ..

بروسکەکە ئەڵێت : لایەنگیری و ڕێزمان بەرامبەر ئەو سیاسەتە ڕاستو دروستەدەرئەبڕین کە سەرکردایەتی شۆرشی ١٧ی تەمموز لەسەری ئەڕوات ، لە پێناوی بەدەیهێنانی ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەبماندا ، لەسەروی ئەو ئامانجانەوە رزگاریەکی تەواوی خاکی زەوتکراوی عەرەبو بەرەنگار بونەوەی هەمو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستان .

لە هەمانکاتدا ئەژینو بەوریاییەوە ئاگاداری ئەو گۆرانانەین کە نیشتمانی عەرەبی پیدانتیەڕ ئەبێو ئەو پیلانانەی لەلبنانداە پشتگیری ڕژێمی گومرای سوریا ئەلقە لە گرین ئیمپریالیزمە ئەمەریکایی و زایونیزمە رەگەزپەرست بۆ نەهێشتنی مەسەلەی فەلەستین ئەکیشرێت ..

هەروەها ئەڵێت : کۆنگرە کەمان ئەوپەری لایەنگیریی سیاسەتی شۆرشی ١٧ی تەمموز و حیزبە سەرکردەکەی ئەکات بەرامبەر مەسەلەی فەلەستینو شورشی عەرەب .

پاشماوەی : هاوڕێ العیسمی

لەسەر ئەوەی کەلەکارو تاقی کردنەوەکانیدا بەردەوام بێت و هەردەم ئامادەی پارتزگاری بەرژەوەندی گەلو ئەودەست کەوتانەیەتی کە شۆرشی ١٧ی تەمموزی نەمر بەدەیهێناوە ، وەهەمیشە ئامادەی تێکۆشانە لەپێناوی بیروباوەرە بەرزەکانیدا و ئامانجی نەتەوەی عەرەب لە یەکێتی سەربەستیو سۆشیالیستیدا ..

پاشماوەی : سەرۆکی فەرماندە

نەتەوەکەمانو تەبایی ڕێلەکانێتی .

ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستە، بکەوینە شوێن پێی هەلوێستە چاکەکانی نەتەوەکەمانو بەیامە نەمرەکەیو ئەو ڕاستە ڕێگایەی کە ڕێبازی داهێنانی لەبەردەما خۆش کردوە بۆ چەندین سەدە مرۆڤایەتی خستە ئێو باوەشی شارستانیەتەوە .. هەروا پێویستیەکی زۆرمان بە یەکگرتنو بە گژاچوونی پیلانە گلاوەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزم کۆنەپەرستی هەبە ، کە مەبەستیان چاندنی تۆوی دوبەرەکی و تایفەگەری ئاین بازی لە نێوان ڕۆلەکانی یەك نشتمان لە لوبنانی ئازیزو عەرەبیو لە گەلی لای ولاتی ئەتەوەکەمانیشدا .

لە ئەنجاما ، لە خوای گەورەو بە توانا ئەپارێمەوە ، کە ئەم ڕۆژانەتان بۆ بکا بە ڕۆژانی خێرو خۆشیو بۆ نەتەوەی عەرەبو ولاتەکەمان بە ئەو پەری هێزو پتەوی لەراستە ڕێی برایەتیو تەبایی ڕاستەقینەو قوول ، کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان لەژێر سایەی شۆرشە نەمرەکەیدا ، شۆرشی حەقدەی تەموزی سەرکەوتوودا .. ئەژیت .. ئاواتە خوازین ئەم ساتەمان ، ساتی کارو سەرکەوتن بێت ، شان بەشانی خێرو خۆشیو سەرکەوتنی سەرانسەری نەتەوەی عەرەبمان ..

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته .

احمد حسن البکر
سەر کۆماری عیراق

ڕون کردنەوە سەبارەت بەپیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی فرۆشتنی شوقەی نیشتەجێ بە هاوولاتیان

وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان ئەعلیماتی سەبارەت جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بارەی فرۆشتنی شوقەی نیشتەجێ بە هاوولاتیانو دربارەی ئەو خالانەی پێویستە کریارەکان هەیان بێت لە گەل مەرجو چۆنایەتی کرینو فرۆشتنیدا •

جەدوەل قیسمتەکان بڕیتیە لەوە کە کریارەکە ئەبێت ١٥٪ نرخی شوقەکە بدات ئەگەر شوقەکە بایی (٧) حەوت هەزار دینار تا ٨٫٥٠٠ هەشت هەزارو پێنج سەد دینارو .. لە هەر دوو حالەتەکەدا ئەو بارەیەی کە ئەمێنێتەوە لە ماوەی ٣٥ ساڵدا بەقیست ئەدرێتەوە •

بەلام کریارەکان ئەبێت ٢٠٪ی نرخی شوقەکە بدون کەمەر نرخی شوقەکە ١٠٫٠٠٠ دەهەزار دینارو ، ئەو پارەیەی کە ئەشمێنێتەوە لە ماوەی ٢٠ بیست ساڵدا ئەدرێتەوە •

● چەندەی کریارەکان

سەبارەت ئەهالی جەدوەلی بەراوردەکە ئەڵێت .. خاوەن خێزان لە سەلەتو ڕەبەن لە بیشترە وە ئەو کەسەی منالی هەیو بە شەرعی ئەو بەخێویان کات لە بیشترە لەوەی کە منالی نەبێت ، وە لە کاتێکدا خانەکانی دووکریار وەك یەك بون ئەوا پشك یان بونەخرێت بەگوێرەی ژمارەی شوقەکان •

بەلام سەبارەت فەرمانبەرو خانەنشین کراوەکان خاوەن خێزان زیاتر بەسەند ئەکرێت لە سەلەتو ڕەبەن ، وە ئەوانە زیاتر بەسەندن کە لە دەزگاکانی دەونەتدا خزمەتیان زۆرترە .. وە ئەوانەی منالیان زۆرەو بە شەرع ئەرکی بەخێوکردنیانی بە ئەستۆوەیە ، وە ئەوانەش زیاتر بەسەند ئەکرێن کە دەست کەوتیان کەمە ئەوانەی دەستکەوتیان زۆرە .. وە ئەکاتی چونیەکی خانەکانیاندا لە سنوری شوقەکاندا پشك ئەخرێن •

جەدوەلی بەراوردەکە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ١٥ خال ئەدرێت بەو پیاوەی زنی هەبێت یا ئەو ژنەی مێردی هەبێت وە هەر منالێکی کور یاکچ ٥ خالیان ئەدرێتی بەمەرجێك بە شەرع ئەرکی بەخێوکردنیانی نە ئەستۆدا بێتو هەر ساڵێك خزمەت ٤ خالی ئەدرێتی .. وە ٢٠ خال ئەدرێت بەو کەسەی دەستکەوتی لە ٦٠ دینار کەمتربێتو ١٥ خال ئەدرێت بەوەی دەستکەوتی لە ٦٠ دینار زیاتربێت ، تاسنوری ٨٠ دینار .. وە ١٠ خال ئەدرێت بەو کەسەی دەستکەوتی لە ٨٠ دینارەوە تا ١٠٠ دینار بێتو ٥ خال ئەدرێت بەو کەسانەی دەستکەوتیان لە ١٠٠ دینار بەرەو زۆرترە ..

● مەرجی داخوازی کرین

ئەعلیماتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەڵێت .. ئەبێ هەمو کریارێك ئەم مەرجانەی تیابێت .

١ ـ کریارەکە خۆی یا ژنەکەی یا ئەو منداڵانەی بەخێویان ئەکات کە یەکەم جار لە گەل دەزگاکەدا ڕێك ئەکەون نابێت خانویا شوقەیان هەبێت .

٢ ـ خۆی یا ژنەکەی نابێ لەمەوبەر کە لکیان لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ کردنی تر وەرگرتبێ ..

٣ ـ داخوازی کرین وەرئەگیرێت ئەگەر بیاوەکە یا ژنەکەی لە ملکی کەدا بەشیان هەبێت بەلام کاتێ داخوازیکە پێشکەش ئەکەن نابێ قەرزاری بانقی عەقاری بێ •

٤ ـ کریارەکە ئەگەر لە کارگیرانی دەولەت بو نابێ خزمەتەکەی لە یەك سال کەمتربێت .. وە لە گەل ئیستمارەی داخوازی کریندا سەبارەت بەوە .

ئەبێ ئەم ئەوراقە پێویستانە پێشکەش بکات •

أ ـ جنسیەی عیراقی •

ب ـ باوەرنامەیەك لە چێگای ئیشەکەیەوە بێتێت ماوەی خزمەتو دەستکەوتی مانگانەیو ئەو پارانەی هەمو مانگی لێ ئەبڕێت تیا دیاری کرێت ئەگەر ئەوکەسە لە کارگیرانی دەولەتبو •

ج ـ تەسکەرەی نفوسی خێزانەکە یا هەر شتێ جێی ئەوانە بگرێتەوە •

ئەو کریارەی کە داخوازیکەی پەسەند ئەکرێتو هەر کە بڵاوکرایەوە ئەبێ لە ماوەی مانگێکدا ٢٠٪ی نرخی ئەو شوقەیی بدات کە ئەیەوێت بیکرێتو ئابێت ئەو پارەیە ١٥٪ کەمتربێت لەسەر ئەو شێوەیەی باس کراوە دوای ڕێکەوتن یا لە کاتی جێبەجێ کردندا ئەتوانی پارەی کەش بدات •

● قەرزکردن •

ئەوکەسانەی لەسەر ئەو بنچینەیەی پاسمان کرد ئەپالیورێن بانقی عەقاری بە قانزاجی ساڵانەی ٣٪ قەزریان ئەداتێ •

قەرزەکەی بانقی عەقاری بە قیستی مانگانە وەرئەگیرێتەوە بە نیسبەتی ئەوانەوە کە کار گیری دەوڵەتن وە ئەشێ لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەدا داهاتی میردو ژنەکە بێکەوە ڕەچاو کرێت بەمەرجێك ئەو پارەیەی لیبانئەبڕدرێت ٥٠٪ی دەستکەوتیان زیاتر نەبێت بیجگە لەوەی کە پەیوەندی بەئەفەقەی شەرعیو مارەیی دواخراو وقەرزی خەزێنەوە هەیە •

بەلام بەنیسبەت ئەهالیەوە بەگوێرەی ئامۆژگاریی بانقی عەقاری پارەیان لێ ئەبڕدرێت • دوا نرخی ئەو شوقانە بەگوێرەی یاسای تەسجیلی عەقاریو لەبەر ڕوناکی ئەم مەسرەفانە حساب ئەکرێت •

أ ـ پارەی بیناکە •

ب ـ نرخی زەوێکە •

ج ـ هەر شوقەیە چەندی حەقی قیرتاوو زێرابو ئاوو کارەبا ڕاکێشانو ئەو مەسرەفانەی تر ئەگەر بۆی کرا وەك ئامرازی فێنك کردنەوەو گەرم کردنو ئەسانسورو شتی تر •

د ـ قانزاجی ئەو قەرزەی دەزگاکە لە ماوەی دروست کردنی ئەو شوقانەدا ئەکەوێتە سەرشانی •

وە لە کاتێکا ئەگەر جیاوازی لەنیوان نرخی هەلسەنگاندنی سەرەتایی و دواییدا پەیدابو ، کریارەکە بۆی هەیە کە بە نەقدی ئەو پارەی جیاوازیە بدات یا بیخاتە سەر قەرزەکەی بانقی عەقاری •

● تەسجیل کردنی شوقەکە

شوقەکە بەناوی ئەو کەسەوە ئەنوسرێت کە داخوازیی کرینی پێشکەش کردوە ، ئەویش بە ئاگاداریی دەزگاکەو بەپێی عەقدی کرین لە دایەرەکانی تەسجیلی عەقاریدا .. وە تەسویەی ئەوپارانە ئەکرێت کە پێشەکی دراون .. وە ئەو پارەیەی ئەمێنێتەوە ئەبێتە قەرزێك بە ملی ئەو کەسەوە کە کەلکی لێوەرئەگرێت .. بانقی عەقاری بەفەدەر قەرزەکەی خۆی نیشانەی دەستە بەسەرا گرتن ئەخاتە سەر ئەو شوقەیە ..

ئەوەی کەلك لە شوقەکە وەرئەگرێت لەم شتانە لێی ئەبوردرێ :

١ ـ باجی عەقاری بە درێژایی ماوەی قەرزەکە •

ب ـ ڕەسمی تەسجیلی شوقەکە بە ناوی یەکەم خاوەنیەوە •

یەکەم کریاری شوقەکە کە قەرزی لەسەر نەما ئەتوانی شوقەکەی بفرۆشی ، کریاری دوای ئەم بۆ ئەم مەبەستە قەرزی نادرێتی ئەوانەی ئەیانەوێت لەم شوقانە بکرن بەپێی ئەو خالانەی باس کراون پەسەند ئەکرێن .. وە لە نیوان ئەو کەسانەی بۆ ئەو پرۆژەی نیشتەجێ کردنەدا هەلبژیردراون بۆ شوێنی بالەخانەکەو ژمارەی شوقەکەو نهۆمەکەی قورعەیان لە نیواندا رائەگیشرێت •

وە لەلایەکی ترەوە وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان ئەوەی ڕاگەیاندوە کە ماوەیەکی تر کاتی تەسجیل کردنی کرینی ئەو شوقانە دیاری ئەکات •

● ئیستیمارەکە

ئیستیمارەی داخوازی کرینی ئەو شوقانە ئەڵێت ... ئەبێ کریار بەڵێنی ئەوە بدات کە دەزگای گشتیی نیستەجێ کردن داوای بارەی پێشەکی ئەو شوقانەی لێ کردن هەرکە داخواز کەیان پەسەندکرا ئەبێ لە ماوەی مانگێکدا ئەو پارەیە بدەن .

وە بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەم بارەیەوە ئەوەبو کە دەزگای گشتیی نیشتەجێ کردن بەڵێنی ئەوە بدات لە ماوەی سێ ساڵ دوای وەرگرتنی پێشەکەکەدا ، شوقەکان بدات بەو کریارانە .

ئاەدع

پاشماوەی : هاوڕێ صدام حسین

دواییانو مەبەستی مەرکەزی کەئەو چۆرە چالاکیانە دیاری ئەکەن ، بە جۆرێکی وا وردبین دیاری ئەکەن ، کە ئەو جورە چالاکیانە بە هیچ کاڵێجێ لەگەل جەوهەری ڕژێمی سەرمایەدارەکاندا ناکوك نەبن .

کۆمەڵی سۆشیالستی ئێمە ، کۆمەڵێکە بێ ملکیەتی تاقەکەسی نیە بەلام کۆمەڵێکە بێ چەوساندنەوە ، وە ملکیەت بە جۆری تیایدا دیاری ئەکرێ کە لەگەل ئامانجەکانی ڕژیمی سۆشیالستیدا ناکۆك نەبێو هەروەها لە چەسپاندنی کاروباری قوناغە یەك بەدوای یەکەکاندا ناکۆکی نەبێ ، کاروباری هەرەوەزکاری لە ولاتەکەماندا ، هەرچەندە لە شیوەدا پێشکەوتوبێ ، نا ونجێ لە ئیستاو پاشەڕۆژدا جێگای سۆشیالیزم بگرێتەوە •

هەندێ باری سەرنجی خێرایم سەبارەت بەو قسانە هەیە کە برایان لە ڕووی کاروباری هەرەوەزکاریەوە کردیان و بوختەکەی ئەوەیە : چالاکیەکانی هەرەوەزکاری و کەرتی هەرەوەزکاری لە ولاتەکەماندا ، چالاکیو کەرتی بێلایەن نیە لە نێوان کەرتی تایبەتو کەرتی گشتیدا ، یان لە نێوان ڕژیمی سۆشیالستیو ڕژیمی سەرمایەداریدا ، بەڵکو چالاکیو کەرتێکە کە لە چوارچێوەی گشتیدا سەربە فیکری سۆشیالیستی شۆڕشەو بەپێی بۆچونەکانیەتیو ڕێگا نادرێ چالاکی لەم کەرتەدا لەگەل ڕێرەوی پیناکاری سۆشیالستیدا ناکۆکبێ ، بەڵکو ئەبێو پێویستە لە خزمەتی ڕێرەوەکەیدابێ لە ئیستاو پاشەڕۆژیش .

بەلام ، چالاکی هەرەوەزکاری ، لە هەموو شێوە پێشکەوتوەکانیا ، سۆشیالیزم نیەو ناش گونجێ شوین گرەوەی بێ ، ئەوە هەیە ، هەندێ لایەنی دیاری کراوی چالاکیەکانی ئەبێ لە چوارچێوەی کەرتی سۆشیالستی دابێ ، لە ولاتە سۆشیالستەکانیشدا لەوەپێش و ئیستاش هەروا بوەو پێویستە ئەم تێگەیشتنو بۆچونە لای هیچ لایەکتان بەهەڵە لێك نەدرێتەوە .

بەپێی بۆچونی من ، چالاکی وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان ئەعلیماتی سەبارەت جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بارەی فرۆشتنی شوقەی نیشتەجێ بە هاوولاتیان بڵاوکردۆتەوە دەربارەی فرۆشتنی شوقەی نیشتەجێ بە هاوولاتیانو درێژەی ئەو خالانەی پێویستە کریارەکان هەیان بێت لە گەل مەرجو چۆنایەتی کرینو فرۆشتنیدا • جەدوەلی قیسمتەکان بڕیتیە لەوە کە کریارەکە ئەبێت ١٥٪ نرخی شوقەکە بدات ئەگەر شوقەکە بایی (٧) حەوت هەزار دینار تا ٨٫٥٠٠ هەشت هەزارو پێنج سەد دینارو .. لە هەر دوو حالەتەکەدا ئەو بارەیەی کە ئەمێنێتەوە لە ماوەی ٣٥ ساڵدا بەقیست ئەدرێتەوە •

بەلام کریارەکان ئەبێت ٢٠٪ی نرخی شوقەکە بدون کەمەر نرخی شوقەکە ١٠٫٠٠٠ دەهەزار دینارو ، ئەو پارەیەی کە ئەشمێنێتەوە لە ماوەی ٢٠ بیست ساڵدا ئەدرێتەوە •

● چەندەی کریارەکان

سەبارەت ئەهالی جەدوەلی بەراوردەکە ئەڵێت .. خاوەن خێزان لە سەلەتو ڕەبەن لە بیشترە وە ئەو کەسەی منالی هەیو بە شەرعی ئەو بەخێویان کات لە بیشترە لەوەی کە منالی نەبێت ، وە لە کاتێکدا خانەکانی دووکریار وەك یەك بون ئەوا پشك یان بونەخرێت بەگوێرەی ژمارەی شوقەکان •

بەلام سەبارەت فەرمانبەرو خانەنشین کراوەکان خاوەن خێزان زیاتر بەسەند ئەکرێت لە سەلەتو ڕەبەن ، وە ئەوانە زیاتر بەسەندن کە لە دەزگاکانی دەونەتدا خزمەتیان زۆرترە .. وە ئەوانەی منالیان زۆرەو بە شەرع ئەرکی بەخێوکردنیانی بە ئەستۆوەیە ، وە ئەوانەش زیاتر بەسەند ئەکرێن کە دەست کەوتیان کەمە ئەوانەی دەستکەوتیان زۆرە .. وە ئەکاتی چونیەکی خانەکانیاندا لە سنوری شوقەکاندا پشك ئەخرێن •

جەدوەلی بەراوردەکە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ١٥ خال ئەدرێت بەو پیاوەی زنی هەبێت یا ئەو ژنەی مێردی هەبێت وە هەر منالێکی کور یاکچ ٥ خالیان ئەدرێتی بەمەرجێك بە شەرع ئەرکی بەخێوکردنیانی نە ئەستۆدا بێتو هەر ساڵێك خزمەت ٤ خالی ئەدرێتی .. وە ٢٠ خال ئەدرێت بەو کەسەی دەستکەوتی لە ٦٠ دینار کەمتربێتو ١٥ خال ئەدرێت بەوەی دەستکەوتی لە ٦٠ دینار زیاتربێت ، تاسنوری ٨٠ دینار .. وە ١٠ خال ئەدرێت بەو کەسەی دەستکەوتی لە ٨٠ دینارەوە تا ١٠٠ دینار بێتو ٥ خال ئەدرێت بەو کەسانەی دەستکەوتیان لە ١٠٠ دینار بەرەو زۆرترە ..

● مەرجی داخوازی کرین

ئەعلیماتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەڵێت .. ئەبێ هەمو کریارێك ئەم مەرجانەی تیابێت .

١ ـ کریارەکە خۆی یا ژنەکەی یا ئەو منداڵانەی بەخێویان ئەکات کە یەکەم جار لە گەل دەزگاکەدا ڕێك ئەکەون نابێت خانویا شوقەیان هەبێت .

٢ ـ خۆی یا ژنەکەی نابێ لەمەوبەر کە لکیان لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ کردنی تر وەرگرتبێ ..

٣ ـ داخوازی کرین وەرئەگیرێت ئەگەر بیاوەکە یا ژنەکەی لە ملکی کەدا بەشیان هەبێت بەلام کاتێ داخوازیکە پێشکەش ئەکەن نابێ قەرزاری بانقی عەقاری بێ •

٤ ـ کریارەکە ئەگەر لە کارگیرانی دەولەت بو نابێ خزمەتەکەی لە یەك سال کەمتربێت .. وە لە گەل ئیستمارەی داخوازی کریندا سەبارەت بەوە .

ئەبێ ئەم ئەوراقە پێویستانە پێشکەش بکات •

أ ـ جنسیەی عیراقی •

ب ـ باوەرنامەیەك لە چێگای ئیشەکەیەوە بێتێت ماوەی خزمەتو دەستکەوتی مانگانەیو ئەو پارانەی هەمو مانگی لێ ئەبڕێت تیا دیاری کرێت ئەگەر ئەوکەسە لە کارگیرانی دەولەتبو •

ج ـ تەسکەرەی نفوسی خێزانەکە یا هەر شتێ جێی ئەوانە بگرێتەوە •

ئەو کریارەی کە داخوازیکەی پەسەند ئەکرێتو هەر کە بڵاوکرایەوە ئەبێ لە ماوەی مانگێکدا ٢٠٪ی نرخی ئەو شوقەیی بدات کە ئەیەوێت بیکرێتو ئابێت ئەو پارەیە ١٥٪ کەمتربێت لەسەر ئەو شێوەیەی باس کراوە دوای ڕێکەوتن یا لە کاتی جێبەجێ کردندا ئەتوانی پارەی کەش بدات •

● قەرزکردن •

ئەوکەسانەی لەسەر ئەو بنچینەیەی پاسمان کرد ئەپالیورێن بانقی عەقاری بە قانزاجی ساڵانەی ٣٪ قەزریان ئەداتێ •

قەرزەکەی بانقی عەقاری بە قیستی مانگانە وەرئەگیرێتەوە بە نیسبەتی ئەوانەوە کە کار گیری دەوڵەتن وە ئەشێ لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەدا داهاتی میردو ژنەکە بێکەوە ڕەچاو کرێت بەمەرجێك ئەو پارەیەی لیبانئەبڕدرێت ٥٠٪ی دەستکەوتیان زیاتر نەبێت بیجگە لەوەی کە پەیوەندی بەئەفەقەی شەرعیو مارەیی دواخراو وقەرزی خەزێنەوە هەیە •

بەلام بەنیسبەت ئەهالیەوە بەگوێرەی ئامۆژگاریی بانقی عەقاری پارەیان لێ ئەبڕدرێت • دوا نرخی ئەو شوقانە بەگوێرەی یاسای تەسجیلی عەقاریو لەبەر ڕوناکی ئەم مەسرەفانە حساب ئەکرێت •

أ ـ پارەی بیناکە •

ب ـ نرخی زەوێکە •

ج ـ هەر شوقەیە چەندی حەقی قیرتاوو زێرابو ئاوو کارەبا ڕاکێشانو ئەو مەسرەفانەی تر ئەگەر بۆی کرا وەك ئامرازی فێنك کردنەوەو گەرم کردنو ئەسانسورو شتی تر •

د ـ قانزاجی ئەو قەرزەی دەزگاکە لە ماوەی دروست کردنی ئەو شوقانەدا ئەکەوێتە سەرشانی •

وە لە کاتێکا ئەگەر جیاوازی لەنیوان نرخی هەلسەنگاندنی سەرەتایی و دواییدا پەیدابو ، کریارەکە بۆی هەیە کە بە نەقدی ئەو پارەی جیاوازیە بدات یا بیخاتە سەر قەرزەکەی بانقی عەقاری •

● تەسجیل کردنی شوقەکە

شوقەکە بەناوی ئەو کەسەوە ئەنوسرێت کە داخوازیی کرینی پێشکەش کردوە ، ئەویش بە ئاگاداریی دەزگاکەو بەپێی عەقدی کرین لە دایەرەکانی تەسجیلی عەقاریدا .. وە تەسویەی ئەوپارانە ئەکرێت کە پێشەکی دراون .. وە ئەو پارەیەی ئەمێنێتەوە ئەبێتە قەرزێك بە ملی ئەو کەسەوە کە کەلکی لێوەرئەگرێت .. بانقی عەقاری بەفەدەر قەرزەکەی خۆی نیشانەی دەستە بەسەرا گرتن ئەخاتە سەر ئەو شوقەیە ..

ئەوەی کەلك لە شوقەکە وەرئەگرێت لەم شتانە لێی ئەبوردرێ :

١ ـ باجی عەقاری بە درێژایی ماوەی قەرزەکە •

ب ـ ڕەسمی تەسجیلی شوقەکە بە ناوی یەکەم خاوەنیەوە •

یەکەم کریاری شوقەکە کە قەرزی لەسەر نەما ئەتوانی شوقەکەی بفرۆشی ، کریاری دوای ئەم بۆ ئەم مەبەستە قەرزی نادرێتی ئەوانەی ئەیانەوێت لەم شوقانە بکرن بەپێی ئەو خالانەی باس کراون پەسەند ئەکرێن .. وە لە نیوان ئەو کەس

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵدا
بانگ راهێشتن بۆ وازهێنان لە بیروکرداری کۆنی وەزیفە

پێرێ بەیانی بەڕێز عـزة ابراهیم ئەندامی ئەنجـومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەروکایەتی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵی کردوە .

لە کۆبونەوەکەدا هاوڕێیان عبدالفتاح الیاسینو طاهر توفیقو حسن علی ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو دکتۆر حسن فهمی جمعە وزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵو دکتۆر مکرم جمال وەزیری رەی بەشداربون .

بەڕێز عـزة ابراهیم لە وتاریکدا ، بایەخی پەرەپیدانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵو کرداری دیموکراتیانەی نیوان کارگیرانی ناو دایرە کشتوکاڵیە هەمە جۆرەکانی دیاری کردوە .

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوای پێویستی رەچاوکردنی مەبدەئی مەرکەزیەتی نەخشەکێشانو ئامەرکەزیەتی جێبەجێ کردنی کردوە لەو چارەسەرانەدا کە دەرگا لێبرسراوەکانی کەرتی کشتوکاڵ نیشانی ئەدەن بەسەرجێک ئەوە بەبێ جێگای ئەو مەسەلانە بێت کە پێویستە چارەسەرکرێن .

هەروەها داوای کردوە کە دوجەیلەی ئاودێری بێنن ، ئەو واربهێنن لە بیرو کرداری کۆنی وەزیفە فەرمانبەری . ئەنجومەن لەسەر ئەوە ریکەوتوە کە چەند ئەندازیارێکی راوێژکار بۆ سەربەرشتی پرۆژەی ئێنجێت .

هەروەها بریاری پێک هێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ دراوە بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی ئەو تەرزانەی باقی کشتوکاڵی بۆ پشت گیری پرۆژەکانی پەرەپیدانی ئاژەڵ ئەیدات .

ئەم مانگە دابەشکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵ تەواو ئەبێ ..

« هاوکاری » زانیویەتی کە کاروباری دابەش کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا تەواو ئەبێ .

پاڵنایی ئەو زەوی وزارەی تا کۆتایی مانگی رابوردوو دابەش کراوە کە پشتوتە « ١١ » ملیۆنو هەزارو « ١٢١ » دونم کە « ٣١٦ » هەزارو « ٣٣ » خێزانی فەللاحی سوودیان لێوەرگرتوە ، ئەو زەوی و زارەشی ماوەتەوە ، دابەش کردنی لەبەرئەوە دواخرابو ، چونکە مەرجی یاسایيان تەواو نەبوە .

دیسان پاڵنایی زەوی وزاری بیستانەکان کە هی چارەسەرکردنی کشتوکاڵەو لە هەموو پارێزگاکاندا دابەش کراون کەپشتوتە ١٤ هەزارو ٦١٤ دونم کە ٤ هەزارو ٦٨١ فەللاح سوودیان لێوەرگرتون .

پێشمەرگای لاوان لە هەولێر

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە ریکەوتی ٢٠-١٢ لە هۆڵی هەڵبەندی لاوانی هەولێر ، پێشانگایەکی هونەری فراوان بۆ هونەرمەندە نیگارکێشەکانی پارێزگاکە سازکرا ، کە تیایدا چەندەها تابلۆی هونەری نیشاندراو ژمارەیەکی زۆر لە گەورە لێبرسراوانو هونەردۆستانی هەولێر ئامادە بوون . وە ئەوەی شایانی باسە پێشانگاکە سێ ڕۆژ ئەخایەنێت .

پ . هاوکاری

جێبەجێ کردنی «٢٤» پرۆژەی ئاوی خواردنەوە

ئەم ساڵ بەرێوەبەرایەتی پرۆژەی ئاو کە سەر بە وەزارەتی شارەوانییە (٢٤) پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی تەواوکردووە کە (٣٥٧) هەزار و (٥٠٠) کەس سوودیان لێوەرگرتوە بەم زوانەش نزیکەی (٦٤) پرۆژەی ئاو کە ئێستا لە ناوچەکانی وڵاتدا ئیشیان تیایا دەکرێ تەواو دەبن ، بۆ ئەیاندنی ناوی خاوێن بە دێهاتەکان کە نزیکەی ملیۆنو نیویێک لە هاووڵاتیان سوودی لێدەبینن .

دیسان هەر لەمساڵەشدا (٤٠٠) هەڵبەندی کۆکردنەوەی ئاو بۆ ئەو دێهاتانە دروست کراوە کە نزیکن لە رووبارو بیرە ئیرتیوازیەکانەوە .

ئێستاش کار بەردەوامە لە دروست کردنی (٥٠٠) هەڵبەندی کۆکردنەوەی ئاو بۆ ساڵی ئایندە .

کۆمپانیای سوکە پیشەسازی بەرهەمی خۆی زیاد کردوە

کۆمپانیای سوکە پیشەسازی لە هەمو کارگەکانیدا بەرهەمی خۆی زیادکردوە .

لە مانگی رابوردودا ٥٢٪ بەرهەمی زوپای نەوتو ٣٨٪ بەرهەمی زوپای غازو ٣٥٪ بەرهەمی تەباخی غازو ٩٦٪ بەرهەمی سەلاجەی زیاد کردوە .

ڕۆژی یەک شەممەی رابوردو بەڕێز کریم شلش بەڕێوەبەری کارگەی زوپاو تەباخی غازی کومپانیەکە ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندوە ، هەروەها وتویەتی . ئەم پەرهەم زیاد کردنە لە ئەنجامی ئەوکارە هەرەوەزیە بوە کە بەڕێوە بەرێتی کۆمپانیاکە بەهاوکاری لە گەل لیژنەی نیقابەدا ڕێکی خستبو هەروەها وتویەتی .. بەڕێوە بەرێتی کۆمپانیاکە چەند کورێکی پێک هێناوە لەو کورانەدا پاسی دەوری کرێکاریانی کردوە لە قوناغێکی وەک ئەمڕۆدا لەگەل لێکولینەوەی زیاد کردنی وزەی بەرهەمو چاک کردنو پێشخستنی جۆری ئەو بەرهەمانە ، سەرەڕای پاس کردنی ئەو تەگەرانە کە ڕێگای پێشکەوتنی ئیش کردن ئەگرنو ئەو هۆیانەی کارئەکەنە سەربەرهەم لە کورەکاندا کرێکارانی کۆمپانیاکەو بەڕیوە بەرانی کارگەکانو مدیری مفوض تیایدا بەشداری کردوە .

هەروەها کورێکی فراوانیش بۆلێکۆلینەوەی نەخشەی بەرهەم هێنانی ساڵی ١٩٧٧ی سەرجەمی کارئەکانی کۆمپانیاکە کراوە ، هەمو کارئیرانی کۆمپانیاکە بە تەکنیکیو ئیداریو لیژنەی نیقابیو بەریوەبەری بەشەکانی کارگەکان مدیری مفوض بەشداریان تیایدا کردوە .

کۆمانیای ناوبراو لەساڵی ١٩٧٧ دا بۆیەکەم جار بەرهەمێکی نوێ ئەخاتە ناوبازاڕەکانەوە ئەویش برتیە لە تەباخی سێچاو چرای نەوت .

ئێستا کۆمپانیاکە خەریکی لێکۆلینەوەی دروست کردنی جۆرە زوپایەکی نەوتە کە هەمو مواسەفاتێکی جیهانی تیدایە ، واچاوەروان ئەکرێت لەناوەندی ساڵی ئایندەدا ئەو جۆرە زۆپایە بخاتە بازارەکانەوە .

سەربارەت چالاکیکانی لیژنەی نیقابی بەڕێز کاظم لفتە سەرۆکی لیژنەی نیقابە ئەڵێت: لیژنەی نیقابە هەتا ئێستا چەند کورێکی بو لیکۆلینەوەی باری بەرهەم هێنانو زیادکردنیو ئەو کۆسپانەی ڕێگای کارکردن ئەگرن پێک هێناوە ، کرێکارانی کۆمپانیاکەو بەڕیوە بەرانی کارگەکانو بەڕیوەبەری مفوض بەشداریان تیاکردوە .

هەروەها وتویەتی ، هەندێ لە کرێکارانی کارگەکە ئەو موخەسەساتانەیان نەویستوە کە لە پای ئیشی زیادەدا داویانەتی وبەخۆڕایی هاوبەشی ئەو کارە بەکۆمەلیان کردوە کە ماوەیەک لەمەوبەر ڕێک خراوە .

بەوهۆیەوە کۆمپانیاکە خەلاتی زۆر لە کرێکارانی کارگەی زوپاو تەباخ و سەلاجەی کردوە ، وە نامەی سوپاس نامەش بە زۆری تریان داوە . وەبەلەی دەوروبەری ١٣٩ کرێکاریش بەرزکراوەتەوە بەهۆی دەست رەنگینیانەوە توانیویانە پلەی بەرهەم هێنان زیادکەنو پێشی خەن .

کۆبونەوەی ئەنجومەنی گەل لە دیالە

ڕۆژی یەک شەممەی رابوردوو پارێزگاری دیالە لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەبووە ، کە ئەنجومەنی گەل بە سەرۆکایەتی هاوڕێ مزبان خضر ئەندامی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە دیالە بەستویەتی ..

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا سەرۆکی ئەنجومەن قسەی کردوو باسی ئەرکو کاروبارەکانی ئەنجومەنە گەلیەکانی کرد لە ڕووی هوشیارکردنەوەی جەماوەرەوەو بەرجاو خستنی پێویستیەکانیو بەرەپێدانی ئەو خزمەت گوزاریانەی دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت پێشکەشیان ئەکا .

دوای ئەوە لە زۆر کاروبارو پێویستی تر کۆڵانەوە کە لە ڕاپورتەکانی لقەکانی ئەنجومەنە گەلیەکاندا بوون ، وە ئەنجومەن گەیشتە . چەند بریارو ڕاسپاردەیەک تا بە پێی پێویست بیگەیەنن لایەنە دیاری کراوەکانی .

مشتێ وشەی لەڕوو

— سەربەست —

گرنگیدان بە دروستکردنو داهەزراندنی بزوتنەوەیەکی وەرزشی جەماهیری لە نێوان کۆمەڵانی فراوانی خەڵکەوە بەگشتیو لە نێوان لاوانو قوتابیانو ئەوانەی تازە پێ ئەگەن بەتایبەتی ، دەورێکی دیارو بنەڕەتی ئەبینی لە گورینی باری تەندروستی خەڵکیو لە تەقاندنەوەی بەهرەو هێزو توانای لەبن نەهاتووی جەماهیرەوە لە مەیدانی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیانو بەشداری کردنیان لە هێنانەدی گوڕانە پێویستو چاوەروان کراوەکانی کۆمەڵداو لەبەر ئەم هۆیانەو لە زۆربەی - زۆری وڵاتانی ئەم جیهانەو بەتایبەتی لە وڵاتە سوشیالستەکاندا بایەخێکی تەواو ئەدەن بە مەسەلەی ڕاهێنانی خەڵکیو بەشداری کردنیان لە تیپە وەرزشیەکانو زامن کردنی شوێنی ئونجاوو کەلوپەلو ئامیری پێویست بۆ ئەوانەی مەشق ئەکەنو دیسان هۆیەکانی بڕۆیاکەندەو ڕاگەیاندنیش بەردەوام خەریکی هاندانی خەڵکینو ڕادێوو ئەلەڤزیون هەمیشە پروگرامی تایبەتی بڵاوئەکەنەوە بۆ ئەوەی گوێگرو بینەرەکان پەیڕەوی بکەن لای ئێمەش ماوەیەکی کەمە دەزگا ڕەسمیەکانو ڕێکخراوە میللی یەکان گرنگی بەوەرزەشو تیپە وەرزشیەکان ئەدەنو لەو مەیدانەدا وەزارەتی لاوان دەورێکی باڵاو ئەساسی ئەبینیو هەر لەم بەینەدا وەزارەتی ئەشغالو ئیسکان ئەخشەی یارمەتایێکی زستانەی مەلەکردنی تەواوکرد کەنیو ملیون دیناری تێئەچیو مەساحەتەکەی ٥٥٠م٢و چێگای دانیشتی هەزار کەسی تیانەبێ ، لەگەل ژوری تایبەتی بۆ مودەربەکانو بۆ مەسماجو هی ئاوی گەرمو لەگەل ڕیستورانێکی فراوانیشو هەروەها ئەخشەی دروستکردنی دوو مەلبەندی تری نوێی لاوانی بەغدا ئامادەکردووە ، لە کاتێکدا کە بەرنامەبەرایەتی گشتی ئەشغال (جوارده) مەلبەندی لاوان لە بەغداو لە پارێزگاکاندا بیناکردووەو (٨٥٣) هەزار دیناریان تێچووەو لە لایەکی ترەوە خەریکی دروستکردنی (١٦) مەلبەندی تری لاوانە کە (٩٩٤) هەزار دیناریان بۆ تەرخان کراوەو دیسان دەزگاکانی ئەشغل خەریکی دروستکردنی چوار مەلبەندی بەروەردەی زانستین لە ئەینەواو سلێمانیو هەولێرو بەصرەدا بە (٣٢٤) هەزار دینار .

زامن کردنی شوێنو کەلوبەلو پێداویستەکانی وەرزش بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی سوودی لێوەربگرنو بایەخدان بە هاندانیانو تەرخان کردنی مودەربی پسپۆڕو شارەزا ، ئەمانە دەستەبەری دروستبوونو گەشەکردنی بزوتنەوەیەکی زانستی وەرزشن کە ئەنجامەکانی لە مەیدانی تەندروستی گشتیو چالاکی یە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو هۆنەری خەڵکی یاو دیسان لە مەیدانی بەرهەم هێنانو بڕۆسیسەکانی گوڕانو پێشخستنی کۆمەڵدا دەرئەکەوێت .

دیاریشە دروستکردنی بزوتنەوەیەکی جەماهیری فراوان لە توانای دەزگا ڕەسمیەکان بەتەنها نی یە بەڵکو ئەبێ ڕێکخراوە میللیەکانو نیقاباتو کۆمەڵەو یانە جۆربەجۆرەکان بەشدارێکی گەرمو ڕاستەوخۆو ئیجابی تیدابکەنو لەبەر ڕۆناکایی بڕۆگرامێکی زانستیانە کە جۆرەفتارو سروشتی تایبەتی خەڵکیو جۆری پێکهاتەی سایکۆلوجیان ڕەچاوبکرێت .

بزووتنەوەیەکی وەرزشی وا فراوانو جەماهیری کاری ماوەیەکی کورتو بە دروستکردنی چەند مەلبەندێکی تایبەتی نی یە ، بەڵکو ماوەیەکی درێژو ئیمکانیاتو توانایەکی زۆری ئەوێو هەر لەبەر ئەمەشە هەرچەند لەم مەیدانەدا بکرێت هێشتا [illegible] سوودبەخشە .

ئەدەبو سەربەستی و ئیلتیزام

لە ڕۆژی ٢٠-١٢-دا بەڕێوەبەرایەتی ژوشنبیری چەماوەری هەولێر ، کۆبونەوەیەکی لە هۆڵی نەقابەی کرێکارانی هەولێر ڕێکخست لەژێر ناونیشانی « ئەدەبو سەربەستیو ئیلیتزام » وە لە کۆڕەکەدا ژمارەیەک لە ئەدەبدۆستان نەوە مونافەشەکرا .

پ . هاوکاری

کۆمپانیای گشتی رستن و چنین لە هەولێر

ڕۆژی دوشەممەی رابوردو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بریاری داەزراندنی کومپانیای گشتی رستنو چنینی خوری لە هەولێر مۆر کردوە .

ئەم کومپانیایە، کوتانی خوری پوختو تێکەڵو کوتانی پیاوانو ئافرەتانە بە هەمو جۆرێک دروست ئەکات .

هاوکاری

لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

دەردەچێ

بەغداد - نیسانیە - خەلاتی

ص . ب

تەلەفون ٥/٦٨٣١١ خەت

ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمان ١٥٦

بڵاوکردنەوە و بڵاوکردنەوە لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی کوردی بەدەست

کۆبونەوەی هەرەوەزیەکانی جوتیاران لە هەولێر

لێپرسراوانی هەرەوەزیەکە دەستنیشانی ئەو ئەرکەیان کرد کە پێوستە جێبەجێ بکرێ بۆ ووشیاربوونەوەی جوتیارو هەوڵدان بۆ باشترین بەرهەم .

پ . هاوکاری لە هەولێر

پاشماوەی یونسکۆ لە نێوان فۆرستەر

کە ئیمپریالیزم بەرامبەر تەلان نواندبوی بەتایبەتی گەلانی کازە سەربەخۆ بووکە بۆنەوە تۆنە ڕۆشان سامانی کە لە پوزی جزراویان بسەنەوە ئایدیۆلۆژی ڕۆشنبیری نیشتمانی خۆیان نمیات بنێن، ئیمپریالیزم نیستاش بە لۆژیکی سەرەتای سەدەی بیست هامەلە لەگەل گەلان ئەکات ، کە لۆژیکی هیزو داگیرکاری ڕاستەوخۆی عەسکەری یەو ویرانکاری ئابوری و گوی نەدان بە وەی گەلان پی یان ناوەتە چەرخیکی نوێوە کە هیزی مژدە دان بەسەردەمێکی نوێی پی یە سەردەمی هاوکاری وەک یەکو یەکسان ، لەوکاتەوە گەلان پی یان ناوەتە قوناغی شەری ڕزگاریخوازی یەوەو توانیویانە بەسەر هیزی لەخۆبایی و هەست کردنی دەست ڕۆیشتووی ڕەگەزپەرستانەدا زاڵ ببن ڕۆژگار بەو شێوەیە نەماوە کە تەنیا مولکی تاکە هێزێک بێت هەرچەندە زلیش بێت لەسەر حیسابی هیزی تری بچووک .

سوپاس

لە قوولایی دڵەوە، سوپاسی دەستۆزیو چاکەی هەموو ئەو برادەرو خزمو کەسوکارانە ئەکەین کە بەهۆی کۆچی دوایی خێزانەکەمەوە ئەرکی هاتنە سەرفەیرانو پرسە پرسینیان خستە ئەستۆو هیوادارین ئەهامەتیان نەیەتی ڕیو کۆستی نازیزانیان نەکەوێ .

عمر عبدالرحمن رحیم
خاوەنی کتێبخانەی سلیمانی

پاشماوەی زایونیستەکانو

بەگوێرەی ئەوە ڕیژیمی خوارەوی ئەفریقا خەلوز بۆ قەوارەی زایزنی دەنێرێوە لە دامەزراندنی ڕیگای شەمەندەفەری نێوان پاریزگاو شارەکانی فەلەستینی داگیرکراودا بەشدار دەبێ .

ئاسۆی هاوکاریو هەنگاور - یکخستنی دوورڕیمی ڕەگەز پەرستی فەلەستینی داگیرکراوو خواروی ئەفریقا لە ڕۆناخی داهوتودا لە هەمو بارێکەوە بەرە دەستنی بەگوێرەی سروشتی ڕەگەزپەرستیو فاشیستی هەردولاوو بەوەی کەلە ڕاستیدا هەردوکیان دەست نێژی ئیستیعمارن و ئیمپریالیزمی جیهانی بۆسەرکوت کردنی جەماوەری عەرەبو گەلانی کیشوەری ئەفریقا وەک دارداستێک بەکاریان دێنێ .

ڕەنگە ئەم بەیمانە ڕەگەزپەرستیو ئیمپریالیستیە لێرەو لەوێ هێندێک سەرکەوتن بەدەست بێنی ، بەڵام ڕەوتی کارەساتەکانو بەرەسەندنی خەباتی میللی دژی ڕیژیمە ڕەگەزپەرستەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرکەوتن هەر بۆ ئەو تەلەئەیە کە لەپێناوی ئازادیو سەربە - خۆیی دا ئەجەنگن .

پاشماوەی ڕاپۆرتی سیاسی

کاری ئەراموش کردن نیە ، ئەمە دەردانێکی مەنتیقی ئەو مەیدانبازی یە ئەوردیە کە کومەڵانی خەڵک دەری ئەخەن دژی ئەو ڕژێمانەی بیلان بو مەسەلەی تێکوشانو ئازادی ڕەنینەوە ... ئەم مەیدانبازی یە کوتایی ئەهاتودو ئەوەستاوە ، هەرچەندە کێشانەکە ڤوڵو بڕو سەختە ، هەرگیز کۆتاییشی نابەو ناوەستێ ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شورش ئەم وڵاتە تێکوشەردا لە ١٧ - ٣٠ تەمووزی (٩٦٨)دوە چۆتە ڕیزە شەرێکی بر مەیدانبازی سەختەوە دژی ئیمپریالیزمو کونەپەرستیو پەلوپی یەکانیانداو لەهەمو ئەو شەرانەدا بەسەرکەوتوویی دەرچوە ، ئیستاش کە شورش لەم شەری مەیدانبازیەدا دژی ئەخشەی ئیمپریالیستی زایونی کونەپەرستانە وەستاوەو بۆ ئەو پێلانە کە دژی جەماوەرمان لە هەمو جیگایەک ئەکری بە گەرمی دانەپسێ ، ئەو بەم کارە ئەنهاتە ئامانجو بیروباوەڕەکانی جەماوەر ئەنوێنێ ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریکە کە نە لە تەواوبوون دێتو نە لە وەستان .

ئەم ماوە کورتەی رابورد بەردەکان لەسەر هەمو ڕووەکان داماڵرا ، خوەنی ئەو ڕوبوشانەش نیستا وا بەرەنگاری چارەنوسێکی ڕەش دەبن لە ئاکامی زنجیرەی ئەو تاوانانەی کە دژی کەرامەتو ئازادیو بوونی مرۆڤ کردویانەو وبوەتە هۆی کشانیان بەرەو مێزی گفتوگۆی سەرشۆڕانەی جنیف ، ئەو مێزەی لەوانەیە هەرگیز پێی نەگەن .

لە شەڕی

چاک دەستی بریم

باوکی بەختیار

واری کەوت هاوڕێکەم هێندی بارەی مەراتی دەست کەوتبو لەئەن هێندێ بارەی ترکە بەکونرەوەری باشەکەوتی کردبو ، هاتەلام تارنگەی بۆ دابنێم چون خانوەکەی دروست بکات یەک سەر رووم تێ کردو وتم ئەری کاکە ئانی شوانت خوارنوە کێ نیستا خوی دۆڕاری خانو دروستکردن دەکات ، مانت ئاوەدان بارەکەت هەڵبگرە خوت توش ئەم سەرئیشەیە مەکە . دیاربو بیرسودبو هاوڕێ کەم بێیان لێ کردۆتە کەوش دەبێت هەرخانو بکاتو ئەو نەخشەیەی کە برای ژنەکەی کێشماویەتی هەر ئەودیش بێت نەخشەی خانوەکە دیسانەوە رووم تێ کرد ووتم برا وەرە تف لە شەیتان بکەو ئەم خەیاڵە لەسەرت لابە هاوڕی کەم ووتی ئەری باوکم خو من نەهاتم تو لە ڕێگەم دەربکەیت ئەگەر ژنەکەم بەمە دەزانێت خاکت بەتورەکە دەبێژێت .

ووتم کاکە ئەخاکم بەتورەکە بێژنو ئەهیچ فەرمو بابجینەلای چەند وەستایەک تابزانین ڕیدەکەوین یان نا؟ بەڵی سەرتان نەیەشێنم چوینەلای چەند وەستایەکی خانو دروست کردن . ئیستاکە سەیرە (تەنەکەچی وەستای خانوە ، بانگوشی جاران وەستایە ، نانەوا وەستایە ، ئاسن گەر وەستایە ، قەسساب وەستایە قاچاچی وەستایە ، قوربە سەرمان جاران هەر وەستاعلی بو نیستا ، بە هەزاران وەستا علی هالە کاردا ، قسەیش لەتەل کامیان دەکەیت جاری هیچ جوابیک نادەن بەدەستەوە ، بەڵی سارێگەمان کەوتە لای وەستایەک ناوی .. بەڕاستی چاک هاتە پێشمەوە . جاری ، ەشایەکی نەخشەکەی کردو جگەرەیەکی پێک هێناو نەفەسێکی باشی لێداو لەبەر خویەوە دەستی کرد بە ووردە حساب ، تاوتاو دەیووت ئەئێ باشە باشە ، منو هاوڕێ کەیشم سەیری یەکترمان دەکرد ، دوکانەکەیش یەکێک دێتو یەکێک دەروات وەستا .. جگەرەی روسمان دەکێشێ ، بە فیزەوە جگرەکە دەنێت بەسەر لێوەوەو قسەیش دەکات ئایەم بەزمە خەریکە سەرمان لێدەشێوێنێت هەرچونێ بو سەرمان شورکرد کەوتینە معاملە لە ئەنجامدا (٧٠٠) حەوت صەد دیناری پێشەکی لێوەرگرتین وسەنەدی امضاکردو شڵێنکی تەری پێدا دانیو هەڵسا لەبەرمان ، دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی خلقەکەی ، روڵە بەیانی دەچنەسەر زەویەکە خەت ئەرێن ، حەوز هەڵ دەکەن خیرا چیمەنتو وەرگرە (١٠) دەنەن بخە لموچەو بخە کرێکار بەرە لە تەل خۆتا سنگەکانت لە بیرنەچێت فیتەبەرە لەگەل خۆت خویشم دەچمە تابولەویوە دێمە لاتان . هاتەوە بارە بالەلات بە سەهول بکرە بو کرێکارەکان ، زوو دەست بکەن بە ئەرز هەڵ کەندن خۆڵەکان دوربخەنەوە لە چالەکان هەر دەمەوێت بەیانی هەموو شتێک تەواو بکەیت .

کاکی خویندەوار ئیستاکە ئەمە سێ مانگە وەستا محمد سوارو ئەمە پیادە ، هاوڕێ کەم دەڵیت شکات دەکەم ئەم کابرایە دەستی برین . ئای جیم بەخوم کرد بو بەقسەی توم ئەکرد ، هەر بارەکەم دەست کەوێت خانوم ناویت .

Institut kurde de Paris

شێرزاد خەلیل : وەرزش خۆراکەو پێویستی رۆژانەی مرۆڤە

مەسەلەی سەرکەوتنی هەر یاری کەرێك بەپێی ئەو یاریـ یەی کە خۆی هەڵیئەبژێری هەمووی ئەگەڕێتەوە سەر چیرۆ هەوەسی خۆی ... « شێرزاد خەلیل » یەکێکە لەو یاریـ کەرانەی کە لەناویاری تۆپی پێدا تا رادەیەك ناسراوە لە عێراقانەك هەر لە ناوچەی ئوتونۆمی دەوری ئولچی نەبینێ ، وە ئەتوانم بڵێم ئەگەر خۆی لە دووەمی هەموو عێراق نەدا لە دەورەکەی ئەمە بێشك هەر سێیەمە ... بێ‌گومان نیستا کە شێرزاد لە تیپی هەڵبژاردەی پۆلیسی هەولێر یاری ئەکا وەك یاریکەرێکی زاناو هێمن ... بۆیە بە پێویستمان زانی هەرچەند ناسراوە لەناو جەماوەری وەرزشدا ، بەڵام چەند شتێك هەیە لە دەروونی یاری کەردا پێویستە دەری‌بخا ...

● وەرزش بەلاتەوە چی نە ئەیەنێ ؟

(وەرزش ئەستێرەیەکە شان‌بەشانی هونەرو ئەدەبە کە لە ئاستی مرۆڤایەتی‌دا ئەدرەوشێتەوە) .

● کام رێباز پەسند ئەکەیت ، بەلای خۆتەوە ؟

ـ هەرچەند من زیاتر ئەبێ ملتزم بم بەو ئەزکارەی ئەیانبینێ تەو مەشقەی کە بەلایەن مەشق‌دەرەکەوە ئەمدانێ ، بەڵام لە هەمان کات من خۆشم لەگەل خۆما ماندوو ئەکەم ... وە ئەمەش شتێکی زۆر پێویستە تاکو زیاتر متمانە لەسەر مەشقی زانستی نوێ ئەکەم ...

● لە دەرەوەی عێراق هیچ یاری‌یەکت کردووە ؟

ـ پێشەکی تیپی (نیفجی) سوفیەتی سەری‌دا لە شاری هەولێر ئەو یاری‌یەدا بەشداریم کردووە ... وە تیپی هەڵبژاردەی هەولێر ئەشتێکی کرد بە سوریا لەگەل چەند یەرەیەك یاریەن کرد وەك :ـ یاری عەری‌و یەکەی حەسەن یانەی فاشلی وە لە هەموو یاری‌یەکانا سەرکەوتین ...

● ئەو سەرکەوتنەتان چۆن بەدەست هێنرا ؟

ـ هەر لەویوە پەرمان لەوە کردەوە ئیمەش ئەبێ وەك هەموو هاوولاتیەکی‌تر لە عێراق هەولی بنیات نانو بەرەو پێشەوە بدەین .. چونکە ئیمەش خەڵمان هەیە ... کە عێراقی خۆشەویستە .

● چیتر ؟

ـ لە بەر ئەوەی ئێمە لە مەبەدی ئۆتۆنۆمین پێویستە تیپی پۆلیسی هەولێر بکرێت بە پلەی یەك بۆ دەوری هەموو وڵاتەکو بەشداربین لەگەل تیپەکانی تر لە دەوری وە نازانم بۆچی تیپی هەڵبژاردەی هەولێر تەنها لەگەل یەك‌بوو پێش نیستا ، بەڵام لەگەل دەرچوونی نیزامی (یانەکان) کشایەوە پاش .. هیوادارم لیپرسراوان چارەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە دابنێن ...

جەلال

بخۆو .. بڕۆ بۆ مەلەکردن و .. لەکاتی وەرزشدا ئاو بخۆرەوە

● ئەتەوێ بە هێزبی ؟!

هەتا ئەتەر پێست‌ساییش بێ لەیاری‌یەوەرزشیەکان نزیك نەبوبیتەوە .. بە ئاسانی ئەتوانی ئەمەیکەی ! واش مەزانە مەسەلەکە پێویستی بە زانیاریەکی ئەورە هەیە .. ئەوی راستی بێ .. تەنیا ١٢٠ دەقیقە بۆ بەهێزبوونت پێویستەو ئەم وەختەش بە معدل ٣٠ دەقیقە بۆ هەرهەفتەیەك دابەش کراوە .

هەنگاوی یەکەم .. باوەڕبوونی تەواوتە بەپێویستی مەشقی وەرزشی ..

هەنگاوی دووەم : دانانی بەرنامەیەك بو وەختەکانت بەجۆرێ .. وەختە کە بایەخی هەبێ لەلات‌و مەشقی تیابکەیت‌و نابێ بەهیچ جۆری ئەو مەشقە پشت گوێ بخری ..

هەنگاوی سێیەم ئەوەیە ، کە ئەو مەشقانە بەراستی جێبەجێ بکەی .

لەوانەیە هەندێ وابزانن کە چونە عومرە وە بیانویەکە بۆ مەشق نەکردن . بەڵام لەراستی‌دا پێویستە چونە عومرەوە هانەدرێن بۆ مەشق کردن .

● دەسەلاتی هەمیشەیی بەسەرکیشەی خۆتا

کوسپی بنەڕەتی لە رێگای مرۆڤا کە کار ئەکاتە سەر هێزو توانای زیاد بوونی فورسایی کێشەکەیەتی ؟ بەڵام مەسەلەی رزگاربوون لە فورسایی کیش بۆتە کیروگرفت !!

نیستا ، ئەبێ بۆ لەناو بردنی (رطل)ی چەورایی زیادە لە لەشمدا ، لە یەك هەفتەدا ، چی‌بکەی باشە ؟!

چاکترین هو .. دوو رێگا یەکەم : دیاری کردنی میقداری خواردە مەنی بەراده یەکی شیاو ..

دووەم : زیادکردنی چالاکیەکانی لەش !

شتی وەهمی کۆن خۆی ئەباندۆنە ناحمانەوە ، تاوای لێهاتوە وەك حەقیقەتی لێهاتوە .

یەکی لەوانە :

کوایە ، لەکاتی هیلاك بونا ئاو مەخۆرەوە !

بەڵام ، لەراستی‌دا .. زانستی نوێ .. بەپێچەوانەوە ئەڵێ ..

باوای دابنێین ، تۆ وا حەز ئەکەی بەیانیان چەند مەشقێکی وەرزشی بکەی ..

ئامۆژگاری ئەوەیە : بەر لە دەست کردن بەمەشق پەرداخێ ئاو بخۆرەوە ، ئەو راستی‌یە ئاشکرایە کە لەشی مرۆڤ لە ژمارەیەکی زۆری « خەلایا » دروست بوە کە پێویستی بە وزەیە ئابتوانی ئەرکی خۆی راپەڕێنێ . لیرەوە .. ئەو وزەیەش .. لە سوڕانەوەی خۆین وەرئەگرێ .

خواردنی شیرینی بەر لە نیشوکاری کە پێویست بەهیلاك بوونی لەش بکا . توانای مرۆڤ لە راپەراندنی ئەو کارەدا زیاد ئەکا !.

لە راستی‌دا وانیە ، لەوانەیە شیرینی خواردن بەرلەکارکردن زیانی زیاربێ لەسوود !

هەتا ئەوانەی پەرداخی لیموی شیرین یان کەوچکی هەنگوین ئەخۆن ، ئەکەونە هەمان هەڵەوە .

جا ئەگەینە حەکیەتی گوشت خواردن :

ژمارەیەکی زۆر لە وەرزشە وانەکان باوەڕیان وایە کە زۆر گوشت خواردن هیزوتین ئەدا بەلەش ، کە چی‌واش نیە !

کەوانە .. نیستا چی‌بکەی باشمە ، تا بەتوانایی‌و لاویەتیت بپارێزی ؟!

ئەوەی پێویستە ئاسانە :

● هەردوو دەست‌و هەردوو قاچت بەپێی توانا بکەرەوەو لینکی‌بەرەوە .

● بەرێکو پێکی ئەوەزامن بکە کە ماوەی راوەستانی رۆژانەت .. هەمووی بکاتە دووسەعات .

● هەر شتێکی قورست دەست‌کەوت .. هەوڵبدە بۆ ماوەی (٥) سانیە هەڵیبگری .

● هەر مەشقێکی وەرزشی بێ کە (نەبزت) بکەیەنێتە (١٢٠ر٠٠٠٠٠) بیکەبۆ ماوەی سێ دەقیقە لەرۆژێکا .

● ئەبێ کارێکی هیلاك کردنی لەش بکەی بەجۆری لە رۆژێکا (٣٠٠) سیمرە لە لەشت بسوتێنێ .

نیستاش .. ئەگەر بەکاروباری رۆژانە تا بچیتەوە وا هەست ئەکەی بەشی زۆری پێویستیت بەجێ هێناوە .

بان ئەوەندە بەسە ئەوەی ئەیکەیت پەرەی پێبدەی تا ئەوەی پێویستە بەئەقەڵلایەکی کەم جێبەجێ بێ .

راوەستان ئەمانە ئەگریتەوە: راوەستانی کاتی ئیش ، کاتی سەرئاشین ، کاتی ناومال رێکخستن .

ئەهمیەتی راوەستان

سەلامەتی دەورەی خوین ئیسقان ریك ئەخات .. ئەوەی زۆر لەناو جێگادا بمێنێتەوە توشی‌بێ هیزی ئیسقان ئەبێ .

جا ئەم ئامۆژگاریانەت باش لەبیربێ :

ـ ئەگەر توانیت دانیشی .. رامەکشێ ..

ـ ئەگەر توانیت بوەستی .. دامەنیشە !

لەدواییدا .. ئەگەر توانیت بچۆڕی .. رامەوەستە !!

★

بەیانی ژمارە (٢٠)ی‌ساڵی ١٩٧٠ لە وەزارەتی بازرگانی ناوخۆوە

بەپێی بریاری ئەنجومەنی‌ـ رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٩٢٠) لە ٢٧ـ١٠ـ١٩٧٦دا نرخی شتن‌و چەورکردنی ئوتومبیل لە گەراجەکانی شتن‌و چەورکردن بەم‌جۆرەئەبێ :

ئەکەم : نرخی شتن‌و چەورکردن بەم‌جۆرەئەبێ :

جۆری ئوتومبیل	نرخی شتن فلس	نرخی چەورکردن فلس	نرخی هەردووکیان فلس
ئوتومبیلی تایبەتی	٦٧٥	١٥٠	٨٢٥
ئوتومبیلی تاکسی	٧٧٥	١٥٠	٩٢٥
ئوتومبیلی پیکاب	١ر٠٠٠	١٧٥	١١٧٥
ئوتومبیلی بارهەڵگرتن	١ر٩٥٠	٣٥٠	٢٣٠٠

دووەم : شتن‌و چەورکردن ئەم مواسەفەتانە ئەگرێتەوە :

١ ـ شتن :

١ ـ پاك‌کردنەوەی‌ئوتومبیلەـ کە لەناوەوە بەبەکارهێنانی هەوابۆ پاکردنەوەی هەمو تەپ‌ وتۆزی‌دوای پاك‌کردنەوەی‌بەهوی سابون‌و ئاوەوەو وشك‌کردنەوەی بە باشی .

٢ ـ پاکردنەوەو شتنی‌مەکینەبە گازو هەوا بۆپاکردنەوەی‌ئەو چەوریەی پێوەی نووساوە .

٢ ـ گوڕینی فلتر و رۆن‌لەگەل نرخە دیاریکراوەکەدا ئەبێ .

٣ ـ پاکردنەوەی ئوتومبیل لە دەرەوە بەبەکارهێنانی شامبۆی تایبەتی پاکردنەوەی ئوتومبیل ، شتنی لە بنەوەولێ‌کردنەوەی هەموو ئەوشتانەی‌پێوەی نووساوە دوای بەرزکردنەوەی بە جەك .

٤ ـ وشك کردنەوەی‌بەهوی قوماشی شیاو بۆئوتومبیل .

ب ـ چەور کردن‌و گۆڕینی‌ـ رۆن :

١ ـ چەور کردنی بەبەرزکردنەوەی ئوتومبیل‌بەهوی جەکەوە یان لە سەر (جفر) و چەورکردنی هەموو شوێنەکانی‌کە پیویست بەچەورکردن ئەکات هەروەها پاتری‌و دەرگاکانی‌و ئەو شوێنانەی تری پێویستن .

٣ ـ ئەو نرخەی لە جدولەکەی سەرەوە دیاری‌کراوەبەرزترین رادەیە ، بەڵام نرخی رۆن بە پێی نرخی دیاری‌کراوی رەسمی خۆی‌ئەبێ .

جـ ـ ئەبێ مواسەفات‌و نرخەکان بەدرێژی‌و بەدیاری‌لە هەموو گەراجەکاندا هەڵواسرێ‌و خاوەن گەراج‌ملزمەبە کردنەوەی دەفتەرێ کە هەموو ئەو ئوتومبیلانەی یەنە لایان بۆ شتن‌و چەور کردن‌تیایا ئەنووسرێ لەگەل ئەو دەسکەوتەی لەو کارەدا بەرامبەر هەموو ئوتۆمۆبیلێك.

د ـ ئەقابەی گشتی کرێکارانی کاروباری میکانیکی‌بەربرسیارە لە چاودێری جێ بەجێ کردنی ئەم بریارە بەهۆی‌چاودێری‌یەکی بەکارەوەو لەرێی لیژنە ئەقابیەکانی ئەو گەراجانەوە بێجگە لە چاودێری‌میللی‌و هەرکەسێکی سەرپێچی کرد بە پێی حوکمی یاسای رێکخستنی بازرگانی ئەدرێ بەدادگا .

سێیەم : هەموو لایەنەدیاری کراوەکان لەسەریانەلە ١ ـ ١ ـ ١٩٧٧وە ئەم بریارە جێبەجێ بکەن‌و سەرپێچی کەر بەپێی یاسای رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٤ معدل‌سزائەدری .

وەزیری بازرگانی ناوخۆ
حسن عل

یاریی جودو

● یاری جودو بەیەکێ لەویاری‌یە کۆنانە دادەنرێت کەلەکۆنەدا زاپونەکان وچینیەکان دەیان‌کرد .. لەئەنجامی ئەمانیش‌داکۆری‌یەکان‌و ئەلانی رۆژهەڵاتی ناسیا .. پاشان ئەم یاری‌یە بەهەموو جیهان‌دا بڵاوبۆوە ..

● ئەم یاری‌یە لە پێش هەموو شتێکا باوەڕدەکاتە سەرهونەری یاری‌زانی‌و شێوەی راهێنانەکەی .

● ئەم یاری‌یە باشترین رێگایە بۆ یەکێك ئەگەر بیەوێ بەسەر یەکێك‌دا زاڵ‌بێت لەخۆی گەورەتر بیت لە باڵو کێش‌و هێزدا .

● یاری (جودو) هەموو شێوەیەکی رێك‌وپێك‌و سەرکەوتووانە ..

وەیاری زان والێدەکات کەباوەڕی بەخۆی بێت ..

● یەکەم یەکێتی وولاتان بۆیاری « جودو » ساڵی ١٩٥٢ کرا کە (٣١) یاری‌زان لە (٢١) وولاتەوە بەشداریان تیاکردبوو .. وە دووەم پالەوانێتی جیهان بۆ ئەم یاری‌یە لەساڵی ١٩٥٧دا کێبڕا کە (٣٢١) یاری‌زان یانەیەکیان کردەوە بۆ ئەم جیهانی « کۆمەڵەی بەریتانیا دامەزرا کە لە (٧) وولات یاری‌یە بەجۆرێکی وا لە ساڵی ١٩٥٧دا ژمارەی یانەکانی گەیشتە (٥٤٠) یانە .

● لە وولاتە یەکگرتووەکانی (٢٨) وولاتەوە بەشداریان تیدا کردبوو . ئەوەی شایەنی نووسینە یاری‌زانە زاپونەکان لەهەموو ئەم یاری‌یە بالەوانیە تانەدا سەرکەوتوی یەکەم بوون ..

● پاش شەڕی دووەمی جیهانی « کۆمەڵەی بەریتانیا ئەمەریکاو ساڵی ١٩٠٢دا ئەم یاریە چووە بەرنامەی سوپایی‌یەوە . وە لەساڵی ١٩٥٢دا « رێکخراوی جیهانی بۆ یاری جودو » دامەزرا .. نیستاس هەیەو کاری خۆی ئەبات بەڕێوە .



● ● ●

کتێبخانەی گشتی هەولێر لە کوێ نشینی دایە

کتێبخانە وەك مەلبەندێکی گشتی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بەرەپێدانی بزووتنەوەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی زانستی نوێ لە نێوان کۆمەڵدا بۆ بەرەوپێشەوە چوونی خێرای تێگەیاندن و فێربوون لە سەر بنچینەیەکی نوێ • وولاتان بایەخێکی بێسنوور دەدەنە کتێبخانە و ساڵێ سەدەها دینار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ئەکەن، ئەمڕۆش بەپێی تاقی کردنەوەو پرۆگرامی شۆڕش بۆ لایەنی رۆشنبیری و بایەخ دان بە بەرەپێدانی زانیاری نوێ و رۆشنبیری راستەقینە چەندەها کتێبخانە لە ناوچەکانی وولاتدا بەرچاو ئەکەوێ و هەموو جۆرە کتێبێن لەم کتێبخانانەدا چنگ ئەکەوێ •

لە شاری هەولێردا ، کتێبخانەیەکی گشتی هەیەکە لە ساڵی ١٩٤٧ دەستی کرد بە ئیش کردن ، کتێبخانەکە ساڵ بەساڵ لە پێشکەوتندایەو ئەمڕۆ ژمارەیەکی یەجگار زۆر لەهاوڵاتیان لە هەمەرو لایەنێکەوە روی تێ ئەکەن و رۆژێ ژمارەیەکی زۆر کتێبی هەمە جەشنەی لێ ئەخوازن •• لەماوەی ئەو سەردانەدا کە کردمانە کتێبخانەکە لەگەڵ مامۆستای بەڕێوەبەر « کاظم ئەیوب » کە سەرنجمان دایا جاڵاکیەکانی ئەم کتێبخانە وتی : کتێبخانەی گشتی هەولێر وەك دوز تایەکی رۆشنبیری و هونەری یەمەبەستی زامن کردنی پێویستی هاوڵاتیان دانراوە لەرووی چنگ کەوتنی کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان بەشێوەیەکی ئاسان کە بتوانێ باری رۆشنبیری و تێگەیشتنی کۆمەڵ بخاتە قۆناغێکی تازەوەو لەگەڵ رووە پێشکەوتووەکانی تری ئەم سەردەمە بڕواتو ببێتە سەرەتای گۆڕانێك لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا • هەروەها وتی : ئەوەی راستی بێ ، کتێبخانەی هەولێر لەرووی کتێبدا هەتا بڵێی دەوڵەمەندە ، وە بڕوام وایە بەدەگمەن کتێب هەیە لەلامان دەست نەکەوێ ، چونکە توانای کتێبخانەکەمان و هەستی بەرپرسیاری کاربەدەستان بۆتە مایەی ئەمێشتنی گەورەترین گیرو گرفت کەجاران لەم کتێبخانەدا بەرچاو ئەکەوت • ئەمڕۆ زیاتر لە (٢٦) هەزار کتێبی هەمەجەشنەمان هەیە لە هەموو لایەنەکانی (زمانەوانی) و (ئەدەبی) و (بەروەردەیی) و (رامیاری) و (فەلسەفی) و (ئایینی) و (زانیاری) و (مێژوویی) و هەموو بایەتەکانی تر • وە چۆنیەتی ژمارەی کتێبەکان وەك لە پێرستی کتێبخانەکەماندا دیار کراوە بەم جۆرەیە : ژمارەی کتێبە زمانەوانیەکان ئەمانە بێت لە (٢٢٦٤) کتێب • وە ئەدەبی عەرەبی (٣٨١٨) کتێب ئەگێڕێتە خۆی • لەرووی کتێبی جۆراو جۆری کۆمەڵایەتیشەوە لیستەی ژمارەیان گەیشتۆتە (١٨٠٥) کتێب • هەروەها بایەخمان داوەتە لایەنی مێژوویی کەبەتایبەتی قوناغەکان لە قۆناغەکانی خوێندندا سوودی لێ وەرئەگرن و ئێستاکە (٥٤٢٠) کتێبی مێژوویی و جوغرافیمان هەیە • وە بەشێکی تر لە کتێبخانەکەدا بەکتێبی « یاساکان » رازاوەتەوە کە خۆی ئەدا لە (١٤٤٦) کتێب ، جگە لە نزیکەی (١٨٦٨) کتێبی زانیاری و (١٤٠٠٠) کتێبی ئایینی • وە لەرووی پەروەردەشەوە (١٨٤٢) کتێب هەیە لە پلەیەکی ئەوتۆ کە بەدەگمەن ئەم کتێبانە لەشوێنی تردا دەست ئەکەون• لەرووی چیرۆك و رۆمانەوەش ژمارەی کتێبەکان ئەگاتە (٢٢٥٠) کتێب • سەرباری هەموو ئەمانە بەشێکی تایبەتی لە کتێبخانەکەماندا بۆ کتێبی هەمەچەشنی قوتابخانەکان کراوەتەوە کە (٨٠٢) کتێبی ئاشتی و (١٨٤٠) کتێبی وەرزشی یە ، لەگەڵ (١٣٥٢) کتێبی کوردی و (٦١٥) کتێب بەناوی « فەلەستینیەکان » • ئاشمەوێ نکۆڵی لەوە بکەم زیاتر لە (١٠٠٠٠) گۆڤارو رۆژنامەی هەمەجۆرمان لادەست ئەکەوێ • هەموو ئەمانە ، هانی خوێنەران ئەدەن بەردەوام بەیوەندی لەگەڵ کتێبخانەکەدا ئەبێرن و رەختنگی زۆر لەژیانی خۆیان بە کتێب خوێندنەوە بەسەربەرن بە مەبەستی بەیدابوونی گەنجینەیەکی فیکری و دەوڵەمەند بوونی هەستی رۆشنبیریان • ویستمان مامۆستا « کاظم » ئەم لایەنە زیاتر روون کاتەوە وبەراوورد بکات لەگەڵ ساڵانی پێشوولەوەلامی پرسیارەکانی « هاوکاری » وتی : زۆربوونی خوێندەری کتێب بەسترا وەتەوە بەپەرەپێدانی رادەی رۆشنبیری کۆمەڵ ، وەتا هۆشمەندی نەبێ ، کومانی تیانیە خوێندەری زیرەك نابێ • ئینجا بە گوێرەی ئەو کۆڕانەی ئەمڕۆ لەدووای دەسەڵاتی شۆڕش هاتە کایەوە رادەی تێگەیشتنی هاوولاتیان بەرز بووەوەو ئەوەتا هەر بۆ نموونە تەنیا ئەمساڵ (٧) هەزار کەس کتێبیان لەم کتێبخانەدا خواستووە • وە رادەیەکی زۆر لە کتێبەکانمان بەشێوەیەکی رێك وپێك و بەبەرگێکی رازاوە بەرگ کراون بۆ زیاتر سوود وەرگرتن • ئێمەش بەپێی زۆربوونی خوێندەواران خەریکی کڕینی هەموو کتێبێکی تازە ئەبین و هەوڵ ئەدەین کتێبخانەکەمان لەتاقە کتێبێکی نوێ بێبەش نەبێ ، بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر هان بدەین بۆ خوێندنەوە کە بەلای ئێمەوە گەورەترین پێویستی ئەمڕۆیە •

بەڵام لەرووی وورده گیرو گرفتەکانی کتێبخانەی گشتی مامۆستای بەڕێوەبەر وتی : لەراستیدا هەست بەگیرو گرفتێکی واناکەین لە ئەبوونی بینایەکی تایبەتی فراوان بەوڵاوە •

شیرزاد عبدالرحمان
بەڕامبەری هاوکاری لەهەولێر

ویژە

قوربانیەك

● بەپێی رۆژی ٢٠ی مانگی تشرینی دووەم بوو ، بەپێی هەتاوی رۆژئاوایی ، کاتی ڕاگەیاندنی ئیشەکەم ئەبری ••• لە شوێنێکی پیس و پەیەڵی راوەستانی توتۆمبیلەکانا کۆمەڵێ خەڵکی زۆرم دی ••• سەرەتا نکۆڵیان لەمەڵ دیمەنی لاوێکدا ئەکرد ••• ڤزی بۆ ••• رووی چلکن •• فانیلە رەشەکەی بەری ••• لەسەر ئەو زەویە پیسە ئەئەوژا ، بەناچاری هەوڵی ئەدا هەڵستێتەوەپێ ، بەڵام هەموو جاری ئەکەوتەوە بەزەویدا • پانتۆڵەکەی بەرەخوارو سۆڕبوبووەوە ••• دیمەنێکی بێ ئەش بوو •• کە هەموو رووی لە زۆر لای دنیادا دووبارە ئەبێتەوە ، کاتێ ئەم لاوەو بەو شێوە شوورەییە لە لایەکی بەقامی « شیخ عمر » لە بەغدا کەوتوە ، ئەو نوێترین شەقامی لەندەن و بۆنۆ ئەمستردام و نیویورك چەندانی تری وا کەوتون بەچاوەگیرو تێك چوودکانیان ••• سەیری هێزەکەی خۆیان ئەکەن کە لە ڕاتۆڤە جوانەکانیانەوە بەتەخواری •• ئەمە سەرەرای ئەوەی تە بەشکەوتو شوێنە نهێنەکانداو لەناو تلیاك خۆرەکانا رووئەدا •

● کونگرەی جیهانی لەناوبردنی کەرەستەکانی سەرخۆشی و بەکارهێنانی داوودەرمان ، کونگرەیەکی مرۆڤایەتی ئەوزەیە •• هیوای ئەوەی لێ ئەخوازین ، بریارو ئامۆژگاری وای لێ دەرچێ ••• ژمارەیەکی زۆر لەو ئەگبەتانە رزگاربکات کە گیرۆدەی خواردنەوەی سەرخۆش کردن بوون •

— بەدریژە ••• —

هەموو بە هرەیەك لە یەك هونەر دا

دڵخۆشی و شادمانی ، هاوری یەکی نوێیە لە عیراقی شۆڕشدا ، ئیستا ئێمە لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و هونەری یەوە بەگۆڕانێکی بنەڕەتی دا ئەڕۆین ، لەبەرئەوە، گەورەترین هەڵ لەبەردەم خاوەن بەهرەکاندایە ، ماوەی « بەخت » تەسك تر بوە ••

● زید عباس

لەرووی سینەماوە ، تەنیا نشونمادایە ، هەروەها ئامرازو نیەت چاکی و باوەڕ بەخۆبوون ڕێکخراوە کانیش ، لەسەر ئەم بەس نیە ، بەڵکو باوەڕبونیش بە سینەما خۆی ، وەك ئەداتێکی دەربڕین کە ناگونجێ دەستی لێ هەڵبگیرێ • سینەما وەك لەرابوردوا هەڵەشەییەکی کورت خایەن بوو ، ئیستا وانیە ، ئیستا ئێمە لە سەردەمی دەسکردنەوەداین بەرامبەر ئیش کردن ، ئیش لەسەر بنەڕەتی نەخشەی زانستی ، لەبەر ئەوە ، هیشتا پێویستمان بە باوەری گەورەتر هەیە بەوەی کە هونەری سینمایی بیویستیەکی شارستانیە قوناغەکانی بەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی ئەکا ، هەروەك کۆمەڵ هەمیشە لە پێشکەوتنایە ، هونەرو پیشەسازیش بەردەوام لە کردنەوەی سینەماوە بەرەو کردنەوەی کۆمەڵی یاریدە دەریان هەیە ، بەڵکو باوەڕبونیش بە سینەما خۆی ، وەك ئەداتێکی دەربڕین کە ناگونجێ دەستی لێ هەڵبگیرێ • سینەما وەك لەرابوردوا هەڵەشەییەکی کورت خایەن بوو ، ئیستا وانیە ، ئیستا ئێمە لە سەردەمی دەسکردنەوەداین بەرامبەر ئیش کردن ، ئیش لەسەر بنەڕەتی نەخشەی زانستی ، لەبەر ئەوە ، هیشتا پێویستمان بە باوەری گەورەتر هەیە بەوەی کە هونەری سینمایی بیویستیەکی شارستانیە قوناغەکانی بەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی ئەکا ، هەروەك کۆمەڵ هەمیشە لە پێشکەوتنایە ، هونەرو پیشەسازیش بەردەوام لە کردنەوەی سینەماوە بەرەو کردنەوەی کۆمەڵی یاریدە دەریان هەیە ، بەڵکو باوەڕبونیش بە سینەما خۆی ، وەك ئەداتێکی دەربڕین کە ناگونجێ دەستی لێ هەڵبگیرێ • سینەما وەك لەرابوردوا هەڵەشەییەکی کورت خایەن بوو ، ئیستا وانیە ، ئیستا ئێمە لە سەردەمی دەسکردنەوەداین بەرامبەر ئیش کردن ، ئیش لەسەر بنەڕەتی نەخشەی زانستی ، لەبەر ئەوە ، هیشتا پێویستمان بە باوەری گەورەتر هەیە بەوەی کە هونەری سینمایی بیویستیەکی شارستانیە قوناغەکانی بەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی ئەکا ، هەروەك کۆمەڵ هەمیشە لە پێشکەوتنایە ، هونەرو پیشەسازیش بەردەوام لە



هەنگ ••) هەریەکی لەمانەش کۆمەڵی یاریدە دەریان هەیە، ئەمانەش هەموو هەونی ئەوە ئەدەن یەکسانیەك لە ئیشو کاریانا بەسەرکردایەتی پیاویکی بەهێز کە ئاوی (دەرهێنەر)ە زامن بکەن ، چا لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی ئەڵی (دەرهێنەر تاکە لێپرسراوە لە فلیمەکە) قسەیەکی ساکارە ، چونکە لەم کارە هونەریەدا بەرپرسیاری بەکۆمەڵەو هەموو پیشکەوتنی سینەمایی ئەگرتەوە •

چا ، ئەگەر « نوسەری سیناریو » لەگەڵ وشەدا مامەڵە ئەکاتو « دەرهێنەر » لە گەڵ ئەکتەردا ئەوا، مۆنتێر، مامەڵەی لەگەڵ خودی فلیمەکەدا ، چا بۆئەوەی بەتەواوی لەنەرکی بنەڕەتی مۆنتێر بکەین ، چوین بۆ دەزگای گشتی سینەماو شانۆو چاومان بەسەروکی بەشی « مونتاج » کەوت کەوتی :

— مۆنتێر ، ئەو شریتانە وەرئەگری کە تۆمار کراون ، یا ئەو شریتانەی دەنگیان لەسەر تۆمار کراوە ، لە راستیدا شریتەکان بۆمۆنتێر وەك ماددەی خاو وایە کە ئەیباتە « مونتاج »و لەسەر جیهازی « مۆفیۆلا » پیشانی ئەدات و بەپێی ئەو سیناریویەی بۆی ئامادە کراوە یان بەپێی ئەو ئەخشمەپێی پی وتراوە دەست ئەکات بە پارچە پارچەکردنی فلیمەکەو ئەیکات بە چەند بەشێکەوە ئەو پارانەی بەکەلك نایەن یان باش و ئەیان ئەگیراوە لایان ئەخات ، ئینجا دەست ئەکا بە دروست کردنی فلیمە کە بە پێی ئینجیلی سیناریوکە • بەکورتی پارچە پارچە کردن و دروستکردنی فلیمەکەدا دەبێ •

● ئەو کۆسپانە چین دێنە ڕێگای کاری مونتێر

— ئەو کۆسپانەیە دێنە ڕێگای ئیشوکاری مۆنتێر بەیوەندی بە جیهازەکانی ئیشوکاریەوە نیە ، چونکە نوی ترین جیهاز کە ئیستا لە جیهانا ئیشی پێئەکرێ ، لامانە ، بەڵکو هەندی جار مونتێر شریتی وای دێتە لا وئەمەی باش ئەگیراوەو زۆر عەیبی دەرهێنانی تیایە ، بەر ئەوە مۆنتێر رێگایەکی دیاری ئیشوکاری لەبەردەما نابێ ، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو ماددەی باش کەوا ئەکات [illegible] بتوانی پاریز [illegible] ئەو یەکی ئەو ماددەو وێنە گیراوە بکات کە دەرهێنراوەئەوسا بەشداری مونتێرخۆیشی لە قول کردنەوەی خەتی دراما [illegible] فلیمەکەدا دەبێ •

لێکۆڵینەوەیەکی خێرا

کردنەوەی پێی ئەوترێ « مونتاج » •

● باشە ئەم جیهازی « مۆفیۆلا » یە چۆن ئیش ئەکا ؟!

— ئەم جیهازی « مۆفیۆلا » یە بەشێکی بۆدەنگە شریتی دەنگی پیا ئەروات ، بەشێکی بۆ وینەیە کە شریتی وێنە گیراوەکانی پیاڵەروا ، هەردوو شریتەکە بەپێی خیرایی پیویست ئەرۆن کە ٢٤ کادرە لە یەك چرکەدا ، جا ئەتوانرێ هەردوو بەیەکەوە ئیش بکەن یان هەریەکەیان بەجیا •

مۆنتێر بۆ کارەکەی جیهازی مۆفیۆلا بەکارئەهێنێ • کە هەموو بەشەکانی بەوردی سەرنج ئەدرێ ، ئەك هەر ئەوە بەڵکو هەموو کادر « وێنە »یەك ئەنەر پێویست بوو بەتەنیا ، هەر بەهۆی ئەم جیهازەشەوە . شوێنی برینەکان دیاری ئەکرێ دوای ئەوەی ئیشانەیەکی دیاری کراو لە شوێنەکەدا دانەنرێ و لەپاشا بەهۆی جیهازێکی بچوك ترەوە ئەبرێ کە « بڕەری » پێئەوترێ ، کە هەرخۆشی جیهازی پێوەلکاندنە دوایی بەشە براوەکان لەشریتی وێنەو دەنگ لە ئالەتێکدا کە ئالەتی « چەسپاندن »ی پێئەوترێ دەنگ و وێنەکان لە هەموو کەرتەکانی فلیمەکەدا بەوردبینی چەسپ ئەکرین •

دیسان مامۆستا « کاظم العطری » ئەڵێ :

